


# ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

سەرنووسەر: ک. د. ئازاد

کاناڵی تێلگرامی: @Le_Daweni_Arbebawe

بانەمەڕی(گوڵان)   ٢٧٢١


| ناو: نووسەر، وەرگێڕ، شاعیر، هەنەرمەند... | بابەت: شێعر، پەخشان، وتار.. | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ساحێب.عابید حەسینی | وتاری ئەدەبی(مەلا کەریم سارده کۆسانی) | ٢ |
| ئیلام. رودوس فەیلی "مستەفا بەیگی" | شێعر دوو وەهارانە( فەیلی) | ٤ |
| سەقز. فەریدە کاکی | شێعر | ٥ |
| مەهاباد. سووتاو | شێعر | ٦ |
| بۆکان. هیدایەت ئازەری | وتاری ئەدەبی( ڕێزمان) | ٧ |
| مەهاباد.جەعفەر مەعرووف مەریوان. فاتێح تینوو ـ کەرەج.مێهدی | شێعر | ٨ |
| مەهاباد. شاهۆ موکریانی ـ بانە. نسار راد ـ ئارمردە. ڕامین فەرەجی | شێعر | ٩ |
| سەردەشت. خەمبارـ سەعید فەلاحی(زانا کوردستانی) | شێعر | ١٠ |
| غەفور کەسنەزانی، ژاکاو | شێعر | ١١ |
| دێلێڕان (دهلران).کیوومەرس مورادی | شێعر(کوردی فەیلی) | ١٢ |
| سەردەشت. قەلەندەر | شێعر | ١٣ |
| سەردەشت. ع. ئومید | شێعر | ١٤ |
| بانە. پەری خدری | چیرۆک | ١٥ |
| مەهاباد. ئیلاهە پیرۆتی "دلۆڤان" ـ مەریوان. ئاسۆ | شێعر | ١٦ |
| بۆکان. ڕێ زان ـ بانە. سەهەند حەسەن پوور | شێعر | ١٧ |
| موحیب مەهابادی ـ بۆکان. ئاسۆ | شێعر | ١٨ |
| مەریوان. ڕێناس جیهانی ـ مەریوان.کەریم قادری(تەنیا) | شێعر | ١٩ |
| مەریوان. کامیل داوەری ـ مەریوان. ڕەحیم جەوانرووودی(شکۆ) | شێعر | ٢٠ |
| مەریوان. م.خەیاڵ ـ پەرۆش مەریوان ـ بەیان دانیکەشی | شێعر | ٢١ |
| مەریوان. جەمال مەریوانی(هەڵبەست) ـ بۆکان. خوسرەوی | شێعر بۆ مناڵان | ٢٢ |
| باوکی نیشتمان | شێعر بۆ مناڵان | ٢٣ |
| بۆکان. ئەمین گەردیگلانی | وتاری ئەدەبی | ٢٤ |
| سنە. پژمان حەبیبی | وتاری ئەدەبی(...کەلەپووری کوردی) | ٢٨ |
| شاباد. ئەللامورادجەباریان ـ خەمبار | شێعر | ٢٩ |
| شنۆ. عومەر محەممەدی | وتاری ئەدەبی | ٣٠ |
| مەریوان. ڕەفیق بێزارـ بانە. ئەییووب ڕەشپۆش | شێعر | ٣٤ |
| بۆکان. سەید محەممەدئەمین قورەیشی | کاریکاتۆر | ٣٥ |
| سلێمانی.عومەر کەریم بەرزنجی | وتاری ئەدەبی(لە روانگەی قوبادی جەلی زادەوە) | ٣٦ |
| بۆکان. ئەمین گەردیگلانی | ژیاننامە | ٤١ |
| هەولێر. ڕۆستەم خامۆش | وتاری ئەدەبی(تەکنەلۆژیا و کەمبوونەوەی کتێب و گۆڤاری منداڵان) | ٤٤ |
| بانە. یارە | چیرۆک | ٤٦ |
| بانە. ئەسرا ئەحمەدپوور ـ بانە. نیان عەبباسی | شێعر | ٤٨ |
| مەهاباد. سەلاحەددین ئاشتی ـ سەردەشت. مەتین | شێعر | ٤٩ |
| بانە. محەممەد عەزیزی"قەڵا" | خشتەی لێکدان( جدول ضرب) | ٥٠ |
| بانە. ک.د.ئازاد | وتووێژی گۆڤاری گوڵ سوو(گۆڤاری کوردانی فەیلی) لە گەڵ ک.د.ئازاد | ٥١ |
| شیلان ئاوێ. شێرکۆ خزری ـ بانە.شەیدا ئەحمەدی | شێعر | ٥٢ |
| سەقز. لەتیف عەلەوی ـ مریەم یەتیمی | شێعر | ٥٣ |
| بانە. کەریم ڕەحمانی | چیرۆک( پەند و قسەی گەورە پیاوان) | ٥٤ |
| بۆکان. کوبڕا کاکەڵڵایی ـ بۆکان. محەممەد بێهرەوان | شێعر | ٥٥ |
| بانە. ئاودێر | شێعر | ٥٦ |
| مەریوان. خاڵۆ ڕەووف | پەیڤکاتۆر، لە ژنە دۆمەکەیە | ٥٧ |
| بانە. غەفوور ساڵحی | چیرۆک ("لالان"لەسەر کوێرەڕێیەکی مێخاژن) | ٥٨ |
| بانە. ک.د.ئازاد | چیرۆک ( ئاوێنە) | ٦٢ |




# شاعیری ڕەند و بوێری قەڕنی لاساری

مەلا کەریم ساردەکۆسانی ناسراوە بە ڕاوچی و نووسراوەکانی

عابید حەسینی
(ئەنجومەنی ژیار شاری ساحێب)



ئەم شاعیرە نیشتمان دۆستە،
دەڵێن:" دەیرەتێنم ژانی جەستەی ناو سەهۆڵ"
دڕ بە دێڕی هەڵبەستەکانی ئەو ڕەتاندنەی تێدایە، تێکەڵاوی ئازارەکانی کۆمەڵگاکەی بووە، ڕووسوور بووە بەوەی لەسۆی گەل بسووتێت.سەری لە هەموو قوشبنەکانی ڕامیاری سەردەمی خۆی داوە، بەوەج و بە جەرگ و بڕ، تێکەڵاوی جڤاک و جوڵە و بزاڤی هەمەچەشنەی بیری سەردەمیانەی خۆی بووە، بە جستە چێشتوویەتی و لە پێناویدا، زیندانی و ئەشکەنجەی دیوە، شانی داوەتە بەر کۆڵ کێشان و هەناسەبڕکێ، شاخ و زەندۆڵی کوردەواری بۆ تەیار کردنی ڕەوتی گەشە سەندنی ڕامیاری گەلەکەی پێواوە.
خۆی دەڵێ:" دوو زستانی بەفراوی بوومە بارەبەر، کۆڵ هەڵگر یا سەر کاروانی یارمەت هەڵگران بۆ مەرز، بۆ جێگای زۆر چڕ و پێ دەشت، بارەکانمان ئاودیو دەکرد و لە سیخوڕەکانی دڵ و سی خۆر نەدیو دەکرا و دەدرایە دەستی بارزانی"

## مامۆستا "ڕاوچی"

ڕاوچی گۆشت و نچیر نەبووە، هۆگر و ئەویندارى لاپاڵ و زەنویران بووە، کژ و چیا ڕایەخ و پایەندازی بووە و ئۆقرەی بە ئاوی کنیاو گرتووە و بارتەقای جەستەی لە حەشارگەی گاشەبەردا داڵدەداوە. تەماڵی ئەو، بنچک و ڕەوەک و لانساری نیشتمانی دەلالی بوە، زاخاوی مێشکی بە وشەی شەنگ و ڕەنگاڵەی چیا دامرکانە. و زانای بەرزایی چیا بووە.
شێعر و نووسینی دارماڵە لە بەرد و ڕەوەز و گوڵ وگیا بۆ وێنە:
"تکەی ڕندوو، فیکەی مەلان
زیقەی شالوور، لوورەی تەلان
سەدان هەزار دیمەنی تر
هۆرە و لۆرە و سەربەندی تر.
بۆنی بێزا و گیابەند و خاو
هەلز و کەما، بێژانی لاو
برکە هەڵاڵە و چەورۆکە
گوڵاڵە، کاشمە، مەندۆکە
چاوەکوتکە، خۆش هەڵکەنە

بەڵگەنەسیر ، گیا بەڵگەنە.
نۆکنۆکیلە و جاوەڵووکە
گیاچۆلەکە، سێوەڵووکە
گەزنەخۆرە، گیا بنێشتە
گیاپڵاوە، لووشە چێشتە
پیچکە، کوڕادە، گێلاخە
قەیتەرانە، گوڵ قەباخە
چەقە، چەورێن، بۆڕەسوورە
لۆشین، چەقەلۆ ، چنوورە
سوێسن، وەنەوشە، هەلاوە
قاتەڕەشین، بنکوڵاوە
شنگەشاخە، گیابەرخۆڵە
گۆبەڕۆکە، گەڵاسۆڵە
هێرۆ ، تەڕەزەن ، مێلاقە
شیرینشۆکە، تەنیا لاقە
پنکە، گەزیزە گەزگەزە
گوڵبەڕۆنە و تاڵەگەزە
ڕەبەنۆک و مژمژۆکە
سۆڵین، قجیلە، ترشۆکە
لە ڕەنگ و ڕوو هەموو تەیار
بوونە نەخشی، بوورە و بەیار
لە ڕووی چیا خاڵ و کەزین
بوونە جادوو بۆ دڵ دزین.

ئەم شاعیرە شاخ ناسە، ڕقی لە داڵە دەم و هەلخوازەکانە و لە گۆڕێشدا هاواری زوڵم لێکراوی دەکات.
ئەم هۆزانوانە، داواکارە، زێد و وڵاتی شێعری تەڕی ئەوی لێ نەبڕێت و ببێتە نمامی بەردەڵان و دەم
حەشارگە و مێژوویش بەرهەمی لە زێر بگرێ.

# دو وهارانه



ئیلام. رودوس فەیلی "مستەفا بەیگی"

## وهار ١

م ِ وهارم
تو زەمین
م ِ زەمینم
ئوو تو دار
نه، م ِ دارم تو وهار
عەتر ِ قسیەی خوەش ِ تو ،
ئەور ِ شوور ِ زولف ِ تو ،
تام ِ بسکەی دەم ِ تو ،
خوەش‌خوەشان ِ کەش ِ تو ،
وێشکنێگەم
ناز ِ باڵ ِ چەم ِ تو وێشکنێگەم
دە نام ِ زار و زەمین
سەوزەمە کەی
گەپمە کەی
هه وەک ِ خوەت ک گەپیت
ئوو دریژی وەک ِ شەو
مانگ بویگەی یا نەویگەی
تو بلنی، جوور ِ یەڵدا
تو گەپی گەپ
چۆ تریوەی مانگەشەو
هه دروەشی
وەرد ِ ئاونگ
وەرد ِ ئاو
دە مل ِ وەڵگ ِ وەنی
تام ِ تۆرگ دەی ، سەلامت
رەنگ ِ گوڵ دیری ، کەلامت
تو وەک مەخمەڵ ئەوری
تو وەک ِ عەتر ِ گوڵیت
جوور ِ تەم نازک و نەرمی
وەختێ نیشی دە پەر ِ باڵ ِ
چیا
جوور ِ وەفری تو
وەفر
ئەر بتاوی
ئەر وه وفرئاویش بویت
وه دەر و دەروەن و دەیشت
تو سەفا دەی ، ئەی وهار
ک ِ وهاری
تو وهاری
تو وهار

تو وهاری
م ِ زەمین
نه ، م ِ دارم ، تو وهار
عەتر ِ قسیەی خوەش ِ تو ،
ئەور ِ شوور پرچ ِ تو ،
تام ِ بزکەی دەم ِ تو ،
خوەش‌خوەشان ِ کەش ِ تو
وێشکنێگەم
ناز ِ باڵ ِ چەم ِ تو وێشکنێگەم

*وه جوور شێعر فارسی
(باهار/ احمد شاملو)

**فەرهەنگۆک وه کوردی فەیلی**

- وشکنێگەم: مرا شکوفا میکند
- کەش: کنار
- چەم، چاو: چشم
- وهار، وەهار: بهار
- تۆرگ: تمشک کوهی
- گەپ، گەورا: بزرگ
- ناز باڵ چەم: ناز و غمزەی گوشەی چشم
- بسکە، بزکە، بزە: لبخند
- بڵن، بەرز: بلند
- ئاونگ، ئاوه، شەونم: شبنم
- دە مل، له سەر : بر روی
- وەڵگ، گەڵا، گوڵگەڵا: برگ ، گلبرگ
- م ، من، ئەمن، ئەز: من
- ئوو: و حرف پیوند
- بویگەی: باشدش
- چۆ، وەک، چوون: مثل
- قسیه، قسه: حرف ، کلام
- وەڵگ وەنی: برگی از درخت بنه و بلوط
- ئەوری: ابر هستی
- نەویگەی: نباشدش
- تریوه، تریفه: مهتاب
- دەی، ددەی، ددەری، ئەدا: میدهد
- کەی، دکەی، کەری، دکەری ، ئەکا: میکند
- گژه گژ: از اصوات برای وزش نسیم
- وەرد، گەرد، وەگەرد، وەل، له گەڵ: با، همراه، همراه با
- پەسا، له پەسا، دیری، خەریکه: نشانه استمرار

## وهار٢

گژه گژ ِ بای شەماڵ
خشەخش ِ وەڵگەئەمار

شر شر ِ تاف ِ وهار
دەنگ ِ کەوی دە سای دار
دە نامحەوشه پەسا شنەی پای
دیای
وهار، وهار
له نوو خشەی پای دیای
وهار دیای
پرتاڵ نوو کەمه وەر
وێشکمەوه
تەرتر له گوڵگەڵای تەڕ
نچیره دەم
وەرد ِ باخه هەناره
چکیره دەم
وەر ژه ئەو سێفه داره
چۆزه هه چۆ
چۆزەڵەی گوڵوهاره
خونچیله چۆ
گوڵخونچەی گوڵنساره
واران واری
بوو ِ نمڵچ ِ خاکه
پرەو دکەی بێدەنگیەی وتاخه
ها دەر کەل
زۆ که
دەرانه وا که
م ِ وەرد ِ یەک هەستێ تر
ئاشنا که
ئەڵس له نوو
تووز و تەم ِ خەم لادە
خەم له سەر خاترەگانه لاوه
شێعرێ بخوەن
شێعرێ وه لاولاوه
دەنگێ ئەڵاڵ
لەو عشقه بێهساوه
وهار دیای
پەپرۆکه سەر دەراری
چەپەی گوڵ ِ کەڵمەس و رۆژ
دیاری
وهار، وهار ،
گوڵ وەنەوشه دیری
هزار، هزار،
عشق ِ بێخەوشه دیری
ئەڵس بژەن
بژەن ک ِ کات ِ عشقه
ئەڵس ئەڵپەڕ
ئەڵپەڕه سات ِ عشقه
بژەن ، بژەن
وه جوور ِ جار ِ جاران
بخوەن ، بخوەن
وه گەرد نەرمه واران
وهار ، وهار
له نوو خشەی پای دیای
له سەر کۆچه وه ماڵ شنەی
وای دیای.

*وه مەقام شێعرگوورانیێگ فارسی وه نام "بهار بهار" ک هن موحەممەدعەلی بەهمەنییه

*ماخذ صفحەی ادبی شەفەقنیوز کوردەای فەیلی عراق و بغداد

***فەرهەنگۆک وه کوردی فەیلی:**

- وا، با، بای: باد، نسیم
- پرتاڵ، جێنگ، دڵنگ، جلوبەرگ: لباس
- نچیره، چکیره، چۆزه، چۆزەڵە، پەپرووکه: شکوفه
- بوو نمڵچ: بوی نمناکی
- زۆ که، زوو بکه: شتاب کن
- دەرانه، کەل، دەر کەل ، درب، بیرون
- ئەڵس، ئەڵسه، هێز بگر: پاشو
- بێخەوشه: بی‌غش
- لاولاوه: لالایی
- وتاخ: اتاق
- گوڵنسار: گل سایه پرورده
- خشەی پا، خشپەی پا: خش خش پا، صدای پا
- دیای: می‌آید
- نامحەوشه، ناوحەوشه: حیاط
- کەڵمەس: گولی خودرو که مژده آمدن بهار را می‌دهد
- چەپه، چەپگه: دسته
- کات و سات: زمان و ساعت

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانه



سەقز. فەریدە کاکی

ـ١ـ

ون بووم لەنێو ئەو وشانەدا
وا لەقوڕگی مرۆڤایەتی
هاوار دەکرێن؛ بلێ
بلێ لەیاسای نەنووسراو
کەوا قەڵەمی ئازادی نای نووسنەوە

بێدەنگی پەلی کوتاوە بەسەر
زاریکدا وا
هاواری ئەعشق دەکا

جەستەی ڕووت وتەنیا
بە دڵتەنگی داپۆشراوە
بەڵام
بە باڵای سەبر هێڵ و هەراوە

ماندووم
ماندووم لەو سێبەرەی وا
چنگی لەهەتاو گیر نابێ و
نێو هەستێکی پووچدا
گێژ دەخوا

❋❋

ـ٢ـ

کەوی وێڵ
لەچیای بەفراوی
دیل کراوە
بە دوو باڵی خوێناوی
ئازادی
لەژێرسێبەری دیوار
نێو تەنیایی
پشتی شکا لە ئینتزار

ئەشق لەفرین ناترسێ
ئەگەرچی ئاسمان
شێعری خەم ئەچۆڕێنێ و
هەتاو
حەیرانی ڕۆژئاوا
بەدڵخوێنی ئەخوێنێ

ـ٣ـ

ئێرە
شەقامەکانی چۆلگەی ئاخرزەمان

زستان بەڕەنگی خەزان
ناڵە و ژان و خەفەقان

دەستەکان خەڵتانن
بەخوێنی یەک بزە
خامۆشی و داخ وگەزینی لێووددان

خەونی بەهار ئەبینن
ئەو دارانەی وابەجێ ماون
نێو ڕەزەوان

با و سەرما و بەفر
کەمەرێ نووشتاو لە مرۆڤ

لوورەی گورگ لەڕۆژ
ئەپێچێ بەگوێی شوانێکدا

برسییەتی و ئاە و بێ کەسی

لێرە
وئێستا
وهەمووکات
زستانە و
زستانەو
زستان

نووسەر : لەیلی ڕۆستەمی
وەرگێڕ : فەریدە کاکی
بەشێ لەکتێبی:
ئەمردووم فەرامۆشیم گرتووە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

مەهاباد. سووتاو

خۆزگەم بەو کەسانەی کە بە چەکی قەڵەم شەڕدژی شەوەزەنگ دەکەنو پێنووسیان بۆ چارەنووسی گەلەکەیان بە کار دێنن و لە ئاکام دا قەڵەم هەرمانیان دەکا. پێشمەرگەی ڕیگای قەڵەم هەرمانن قەت نامرن و نەقیمی سووری سەرعەرزن و بۆیە فرمێسکی قەڵەمیان بە هیچ بایەخێ نافرۆشن.

## قەڵەم

قەڵەم، قەڵەم ئەی پڕ لە ڕاز
ئە ی زمانی ڕاز و نیاز

ئەی خۆشەویستی خوایبەرز
چەکی تووڕەی دەوری عەرز

شەمشیری مەیدانی شەڕەف
ئەنگێوەکەی جەرگی هەدف

پەیکانی دژی ملهوڕان
چەکی دەستی کیژ و کوڕان

قەڵەم ئەی ئایەی یەزدانی
کە لاڵیش بم تۆم زمانی

قەڵەم تەنیا چەکی دەستم
زمانی پاراوی هەستم

قەڵەم سەرۆکی سەرداران
هان وتینی سەربەداران

دیرۆک پڕن لە سەربازت
پڕن لە نەغمە و ئاوازت

سوقڕات پێشمەرگەی ڕیگەتە
شەوکەران بۆ وی شەربەتە

قەڵەم حەللاج سەربازتە
سەرداری خاوەن ڕازتە

ڕێگەی پاکت بە ڕەو حەقە
هەرکەس تۆی بێ ئەنەلحەقە

سەعدی سەلمان لە ڕیگەی تۆ
بە ڕواڵەت دەبێ ڕەنجەڕۆ

گەر لە بەندیخانەی نایە
دەمێنێ هەتا هەتایە

سەعید سیرجانی و سوڵتانی
لە ڕێگەت بوونە قوربانی


سەمەد بەو پەڕی بێهەرەنگی
فیدائیتە بەبێ دەنگی

فەڕوخی یەزدی لە ڕێی تۆ
بۆتە ئەستێرەی گەشی کۆ

گەر دەیدروون دەم و لێوی
پڕ شکۆتر دەبێ نێوی

قەڵەم قەسەم بە نێوی تۆ
بەو شەهێدانەی خێوی تۆ

"سووتاو"یکورد وەفا دارە
ئەویش عاشقی سەردارە



گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## کورتە باسێک لە سەر ڕێزمان

دەرهێنان و نووسین : هیدایەت ئازەری

ڕێزمان نووسانی ڕێبازی کلاسیک , کە لە ڕستەیان کۆڵیوەتەوە , لە نێو بەشەکانی ئاخاوتندا ڕوونیان کردۆتەوە , بەواتا بەشەکانی ئاخاوتن و بەشەکانی ڕستەیان هەر لە نێوان یەک بابەتدا باسکردووە , بۆیە فرێزی ناوی و فرێزی کار و دۆخی سینتاکسی ڕستەیان لە پاڵ ناو , ئاوەڵناو, جێناو. .. باس کراوان و ئەم ڕێبازە تا ساڵانێکی زۆر دوور و درێژ پێڕەو کراوە.

"پانینی سالاتورا " ڕێزمان نووسی ناوداری هێندوستانی کە بە کۆنترین ڕێزمان نووسی سانسکریتی دەژمێردرێت, لە نێوە بەشەکانی ڕستەدا هێمای بۆ ( سەرکار ـ نیهاد ـ Subject) و ( وشەی کار ـ گوزارە ـ Predicate) کردووە.
لێکدانەوەی بابەتانەی ( پانینی ) بۆ ڕێزمانی سانسکریتی وایی لە زانا ( ١٩٣٣ Bloomfield)کردووە. بەم جۆرە گرینگی ئەو بەرهەمەی (پانینی) هەڵسەنگێنێت ( یەکێکە لە مەزنترین شوێنەواری توانایی و لێکدانەوەی مرۆڤ هەروا ئەوەشی خستۆتە سەر کەوا ( هیچ زمانێکی دی هەتا ئەمڕۆ بەم تەواوییە لێک نەدراوەتەوە ).
ئەرەستوو, کە هاوچەرخی پانینی بووە, ئەویش لە نووسینەکانیدا هێمای بۆ هەمان ئەو بەشانەی ڕستە کردووە, کە پانینی باسیکردووە.
پانینی لەم لێکۆڵینەوە ڕێزمانییەدا هێندێک شێوەی ماتماتیکی وای خستۆتە ڕوو شایەنی لێکدانەوەیە, لە دوای نووسینی ( ئاشتا سیایی ) دا بە دەیان سەدە دەیان ڕێزمان ناس تێبینیان لە سەرداوە و لێیدواون و وەکوو سەرچاوەیەکی بەنرخ سوودیان لێ وەرگرتووە و لە گەڵ زمانانی دیکەدا بەراوردیان کردووە.

سەرچاوە : کتێبی ( لە مۆرکە تایبەتییەکانی ڕێزمانی کوردی " د. شێرکۆ بابان "

## سینتاکس

دەرهێنان و نووسین : هیدایەت ئازەری

سینتاکس لە هەموو زمانێکدا هەر هەمان باری ڕێزمانی دەبێت و کۆمەڵە وشەیەکی سینتاکسی, کە بریتی دەبێت لە بەشی بنجی ڕستە, توانایی بە ڕادەیەک فراوانە کە کاریگەری دەکەوێتە سەر تەواوکارو بۆی هەیە بەشانی دیش لە ڕستەدا بگرێتە خۆی ئەم ئەرکە بە تایبەتی سینتاکسی بەشەکانی ڕستەوە پێوەستە.
ڕێزمان بە گشتی ئەم لایەنانە دەخاتە ڕوو:
١ـ ڕێزمان گشتی, کە بابەتی سینتاکس, مۆرفۆلۆژی , فۆنۆلۆژی, سیمانتیک دەگرێتە خۆی.
٢ـ سینتاکس, کە سەربەخۆیەکی ئۆتۆنۆمی هەیە.
٣ـ سینتاکس لە هەموو زمانێکدا بۆ ڕێزمان دەگەڕێتەوە.
٤ـ ڕێزمانی گشتی سینتاکس سیستێمێکی شیکردنەوەیە, کە لە ڕێی دەستوور و شیکردنەوە دا دەناسرێت و سنووری بۆ دادەندرێت.
٥ـ فێربوونی هەر زمانێک پێوەندی بە شیکردنەوەی تایبەتی زمانەکە خۆیەوە هەیە.
سینتاکس لە نێو ڕێزماندا شوێنی ناوە ڕاستی گرتووە , سینتاکس و وشەی فەرهەنگی فۆرمی ئەو دوو دانەیەن, کە دەسەڵاتیان بەسەر دوو پێکهاتنی سەربەخۆدا هەیە, کە یەکێکیان فۆنۆلۆژی و ئەوی دیيان سیمانتیکە

سەرچاوە : سینتاکسی ڕستەی کوردی
د. کوردستان موکریانی
د. شێرکۆ بابان
دەنگسازی و بڕگە سازی لە ڕێزمانی کورددیدا



**مەهاباد. جەعفەر مەعرووف(ژیار)**

بای شەماڵ و هەور و باران سامی زستانیان شکاند
دەست لە دەستی یەک بە خۆشی ڕۆڵی خۆیان جوان نواند

بولبولی شەیدا دەخوێنی گوڵ لە ژێر خاک هاتە دەر
وا گەزیزەش هاتە دەر گوێی بەفری شاخانی پەڕاند

بەفری لاپاڵان تواوە و ئاوی کانیش هەڵقوڵین
ئەی چ بەزمێکە بزانە گوڵ لە باغان دای بەزاند

ئاوی سەرچاوەی کەرێزەی شاخی قەندیل ڕاپەڕی
سەغڵەتی و سەرمای ڕەشەممەی یەک بەدوای یەک
هەڵوەراند

وا بەتێکرایی دەگێڕن شایی نەوبووکی بەهار
بولبول و قومری بە مەستی کیژی گوڵیان هەڵپەڕاند

گەرچی ئەمساڵ زۆر بە ناخۆشی بەهارم هاتەوە
ڕەوڕەوەی گەردوون نەوەستا ئەرکی خۆی جوان ڕاپەڕاند

کیژ و کوڕ ڕوویان لە دەر کرد جا "ژیار" تۆش بێ بڕۆ
ئاگری نەورۆز کراوە و دێوی بێدادی بەزاند



**مەریوان. فاتێح تینوو**

تا پەنجەی خەیاڵ مەستی گەستن بێ
تا سێبەری تۆ ، بۆ عەهد بەستن بێ

تا بە کوورەی بیر ، خۆم بتوێنمەوە
تا ئیلمەی درۆ ، فرە ڕستن بێ

تا خەلەی نگام ، بێ برانەوە
با گەڵ بپێوێ ، هەر تۆ ویستن بێ

تا ریشەی شێعرم ، پەل بهاوێژێ
تا بێهۆ ئیشم ، کەمەن خستن بێ

دیارە ئەووینم ، وەک سۆی مارانگەز
(تینوو)ی مردنی ، لە تۆ گەستن بێ

## ڕۆژی خۆشەویستی



**کەرەج. مێهدی**

خۆشەویستی من تەنیا نیشتمانمە....
کوردستانم؛
لە ڕۆژی خۆشەویستی دا
شتێکم نییە بایەخدارتر لە گیانم
ئەویش پێشکەشت دەکەم
بە دڵ ، ڕووح ، ڕەوانم ....

## ئه‌ی وه‌ته‌ن



مه‌هاباد. شاهۆ موکریانی

ئه‌ی وه‌ته‌ن من وا به‌ ئاخ و داخ و ناڵان دێمه‌وه
ئه‌ی وه‌ته‌ن بۆ سه‌یری کانی و دیمه‌نی جوان دێمه‌وه

ئه‌ی وه‌ته‌ن دێم تا به‌رامه‌ی ئاو و خاکت هه‌ڵمژم
بۆی گوڵاوی غه‌رقی خوێنی خاکی پاکت هه‌ڵمژم

ئه‌ی وه‌ته‌ن ئامێزی گه‌رمت پڕ له‌ لاله‌ و نه‌سته‌ره‌ن
باغ وکوێستانت له‌ باغی جه‌ننه‌تی خوا وه‌شته‌ره‌ن

ئه‌ی وه‌ته‌ن کانیاوی ڕوونت چه‌شنی ئاوی که‌وسه‌ره‌
تۆزی خاکت سووره‌مه‌یه‌ و خیز و گڵی تۆ گه‌وهه‌ره‌

ئه‌ی وه‌ته‌ن سووره‌ زه‌ویت پاراوی خوێنی لاله‌یه‌
خاکی گڵکۆی گشت شه‌هیدان غه‌رقی ئاوی ژاڵه‌یه‌

ئه‌ی وه‌ته‌ن شاهۆ به‌قوربان خاکی به‌ر پێی تۆ ده‌که‌م
ئه‌ی هه‌وێنی شێعر و هه‌ستم ده‌تپه‌ره‌ستم زێده‌که‌م



بانه‌. نسار راد

ده‌لیّم گه‌ڕێن
هه‌ردێڕێکم به‌ئازارێک بلاوێنم
ئه‌ڵێن کیژێ
بۆچی ده‌نگت هه‌ڵ نابڕی
ئاخر ده‌نگم له‌ هاواری
چه‌کی شانم دا خنکاوه‌
باش بزانن دڵم خوێنه‌
ده‌نگم به‌ گڕ داگیرساوه‌
وڵاته‌که‌م تا بنده‌ست بێ
ده‌نگم له‌ شاخ
خوێنم چۆڕ چۆڕ له‌ کاسه‌یه‌
شه‌ده‌ی سه‌رم جامانه‌یه‌ و
وشه‌ی زارم قه‌ناسه‌یه‌



ئارمرده‌. ڕامین فه‌ره‌جی

من شێعرێکم بۆ وتن نییه‌
هه‌ستم ناشتووه‌
ڕۆح باڵ ده‌گرێ
به‌ره‌و مه‌مله‌که‌تێکی که‌
لێره‌ قه‌ڵه‌م کاره‌سات ئه‌نووسێته‌وه‌

❋❋

توخوا بێ ده‌نگ به‌
نۆره‌ی منه‌ ده‌نگ هه‌ڵێنم
به‌ چ یاسایێک بانگه‌وازی
ڕیسواییمت گرته‌ ده‌سته‌وه‌



## حاڵم مەپرسە!

بروجرد(وُروگرد)
سەعید فەلاحی(زانا کوردستانی)

خەبەرم لێ ئەگری؟
ئاە!
-- ئازیەتبارم،
ئازیەتبار!
ئاخر نابینی کە ئاێر گولۆڵە،
سینەی گوڵی دڕاند؟
بوو نابینی کە خەزانێکی گرتۆڵە و
ترسناک
چنگ لە جەستەی گیان دارستان دەخاتۆ؟
مەرگی دانەدانەیان دێنێتە پێشەوا؟
ئەمڕوو،
گۆستاخێکی بێخوا
جەستەی چوار خوەیشکی هیلاو و
بێتاوان
ڕووتەو کرد...
ئازیەتبارم
ئازیەتباری برینەکانی وڵاتم!
داخداری حەڵەبجەی ژاعردایش
و کۆبانیە
خاپورکراوەکەم، ، ،
ئازیەتباری کوردیستانم.
...
حاڵم مەپرسە...

سەردەشت. خەمبار

ئازار بەقەد گۆلی وان و
دڵ پاپۆڕێکی شکستە
ئێشم پڕ بە خاکی دایکم
زۆبان لاڵ و دەستم بەستە

پیر و کەنفت و بێ تینم
گەرچی خەرقی کۆی ئەوینم
زاڵە بە سەر من دا نەفرێ
خۆم شەکەت لە گوڕ قینم

شەماڵ وەرەو تۆبی خودا
چی لەم دڵە دێوانە کەم
چی لەم خانەخوێی ئازیزە و
بە چی زۆڵفی بۆ شانە کەم

چی داوایە کە هەر سات و
کاتی ژیان پڕە لە خەم
پڕە لە ئازاری تاڵ و
چاوم تەڕەو ڕوومەتم نەم

کەی دلی هەموان هەر وەکو
ئەم دڵەی من دەناڵێنێ
دیواری لەز و ڕووخەکی
لە بەژنی خەم دەهاڵێنێ

دەبێ شانازی بێت مەرگم
خاک دەمگرێتە ئامێزی
هەتا حەشری خودای مەزن
لەش و لاشەم ئەپارێزی

پێبکەنە دڵەی شێتم
لەمەش پیرۆزتر دەوێ
لەم کۆتایی تەمەنت دا
لە خاکیش قۆزتر دەوێ

چەند خۆشە کە شەرمەزاری
خاک و گەل و هۆزت نەبی
یەکەم دوژمنی ئەوین و
ئەم هەستەی پیرۆزت نەبی



خەمبار بژی بەڵام بۆ خاک
بۆ خەمی گەل خوشک و کاک
قەڵەمت نەسرەوێ تا هەی
بە ئاواتی ڕۆژێ ڕووناک

دەمێکە سستە پێنووست
هەست و هزری چارەنووست
با دەستیان نابێتە بینەت
خراپ خراپە و چاکە چاک



## بەرەو بەهاری کوردەواری

غەفور کەسنەزانی ، ژاکاو

هەی هەی لە سێحری خورەی شەتاوان
وەی وەی لە سینەی سەختی کلاوان
ناز و کرێشمەی سروە و شەماڵە
بووک دەگوێزنەوە لە ماڵە باوان

وەنەوشە لۆلۆ، زوڵفی باداون
گوڵان لە عەزرەت ئەو دا نەماون
گوێ چۆم و جۆگەی عەتراژن کردن
هەموو لە سایەی ئەودا نەخشاون

پێشمەرگەی بەهار زۆر بە دیسیپلین
وریا و بە جەرگە، گرتوویە کەمین
مزگێنی هێنا بۆ چیا و پێ دەشت
خاکەلێوەیە و وەرزی گوڵ چنین

کۆرپەی ساوای گوڵ جێی کۆشە و ئامێز
(نەکەرۆژ) خەملی ، (چلچەمە) گوڵرێژ
ئاگری سووری نەورۆزی کوردی
بێ خەم گرتوویە لووتکەی مەترێز

بارگەی خێڵاتی بەرە و سەر دەڕوا
بۆ هەواری ژین بە بیر و بڕوا
خاڵ و بەڵەکە کوێستان و قەدپاڵ
ڕێبوار هەر دەبێ لەم سەفا و مەڕوا

(باڵی) و (بەرانان)، قوتەی (بەردەرەش)
نامە دەنێرن بۆ (کانی چاوڕەش)
(زاری) و (پەژارە) و (نافێعی مەزهەر)
هەنگوینی هەستیان لەوێ دەکەن بەش

کاتی کوێستان و ( بەلەیی ) گەیی
گیاو گوڵ ڕازاوە، کەسک و پەمەیی
کوانی ( فەرەنگێز ) کاروان وەڕێ خات
کێژ و کوڕ دڵخۆش بە بێ گلەیی

سەرچاوەی روونی داوێنی ئاسۆ
بۆ تەونی ژیان وەک ڕایەڵ و پۆ
بەرهەڵست نابن زیخ و چەوی دڕ
دەڕژێتە چۆماو هێدی و لە سەرخۆ

باقەی کاژیلە و کارەی بەرخ و مەڕ
مۆسیقای ڕۆحی عەرزی تەڕ و بەڕ
شوان لە داوێن و گاهێ لە سەریاڵ
ڕان دادەچڵەکێ لە دەنگی سەوەڕ

دەنگی شمشاڵی شوانی هەردە پێو
دێ لە دوورەوە کاتی ناشتاو شێو
هۆرە وحەیران و گەلۆ و سەوزە چڕ
زاخاوی زامی دەروونی پەشێو

لرفەی قەڵپەزە بە پرتە و بۆڵە
گلەیی لە دەس قارە سەهۆڵە
لە خۆی ناگرێ بەستێن و قوڵاخ
هەر وا بوون بۆ دژ ئەم خاک و خۆڵە

وەرزێری لێزان چاکی هەڵماڵین
بۆ هەرەسی دار یا جۆگە ماڵین
بەرۆژ و نسیێی وا لە ژێر نەزەر
بەردی لابردن ، هەژگەڵی پاچنین

پێمەرە و پاچ و بیور و تەورداس
سەرقاڵی ئیشە، دوور لە قسە و باس
جارجار بۆ پشوو چایی لێ دەنێ
نارۆکەش دەکا ، بەشی عام و خاس

قاسپەی کەوە دێ لە لووتکەی سەر شاخ
هاوڕێی دەدوێنێ بە کەیف و دەماخ
سینە و بەرۆکی بە خاڵ نەخشاندن
جوانە ،نەخشینە، بەڵام هەزار ئاخ!

سەدای قومری دێ لەو باغە جووتن
هەر گوڵە ئەمڕۆ لە شیوێ رووتن
چرۆی خۆی دەرخست لە بەرزی داران
ئەویش بە لەز هات، یانێ بزووتن

پەلەوەر هات و کەوتە پەڕ بازی
سێرو بە خۆی و سێ تەپڵ و سازی
گرتی گوێسوانە و بەرزایی و سەرچڵ
هەر خۆی گزیرە و داوەرە و قازی

زستان فرێی دا دوا کۆرپەی زەوی
خەمی هەژاران ئەو چەلەش ڕەوی
دای بە سەر خۆی دا تارای سەوزەپۆش
زاوای ئازادیش بوو بە پێشڕەوی

قامەتی خەم بوو ، رووخا بە جارێ
دێوەزمەی سپی وا کەوتە خوارێ
فرمێسکی ڕنوو ، پرچی ئاڵەکۆک
بوو بە قسەو باس دێهات و شارێ

ئەم ئاڵ و گۆڕە ئەزموون دەبەخشێ
کێ لووتی بەرزە و دەمار دەفرۆشێ
ڕۆژێ هەر دەبێ ژیوان بوونەوەی
ئەوکاتەی ئاڵای ویژدان دەنەخشێ

بەیداخی هەڵدا و دەگرێ بەهانە
هەورە ئاووسی گۆپاڵ بارانە
لە شار و دێهات گرتی لەنگەرێ
نەورۆزانەی دا بۆ شادیانە

تاریفی بەهار ، دیمەن و جوانی
کاوە و کوتکی دەس بۆ زلهێزانی
ئەبن بە وانە بۆ مەکتەبی ژین
بۆ کوردی کوڵۆڵ، هەم نەوەکانی

ڕۆڵەم ،کۆرپەڵەم ، نازداری باوان
یاسای سرووشتە لای بانی چاوان
پیرۆزە و بە فەڕ نیشتمان و زێد
نەکەی لێی لادەی بە حەڵقە و داوان

دەنگی هەلاوەی منال دەیتە گوێم
ئۆخژنی تازە دەبەخشێتۆ پێم
خۆزگە بەو کاتەی منیش منال بووم
بەو کەش و هەوا ئێستەش دێم و دێم

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## سێ ئەڵوەست پەهڵەیی



دێلێڕان (دهلران).کیوومەرس مورادی

**ـ١ـ**

درەختەێ سەرداوە ساڵم، لەکم نە
ڕژم ڤەو نیفەکەێ بایە، شەکم نە
ڤە زوور و لەپ، ڤە لەپ هەمە دەمە یەک
بچوو ڤەولا بچوو، تەک ئەڵ تەکم نە

**ـ٢ـ**

دڵم هیچ، تووکـِ ئسفاڵتەنە بردی
ئێڤە دەورـِ خێابونەموون خڕ دی
دو دۆن بەرفەرووەێ ماشینەێ باوکت
دەس ئەڵ م هێز دان و تو سەیڵ نەکردی

**ـ٣ـ**

## زۆنـِ کوردی

زۆنـِ کوردی، ناومە
زۆنـِکوردی، نیرمە
دەنگـِ هوورەی باوکمە
دەمتەقەی باپیرمە

سەر دنم ئەڵ بەردـِ قەور
خاکـِ لێو ئەڵکەپنم
مژ دنم ئەڵ ژێرچنە و
تا کـِ چنەو ئەڵمژنم

زۆنـِ کوردی ناومە
زۆنـِ کوردی نیرمە
دەنگـِ هوورەی باوکمە
دەمتەقەی باپیرمە

## *فەرهەنگۆک وە کوردی فەیلی

- زۆ، زۆن، زووَن، زڤۆن، زوان ، زمان: زبان
- نیر ، نۆڕ: نوور، نور، نور چشم
- نیرمە نۆرمە : نور خانە و چشمانم است
- نیفە، نیوە: نیمە
- دنم : ئەنم
- بەرد قەور، سان مەزار، کوچگـِ قەور، سنگ مزار
- خاکـِ لێو ، خاک بان لێو:خاک نشستە بر روی لب
- ئەڵکەپنم ، قیتەو ددەم، قورت میدهم
- مژ دنم ، ئەلمژنم، ئەڵمژنم،
- ژێرچنە: چنە، چناکە
- چنەو: وەو جوورە، ئێڤەرە
- ڤە، ئەڤە: ئەوە
- تەک داین، تەک: تکیە زدن
- سەرداوە، سەردەوا: پاییز
- رژم، ئەرژم، رشم، دڕشم: میریزم
- ڤە لەپ: با کف دست
- هەمە: همە
- دەمە یەک، ئەدەمە یەک:میزنم بە هم
- ئەڵ: بر
- تووک، پووس: پوست
- دۆن، دۆ، دان، گلە: دانە
- دەس هێز دان: ول کردن
- سەیل نەکردی: نگاە نکردی
- ئێڤە، ئێڤەرە: اینقدە، از بس کت
- خڕ دی: دور میزنی، میچرخی
- بەفرە رووە، بەفرە رووە: برف پاککن
- شەکم نە: تکانم ندە
- لەک نە: تکانم ندە
- ئسفاڵتەنە: آن آسفالت را
- هوورە، هۆرە: یکی از آوازهای اساطیری کوردهای فەیلی

*شرۆفە
١:ئەم شێعرە بە بنزاری کوردی پاڵەیی (فهلەوی/فەیلی) هی ئێل کورد پەهڵە یا کودەلی شار دێلێڕان (دهلران)، خوارترین بنزار کوردی هەڵبەستراوە.
ئێلوەندانی ئێلێ کورد دە ئاودانان، دێهلوران، پەهڵە، مێهران، خووزستان، بەغدا، بەسرە، عمارە، خانەقین، کووت، عەلیغەربی، سەعدیە، دانیشتوون.

## به جێمام



سەردەشت. قەڵەندەر

یاران هەموو ڕۆیین و غەریبانـە بـە جێمام
تەنیام و بـە ئـازارەوە لەم لانە بە جێمام

دەردم لە ئەزەل داخی وەتەن بوو کەچی ئێستاش
وەیلانم و بێ لانم و بـەم ژانـە بە جێمـام

شاباڵی هومێدم سەری کێشایە بنـەی شاخ
داخم لە گـەڕی شانەیی ئـەو شانە بە جێمام!

بولبول بە هەوای سازەوە ڕۆیی کەچی ئەمنیش
بەم شێعرە کە شێواو و پەرێشانە بـە جـێمـام

شەو بوو دڵی من هەر بە هیوای سۆزی دەناڵی
خەونێ خەبەری دا دەمی هەستانە بەجێمـام

سایەی خەم و تەم نیشتەوە سەر قوڵکەیی چاوم
لەو ماڵە پـڕئازار و نەقوستانە بـەجێمـام

ئەی خاکی وەتەن چاوی ویساڵم لە گوزەردان
بەم چـاوە بەسەد ژانەوە لێـرانە بە جێمام

عەوداڵ و "قەڵەندەر" لە خەمی کۆنە هەوارم
پەیمانێکە بەستوومەت و کوردانە بە جێمام

## خۆزگە

خۆزگە قـاقـا و پێکەنین باوی هەبا لـەم دەورەدا
خۆشی جێگێکی هەبایە لەم جیهـانـە گـەورەدا

عیشقی هەرمان خۆزگە بکرابایە وانەی هەر دڵێک
ناهـومێدی باڵی قـرتـابا لەڕووی هـەر مەنزڵێک

چی غەم و ماتەم هەیە بخرایە چاڵێک ساڵ بە ساڵ
شەربەتی شادی گەڕابا دەرکە دەرکە، ماڵ بەماڵ

خۆزگە کەس باری خەمان میوانی لێوانی نەبا
ناخی پڕ بایـە لە هەرچی جوانییە تاکوو هەبا

پەنجـەپێی ئاشتی خشابایـە دڵی کینە و غروور
بۆ ئەڤین و خۆشەویستیمان نەمابا هیچ سنوور

سەت هەزار بریا کە یاران بێ غەلوغەش تا دەمان
یەکدڵ و بێ فەند و فێڵ و مێهرەبان و سادە بان

ناتـەبایی هـەر نەمابایە و دژی بووایەن هەموو
بوغز و کینەش هەڵوەریبایەن لەنێـو ناخ و گەروو

خۆزگە هەڵدەستام بە دەنگی نەرمەخەندە و پێکەنین
خۆزگە دەستەملان دەبووم تاوێ لـەگەڵ خەرمانی ژین

تیشکی هیوا جێی بە ناهومێدی لار و لێژ دەکرد
ئەودەمەی بێ دەستنوێژیش ڕوو بە ئاسۆم نوێژ دەکرد

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



سەردەشت. ع. ئومید

هەموو شەوێ
وێنەکانت...
لە دوورەوە
لە پەنجەرەی شوشەبەندی شێعرەوە
لەگەڵ تریفەی مانگەشەوو
دەڕژێنە ناو ژووری تەنیایی رووحمەوە
لە سەر ئینجانەی ڕووناکی یادگاریەکان
چرۆ دەکەن
ساعەت و گڵۆپ و
کتێبەکان دەتاسێن
سەیری شڵەژانی من و
جوانی ئەفسووناوی تۆ دەکەن
دیوارەکان
لە سەر جووت پێ ڕادەوەستن
دەرگاکان چرپە لە بێ دەنگی دەبڕن
گڵۆپەکان کز دایسێن
قەڵەمەکان شاگەشکەن و
وەرەقەکان شەپۆل دەدەن
میلەکانی کاتژمێر زەمەنیان بیر دەچێتەوە
وەرزەکان
سەریان لێ دەشێوێ
زستان میوەی لێ پێ دەگا
هاوین بەفری لێ دەبارێ
پاییز گەزیزە دەردەکا
بەهار دەوەرێتە ژێر پێکانت
منیش چایەکی تازە دەم
بە پیاڵەی چاوەکانت دەخۆمەوە
سەرخۆش دەبم
مانگ و ئەستێرە
تەوافی ژوورەکەم دەکەن
پەنجەکانم پرچەکانت دەهۆننەوە
هەنگی دڵم لەسەر لێوەکانت
هەنگوینی  ماچ چێ دەکن
هەستەکانم کۆشکی خۆشەویستی
لە بەهەشتی سینەتا ساز دەکەن
نازانم
بە دیار کام ئەستێرەی کاکەشانی نیگاتەوە
خەونۆچکەکان دەمبەنەوە
بۆ بەیانی
ئەو دەمەی خۆر بە پێ دزە
دەخزێتە ژوورەکەمەوە
نە تۆ دەمێنی و نە ئینجانە و نە پیاڵەی چاوەکانت
مەلی ئەوین
لە سەر پەردە گوڵچنەکەی
ڕەفەی دڵم گرمۆڵەیە
ڕادەچڵەکێ  و
لە گەڵ دواین حەزەکاندا
لە ئاسۆگی هیواکانم
ئاوا دەبێ....



# چاکە

وەرگێڕان لە فارسیەوە: پەری خدری، بانە

خاتوومامۆستایێکی قووتابخانەیێک لەگەڵ ئەوە کە جوان بوو و ڕەوشتی چاکەی بوو، هێشتا زەواجی نەکردبوو
قووتابییەکان کونجکۆڵ بوون و لێیان پرسی:
"بۆچی لەگەڵ ئەوە کە خاوەنی ئەواها جەماڵ و ڕەوشتی چاکی هێشتا زەواجت نەکردووە؟"
خاتوومامۆستا وتی:
ژنێک خاوەنی پێنج کچ بوو. شووەکەی هەڕەشەی لێ کردبوو ئەگەر جارێکیتر کچی ببێت ئەو لەسەر ڕێگا دادەنێ یان بە هەر جۆرێک بێ ئەو فڕێ ئەدا.
جارێکیتر ئەو ژنە کچی بوو.
باوکی ئەو کچەی هەمووشەوێ لە تەنیشت گۆڕەپانی شار وێڵ ئەکرد.
بەیانی کە ئەهات ،ئەیبینی کە هیچ کەس مناڵە ساواکەی نەبردووە،
تا حەوت ڕۆژ ئەو کارە درێژەی بوو و دایکی هەر شەو بۆ ئەو مناڵە ساوایە دوعای ئەکرد و بەخوای ئەسپارد.
بەکورتی ئەو پیاوە ماندوو بوو و مناڵەکەی گەڕاندەوە بۆ ماڵ،
دایکی زۆر دڵخۆش بوو، تا ئەوەی کە جارێکیتر دووگیان بوو و ئەمجارە زۆر دڵەڕاوکێی بوو کە ناکا دیسان کچی ببێت بەڵام ویستی خواوەند لەوەیا بوو کە مناڵی حەوتەم کوڕ بێت،
بەڵام لە گەڵ لەدایک بوونی کوڕ، کچە گەورەکەیانی وەفاتی کرد.
جارێکیتر دووگیان بوو و کوڕێکی بەدنیا هێنا بەڵام کچی دووهەمیان وەفاتی کرد.
تا ئەوەی پێنج جار کوڕی بوو بەڵام پێنج کچەکەیان هەموو وەفاتیان کرد.
بەس تەنیا کچەکەیان کە باوکی ئەیویست لەدەستی ڕزگاری ببێت بۆیان مایەوە.
دایک وەفاتی کرد و کچ و کوڕەکان هەموو گەورە بوون."
خاتوومامۆستا بەقووتابییەکانی وت:
ئەزانن ئەو کچەی کە باوکی ئەیویست لە دەستی ڕزگاری ببێ کێ بوو؟
ئەو کچە منم! و....
من بەو هۆیەوە تا ئێستا زەواجم نەکردوە چوون باوکم زۆر پیرە و کەسێک نیە کە ئەو تەڕ و وشک و ئاگاداری بکات.من خزمەتی ئەکەم . ئەو پێنج کوڕە، واتا براکانم. بەس جار جارێک هەواڵی وەرئەگرن.
باوکم بەردەوام ئەگری و پاشگەزە لەو کارەی کە لە مناڵیدا لەگەڵ منی کردووە.
ئەگەر جێگای دەنکەکان کە ڕۆژێک داتچاندوون لەبیر کردووە، باران ڕۆژێک بە تۆ ئەڵێت لەکوێ داتچاندوون...
کەوایە چاکە داچێنە....
لەسەر هەر زەوییێک......
لەژێر هەر ئاسمانێک.....
بۆ هەر کەسێک......

تۆ نازانی کەی و لەکوێ ئەوە ئەبینیەوە!
کە کاری چاکە لە هەرکوێ داچێنری بەهرە ئەدا......

شوێنی جوان ئەمێنێتەوە.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



## ئـاسۆ مـەریـوان

ئەو کاتانەی
ئەگریجەی خاوت
لەگەڵ شنەی با
سەما دەکات
دڵ و ڕۆحم بۆ تۆ
ئاوازی ئەویندارى
لێدەدات.

**

تۆ بووی فێرت کردم
هیچ شتێک
ئەستەم و توند نەگرم
بێجگە ئامێز و دەستەکانت
تۆ بووی فێرت کردم
هیچ شتێک
نەتوانێ خەمبارم بکات
بێجگە دووری چاوەکانت
بەڵام
هەرگیز فێرت نەکردم
چۆن بتوانم خۆڕاگر بم
لە ئازاری دابڕانت

**

ئەمەوێت لە تۆ بنووسم
دەستەکانم تینووی
گرتنی دەستەکانی تۆیە

ئەتەوێت لە من بنووسی
ئەسرینی چاوەکانت
بێتاوی ماچەکانی منە

ئەمانە هەمووی
شیعرێکن بەقەت
خۆشەویستی من و تۆ..!

## مەهاباد. ئیلاهە پیرۆتی

### هۆگرم بەیار

زۆر تێدەکۆشم تا بگـەم بەتـۆ
هیـوای ژیانـم بە تـۆیـە, بەتـۆ
تۆجێم نەهێڵی لە بەندی ئەوین
جەرگەکەم بێتۆ پڕ ژانە و برین

### وانەی ژیان

هەتا نەچێژی دەرد و سۆزی ژین
کات تێپەڕ نەکـەی بەناڵە وگرین
تێناگەی ئەتۆ لـە خۆشی ژیان
ناگەیتە زێدی پیـرۆزی، ئەوین

### پەپوولەی خەیاڵ

لـە نێو ئـاسمانی خەیاڵـم
هەر دەگەڕێم لە شوێن یارم
بەڵـکوو بێت و ڕووناکی کا
شـەوگـاری پڕ تـەم و تـارم

### وڵاتی ناخ

ئەگەر ناخم وڵاتێک بێ
تەنیا تۆ سەرۆک کۆماری
دڵێشم دەکەم بە گوڵێک
بۆتی دەهێنم بە دیاری

### نیشتمانم

نـەسیاسـەتڤان نـە زۆر لێـزانـم
کـیـژێکی وریـای نـاو مـوکریـانـم
بەسەربەرزیەوە دەنووسم هەردەم
شـانازی دەکەم بە کـوردستـانم

## "دلۆڤان"



### ویسال

هەر وەکوو بولبول سەر لێ شێواوم
بـەدوای گوڵـی خۆم وێڵ و داماوم
لەو کێو و دەشت و دۆڵ و نسـارە
کە پڕ لـە جوانی و گوڵ و گوڵـزارە
ڕەنگی زەردی من لـە دوور دیـارە
کـە دڵ چـاوەڕێی ویسـاڵی یـارە

### هاوڕێی ژیانم

نازانم چۆن کەم وەسفی جوانیت
باسی کەشخەیی ونەرم و نیانیت
دڵـی من وێڵـە بـەشـارانـەوە
شـاگەشکـە دەبم بە شـادمانیت

### هیوا

بێ تۆ هەست دەکەم دەمرم
لـەم ژینە دەست هەڵدەگرم
ئـەم جـارە بـۆ دیتنـی من
مـەگـەر بێیـە سـەر قـەبـرم

### ئامێزی ژیان

یـەکـەم ئـامێزت بـۆ دڵـدارت بێ
پێشکەش بە واتای تەنیا یارت بێ

کۆتا ئـامێزت بنێرە بۆمن
لـە لای من مەکە تۆ باسی مردن

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## هەڵژنێم

بۆکان. ڕێ زان

سوڕی دەوران جەغزی دام وخۆشەویستی هاتە ڕێم
باڕنی ساردی ژیان و گەرمی دڵدار کەوتە جێم

دڵ مەکۆی سەد دەردو ژان و پڕگومان وپڕکەسەر
هەربەخەندەی لێوی خونچەی،خۆش دەبێ هەنگاوێم

چۆن گوڵم داوا لەمن کابۆژوانێ سەدخەتەر
شەرتە سەردانێم لەڕێیدا ڕێگە دەگرم دێم وبێم

شیلە هەنگی لێوەکانی نازمە و لازم بەزات
ئەونگینەی پەنجە مۆرەومن هونەرمەندی ئەوێم

ئەو بەهارە سەوزە پۆشە و شەهدی گوڵ تێدا ڕووا
بۆتە چاوەی خۆشەویستیم،وەک کەرێز نێ داروێنم

حەیفە گوڵزار،گیا و فریزوو تێل دروو دەوری گرێ
هەڵژنێ گوڵ ڕوو بە خۆراو من وەکوو ئەو هەڵژنێم

هەربە ئێش وزامی عەشقا چاو خەواڵو دڵ بەسۆ
لێم گەڕێن با بەو برینە سەد ئەوەندە دافەتێم

پوشپەڕە و ڕێ زان لە خەمدا،کۆتری ئاشتی داچڵەکا
دەردی دووری و ساڵیادی، ژین وشادی تاڵەڵێم .

*بە داخەوە کەسێک بە ناوی(هیوا،مەریوان) ئەو شێعرەی بە ناوی خۆیەوە لە کاناڵی تێلگرامی(انجمن ادبی بوکان) بڵاو کردۆتەوە. ئەم کارە دزێوە زۆر بە داخەوە بۆ شێعری زۆربەی شاعیران لە لایەن کەسانێک بەو شێوە دەکرێ. هیوادارم پێش بەو جۆرە کارانە کە دزی ئەدەبییە بگیرێ.
ڕێ زان

## بانە.

سەهەند حەسەن پوور

مۆمی خەیاڵ گڕی گرت
لە ئاسمانێکی بەرین

ماوەیێکە نایبینیم
تیشکی هەتاوی ڕەنگین

دایپۆشیوە هەوری ڕەش
کز و لاواز و غەمگین

بە ناسکی دێتە خوار
بارانی پڕ ماتەمین

دایە سەر زووڵفەکانی
ناسکە لەچکی ڕەنگی
شین

ئاسمانی خەماوی من
کەوتەوە گریان و شین

ئەڕۆی بە ناز و هێدی
شەقام کەوتە پێ کەنین

چی تر دڵم گەشاوە
بە نیگاکەت نازەنین

ئارینای وڵاتم بە
نیە لە ڕەنگت حەزین

ئامێزیشت باز بکە
دێتە دەر ئەشق و ئەوین




(ئاڤان)

شەقام گوڵ باران بکەن
خەونی حەزەکانم هات
پاشا جوانەکان لاچن
حۆری خوای ئاسمانم هات
ئەزانم کە بە دەنگی
هاوار و گریانم هات
زانی کە دڵ بێ هێزە
بۆلای تریپەکانم هات
بۆ کاراکردنی دڵی
نزیکە نەمانم هات
زانی خەمی خۆیەتی
بۆلای خەمەکانم هات
بۆ دووبارە بوونەوەی
چوار وەرزی ژیانم هات
بە یەک جاری بۆ چارەی
هەموو برینەکانم هات
کلیلی خەندە و خۆشی و
پێکەنینەکانم هات
لاچن ساحەب پابووسی
یەک وشەی زمانم هات
چەند ساڵە بەس ناوی تۆ
لە ناو خەونەکانم هات
لاچن خاوەن ئیلهامی
شێعر و دێرەکانم هات
لاچن یارە جوانەکەی
پێتەختی کوردانم هات
با بێت فێنک کەرەوەی
دڵی ئاگردانم هات
ئەزانم یار بە ئەمری
خوای ئەرز و ئاسمانم هات

گۆفاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

## دەردەکەی فەرهاد



بۆکان. ئاسۆ

بە جورمی ئیشقی تۆ مەحکووم کراوم، خۆش بە حاڵی تۆ
بڵێی بەندیم بکەن وەک ئینفرادی شەو لە ماڵی تۆ؟

لە بەر قەمچی و تەزووی تانە ئەمن ڕەش بۆتەوە پێستم
ئەری چۆنە گوڵی سوورم لەسەر ئەم وەزعە حاڵی تۆ؟

ئەگەر زنجیری زاڵم با، بەقورعان دەم پساند ئەمما
لە بۆم قەت ناپسێ تاڵێ لە هەودای زولفی کاڵی تۆ

لە منداڵیمە هەر خاو بووە دایمە خەیاڵاتم
بڵێی چۆن بێ لەسەر جورمم گوڵی جوانم خەیاڵی تۆ

منم وەک حافزی کوردی دەڵێم ساقی ادر کاسا
هەتا بیخۆمەوە یەک بێن، بەیادی زولف و خاڵی تۆ

که عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها
ئەگەرچی نیمە تاوانیش، وەئەستۆی من، وەباڵی تۆ

ئەرێ فەرهادی کۆی بێستوون ئەوە هێشتا نەمردووی تۆ
هەتاکوو دەچمە کرماشان، دەبیستم ناڵەناڵی تۆ

بە تیشەی تۆ قەسەم فەرهاد، گەلی شاهان لە سەر فێڵن
ئەرێ زاڵم ئەدی بەس نێ؟ ڕەبی زووبێ زەواڵی تۆ

شەوێ کیژێ بە سرتە پێی کوتم **ئاسۆ** بە شیعرت سوێند
ئەمن گەش دەبمەوە هەر شەو، بەشیعری نێو کەناڵی تۆ



موحیب مەهابادی

هەر کەسێک هەستا لەخۆی ئەفسانەیەکی کردەباو
بادەیەک بوو و هەرکە هات پەیمانەیەکی کردەباو

چون بە عەقڵی حەل نەبوو سەد پرسیاری بێ وڵام
داب و جواب و سەفسەتەی دێوانەیەکی کردەباو

قەت نەبوو ڕازی بە ئیلهامی دڵ و ئیمان بە خۆی
بۆیە سەرگەردان بوو، ڕێی بێگانەیەکی کردەباوە

دین و عیرفان و تەریقەت گشتی بۆ سوکناییە
ڕووح نەبوو ئارام و هەر هێلانەیەکی کردەباو

وا لە گێژاوی بەڵا کەوتووین مەگەر خوا چارەکا
نەفسە دایم بێ خەبەر پاکانەیەکی کردەباو

هەرچی زیاتر دووربووە ئیتر لە مانای مان و ژین
دەم بە دەم حەیران بوو یاسا و وانەیەکی کردەباو

تا کەمی هێنا لە گۆشەی سەرد و تاریکی کەنیشت
گیان گەرم داهات و زوو مەیخانەیەکی کردەباو

جەژنی پیرۆزی بەشەر ئازادییە لەم بەندی لەش
بێخودی بوو جێژن و گەر جێژنانەیەکی کردەباو

نووری شەم ئامانجە کاتی شەو نە نەخشی باڵەکان
خامە هەردەم گەردشی پەروانەیەکی کردەباو

خامۆشی و خەڵوت لە دونیا دا **موحیب** سەرمایەتە
پێچەوانەی وەی قسەی جانانەیەکی کردەباو

# خەرمانێک لە شێعری شاعیرانی مەریوان



مەریوان.کەریم قادری"تەنیا"

ماوە تامی کۆنە ماچێ تەڕ لە بن دانی غەزەڵ
ماقە چاوی توولە ڕێیە پەڕ لە گریانی غەزەڵ

وا لە رووما ئاسمانی گوڵ لە رووت بۆیە شێعر
وا لە شەرما خۆی خزاندە سووچی دیوانی غەزەڵ

نابێ پڕ نابێ بە دێڕێ چاڵی کوڵمی مانگەشەو
تاسە کۆگای ماچ ئەهێنێ پڕ بە لێوانی غەزەڵ

دیدە بێنە شێعرێ سووتاوم هەیە بۆ چاوەکەت
دیدە دێنم نیو نیگایەک بەسمە بە گیانی غەزەڵ

دەیسپێرێ گیان بە ڕۆژێ ڕووت خەیاڵێ بەستەڵەک
ڕەشبەڵەک گیراوە چین چین ساتی خنکانی غەزەڵ

با دەلاقە چاو برێتە جێگە پێی خەونێکی ون
تا لە کۆڵانی هەنسکا دەرِوێ چاوانی غەزەڵ

هەڵرژایە باوەشی دێڕێ هەناسەی نیوە شەوە
بەو شەوی ساماڵی عەشقە گەرمە بارانی غەزەڵ

دەستی برژانگت بە نەرمی ڕێک بکات پرچی خەیاڵ
هەستی خامە و دێڕ بە گەرمی دێنە سازدانی غەزەڵ

## سێ کوتیلە شیعر




مەریوان. ڕێناس جیهانی

ـ۱
بێتاقەتیم!
بنووسە،
بە ئالبۆمی دڵخۆشیەوە
با ژیان پڕ بێ
لە تامی پرتەقاڵ و
هەنسک بۆنی نێرگزی لێ بێ.
بنووسە،
لە سەر پێناسەی پێکەنین
تا نامۆیی ڕەنگ بگرێ و
حەوت ڕەنگیلە، چۆک دانێ
بەرانبەر تنۆکی شەونمی چاوت.

ـ ۲
چاو دادەخەم و
بە پارووەیەک دڵ تێر ئەکەم
پڕ پڕ لە تۆ

ـ۳
کەوتیتە دڵە خورپێ ئەمجارەش
ڕواڵەتت تێک نەداوە
لە ئەوساش خۆشەویستتری
حەوت ڕەنگیلەی نێو ئاوێنە
من تۆم یا تۆ منی؟!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



مەریوان. ڕەحیم جەوانرووودی(شکۆ)

شەو لەگەل خاڵۆ خەیاڵا، هەڵتەپێچم هەیت و نیت
خەو لە باوەش چاوەڕوانی، وا قەرارە بێیت و نیت

دەستی دۆعام تا قەراخی مێزەکانی خوا ئەگا
دەنگی پێڵاوت ببیسم، هەڵگری پێ بەیت و نیت

کۆشکی دڵ ئامادەیە بۆ تاجگوزاریی شاگوڵی
بۆ ژەمێ سەردان ئەحواڵی، ئەم دەروونەم کەیت و نیت

کۆنە دیوانێ لە قاپ نێم، تا لە هۆدەی بێکەسا
بۆت بکەم شارۆ لە شێعرا ،بێیت و بڕیار بەیت و نیت

شەو سەری هیوا بە هێواش، ڕۆی دەلاقەی هەڵچڕی
بۆ تریفەی مانگی ڕوانی،تا شەوەزەنگ بەیت و نیت

چەندە بە "شکۆ"وە لە خۆم ئەڕوانم بەرگەی تۆ گرم
ئەو دەمەی لێوان بێ پیاڵە، بۆ منی دەرخەیت و نیت

کێ ئەزانێ تا شەوێکیتر، بە تۆدا بچمەوە
خۆم ئەبینم لەم ژیانا، پرچی شین ڕادەیت و نیت

## چاوەکانت



مەریوان. کامیل داوەری

چاوەکانت دوو ئەستێرەن
سەریان بە مانگ داخستووە
شوانەخاڵێک لە سەر لێوت
باروبنەی ڕاخستووە

جاربەجارێ دوو ڕووبارن
هێدی هێدی دێنەوە دەنگ
دوو ڕەشماری بەقیناچوون
لە گەڵ بەختم هاتوونە جەنگ

هەندێ جاریش خۆرەتاون
بە بەرۆکی ئاسمانەوە
بە ئێواران دەبنە سێبەر
دەرژێنە نێو کۆڵانەوە

دەمێک وێنەی دەمەوبەیان
نیشاندەری ڕێی گزنگن
وەک هەناسەن بۆ ژیانم
بۆ مانەوەی ڕۆح گرنگن

دەمێکی تر دوو کۆترن
یاخی و شێت و لانەوازن
زریبارن هەموو وەرزێک
دڵڕفێنن، چاوگەی نازن

ساتێ تەرکی دین ئەکەن و
هەڵدەواسن ملوانکەی خاچ
گوێی شەقام و شار دەتەنێن
بە ماژۆر و مینۆری ماچ

برێ جارییش وەکوو بۆمبن
ڕووبکەنە هەر وڵاتێ
جینۆسایدێ تۆمارئەکەن
دەبن بەهۆی کارەساتێ

ئەمێستاکەش دوو فەرماندەن
لە هەرەشەی کەس ناترسن
دڵی گەنج و پیر ئەپێکن
لە تەمەنی کەس ناپرسن

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



مەریوان. م. خەیاڵ

گـەر نـەبێ ڕەنگێکی تۆخی تۆ بە تابلۆی شارەوە
شەرحـی وەک وێنەی نیگاتیڤ دێتە نـێو بازاڕەوە

دێر بە دێر شاریٔ ئەپێویٔ و نابینیٔ شوێنپێت دیەم
کـەم لە پـشتی پەنجەرەی هـەڵماویا خۆت شارەوە

گەر خورەی دەنگت هەناسەی ڕۆح و دڵ نەگرێتە خووس
یەک خـەیاڵ ئـەمبا بـەرەو  گـۆمـی هەزار ئازارەوە

بەر بەیانێک چی دەبێ هەڵبێی لە سووچی پەنجەرە؟
بێ مـەهێڵە خۆری هیوا چێ بەدەم ئـێوارەوە

بـێ لـە باخی هـەستما بڕوانە بەرمـاڵی ئەوین
ڕاخراوە ڕوو بە قیـبلەی چاوی تۆی نازارەوە

## هاوار

مەریوان.پەرۆش مەریوان



ئەشهـەدووبیـلا لـە دڵما چاوە چـاوی غـارەکا
ئارەزووی ڕاوی کەوێکی خـرتـەڵەی ناوشـارەکا

من لـە نـاو داڵان و دێبـەر داڵی چنگتیژی زەمان
بیری هەڵکۆڵیم، کەچی دڵ لـەم دەمـە هـاوارەکا

داری ئێقبالی خەیاڵم گەرچـی وەرزی خـۆی نییە
وا خەریکە مەیلـی گۆپکەی تازە دەرچـووی یارەکا

گەرچی ئاڵۆزە نیگاهـم، نووقمـی گێژاوی شـەوە
لاپـەڕەی خـاڵی لـە خاڵت، ژوورەکـەم بێزارەکا

ئێستە فێرخوازی ئەوینی تازەم و سـەیـرە لە لام
ڕاست دەپێوم، بۆچی ڕێگام لـە خـەتـی پەرگارەکا



مەریوان. بەیان دانیکەشی

**گیانی گیانم!**
**لە ئێوارە دڵتەنگترم**
**گەر جاریٔتر بتبینمەوە،**
**بەجۆریٔ لە ئامێزت ئەگرم**
**ساردی نیگات**
**بە یەکجاری**
**لە ئامێزما ئەتوێنمەوە.**



## شیعری منالآن

### "خاڵخاڵۆکە"

مەریوان. جەمال مەریوانی(هەڵبەست)

دوو باڵی سووروم تەژی لە خاڵە!
میوانی دوورم دێم بۆ ئەم ماڵە!

شەش قاچم هەیە و دوو چاوی جوان!
حەزم لە گوڵە و گژوگیای کێوان!

ناسک و خاڵخاڵ؛ نەرم و خنجیلەم!
هاوڕێی پەپوولەی جوان و وردیلەم!

دەچمە سەر پەلکی گوڵی ڕەنگاوڕەنگ!
هێدی و لەسەرخۆ؛ دەنیشم بێدەنگ!

بێ زیان و ئازار، من ئێسک سووکم!
دەفڕم بە باڵی ورد و بچووکم!

ئەگەر دەتهەوێ بزانی من کێم!
لە کوێ دەژیم و کوێیە شوێن و جێم!

جێم دایم لەنێو باخچەی گوڵانە!
ڕەنگم سوور وەکوو خوێنی دڵانە!

نوختەی ژێر پیتی "چ" ی چاڵچاڵۆکە!
لە سەرێ دانێ بۆ "خاڵخاڵۆکە"!






## شیعری منالآن

### بابۆڵە

بۆکان. خوسرەوی

کاتێ لە ماڵ دەچمە دەر
بۆ مەدرەسە یا سەفەر

دایکم پێم دەڵێ: ڕۆڵە
بۆم ساز کردووی بابۆڵە

وەی چەندخۆشە بابۆڵە
گوپی خڕە و بچکۆڵە

بابۆڵەکەم گەورەیە
ماست و نانە چەورەیە

جێگەی وا لە گیرفانم
یا لە ناو کیفی شانم

برسیم بـێ دەریدێنم
بەگاز سەری دەپسێنم

بای دەدەم دەیکەم نۆشم
زگم تێر بـێ ڕوو خۆشم





## پێشکەش بە منداڵانی کوردستان

باوکی نیشتمان

### هەڵە

(بەگۆشە نیگایەک بۆ شێعرێکی
شێل.سیلوێرئێستاین)
تیرێکم هاویشت،بەرزەحەوایی
گەڕاوە بۆلام تۆزێک دووایی

لەسینگی هەوری بچووک چەقابوو
کوێربم بەئاستەم گیانی تیامابوو!

گریام هەر وەکوو بارانی پەڵە
بۆ چارەسەری کردنی هەڵە

هەڵم گرت بردم بۆ نەخۆشخانە
ئێستاکە چاکە ئەو هەورە جوانە

وا لەقووڵایی ئاسمانادایە
هاودەمو هاوڕێی هەمیشەی بایە

جار بەجارێکیش دێ بۆ کوردستان
ئەم بەسەرهاتە بووە بەداستان

بووە بەشێعرو شەوچەرەی شەوان
بەهەست وسۆزی شمشاڵی شوان

هەورەکەم شاد بێ منیش دڵشادم
هەرگیز هەڵەی وایش ناچێ لەیادم

هەروا کوێرانە تیر ناهاوێژم
با خەڵکی نەڵێن:نەزانو گێژم

پێش لەوەی کارێ ببەم بەڕێوە
تێدەفکرم لێی بەهەرچی شێوە!

### جووجکە

ئەی جووجکە ڕەنگ زەردەکە
بیچکۆلە بێگەردەکە

بەحەوشەدا دێی دەچیت
ئەزانم چاوەڕێی چیت!

لە باخچە چینە ئەکەی
خاشاکی لێ لادەبەی

کرمی خاکیو مێروولە
دانوێڵەی بچکوولە

ئەیانگری بەدەندووک
ئەی جووجیلەی ئێسک سووک

بیخۆ نۆشی گیانت بێ!
دایم تێکۆشانت بێ...

### پشیلە

پشیلەی کلک قیتە
پێم ناڵێی گەڕی چیتە؟!

خۆت مات داوە لەو لاوە
بۆسەت بۆ کێ داناوە؟!

بۆ مشکۆڵە پەرۆشی
بۆ گرتنی ئەکۆشی؟!

یان بۆ چۆلەکەو کۆتر
یان بەستەزمانێکیتر؟!

بەسیە بیری خراو مەکە
هێندە چاوەچاو مەکە!

ئەو ئێسکو ورتکەنانە
بخۆو مەگرە بەهانە!

### ڕۆڵە کورد

من ڕۆڵەی کوردم
بەدەستو بردم
فێری زانستم
لەڕێی مەبەستم
خاوەن هەڵوێستم
تاوێ ناوێستم
بەهەستو سۆزم
دڵسۆزی هۆزم
هیواو ئومێدم
بۆ خەڵکی زێدم
دڵخۆشی ژینم
بەتێکۆشینم!
ژینگەپارێزم
بۆی مەتەرێزم
بۆ ئەم سروشتە
ئەبمە فرشتە!

### مافی ئاژەڵ

هەرچی ئاژەڵە ئەژی لەم ژینە
چی گیانلەبەری لەسەرزەمینە

ئەو بەستەزمانەو بێدەستەڵاتە
ئەم بستە خاکەی لەلا وڵاتە

هەر وەکوو ئێمە ژینیان پێ خۆشە
بۆ ئازار دانیان قەت تێمەکۆشە

مەبەڕێگری ئەو خاکو ئاوەی
تیشکی پرشنگی ئەو خۆرەتاوەی

لێی زەوت مەکە لەورگەی ژینی
حەز مەکە بەزامداریو برینی

هەرگیز خۆشییان لێ خراو مەکە
ڕێی هاتو چوویان پڕ لەداو مەکە

## «هەگبەی بنار» گەنجینەی کەلەپووری کورد



بۆکان. ئەمین گەردیگلانی

پێناسەی هەر گەلێک زمان و کەلتوور و فەرهەنگ و داب و نەریتەکانییەتی و بە فەوتانی ئەوانیشە ئەو گەلە دەکەوێتە ئاویلکەدان و بەرەو هەڵدێری نەمان دەڕوا و لە نێو دەچێت. ویژە و کەلتووری هەر نەتەوەیەک ڕۆح و خوێنی ئەو نەتەوەیە و بەبێ ئەو دەبێتە قالۆرێکی نێو بەتاڵ و قرچۆک و بە ئاسانی دەشکێ، ناشتوانێ لە هەمبەر گژەبا و تۆفانی زمان و فەرهەنگ و دابوونەریتە زاڵەکانی دەورووبەریدا خۆراگرێ.

زمان و کەلتوور و فەرهەنگی کورد زۆر دەوڵەمەند و بەربڵاوە و ئەگەرچی لە درێژایی مێژوودا بواری ئەوەی پێنەدراوە بە ئاشکرا گەشە بکات و بنووسرێتەوە، بەڵام سینگ بە سینگ هاتووە و ئاشقان و دڵسۆزانی بە هەموو شێوەیەک خزمەتیان پێکردووە و نەیانهێشتووە تووشی فەوتان بێت. دیارە زمان و فەرهەنگ و کەلتووری کورد زۆر بەهێز و دەوڵەمەندە بۆیە توانیویەتی هەوراز و کەندولەند و کۆسپ و لەمپەرەکانی مێژوو ببەزێنێت و خۆی بگەیێنێتە ئەم سەردەمە؛ ئەو خۆراگری و ڕیشەداکوتانەشی دەگەڕێتەوە بۆ فرەزاراوەیی و زەنگین بوونی لە بواری وشە و ئیدیۆم و دەستەواژەدا. گەنجینەی ئەدەبیاتی زارەکیی کوردی هێندە چڕوپڕ و بەر بڵاوە پێویستی بە دەیان گرووپ و دەستە هەیە کاری لەسەر بکەن و بە شێوەی هەرەوەز و زەبارەیی هەوڵی بۆ بدەن و ماندوونەناسانە بۆی هەڵسووڕین، کۆی بکەنەوە و بە هێنانە سەر کاغەز و چاپ کردنی بەرگی نەمری و هەرمانی بەبەردا بکەن.

ئەگەرچی لە بواری کاری تاکەکەسیدا تا ئێستا حەولی زۆر بەر چاو دراوە بەڵام هەڵگوێستنی ئەو دەریایە بە لوێچی کەسێک و دە کەس چاری نایە و دەبێ سەدان کەس قۆڵی بۆ هەڵماڵن و هەر ناوچە و مەڵبەند و گوند و شارێک دەبێ خۆی گورووپێکی کارامە و خۆبەخش و دڵسۆزی هەبێ و بەتێکڕایی حەولی بۆ بدەن.

دیارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی تاکە کەسی کەسانێکی وەک ئەحمەد بەحری، سەلاح پایانیانی، قادر فەتاح قازی، ئیبراهیم ئەحمەدی، دوکتۆر عەلی ڕوخزادی، هاشم سەلیمی، سوارە فتووحی، ڕەسووڵ وەیسی، لوقمان نادر پوور، حەیدەر لوتفی نیا و... حەولیان داوە و هەر کام لە بوارێکدا بە پێی حەز و هۆگریی خۆیان چالاکییان نواندووە.

بەڵام یەکێکی تر لەو کەسانەی ماندوویی نەناسانە لە بواری فەرهەنگ و کەلەپووری گەلەکەماندا حەولی داو لەو پێناوەدا ماندوو نەناسانە چالاکیی نواند خوالیخۆشبوو مامۆستا مەلامستەفا ڕەشیدی زاوکێو بوو. لێرەدا جێی خۆیەتی هەمووومان سڵاو بنێرین بۆ ئەو  خۆرە پڕشنگدارانەی لە دەلاقەی حوجرە گڵینەکانەوە هەڵاتن و ڕووناکییان بە دنیای ئەدەب و فەرهەنگ و کەلتووری گەلەکەمان بەخشی. بۆیە جێی خۆیەتی گەلەکەمان شانازی بە حوجرەکانەوە بکات و هەمیشە خۆی بە قەرزداری ئەو مامۆستا ئایینیانە بزانێ کە خۆبەخشانە بووژێنەر و گەشەپێدەری زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی وڵاتەکەمان بوون.

مامۆستا مەلامستەفای زاواکێو نووسەرێکی زمان پاراو و دەرەوەست بوو. کانیاوێکی قوڵپدەر بوو لە وشە و زاراوە و پەند و ئیدیۆمی ڕەسەن و بە نووسینی کتێبی «هەگبەی بنار» خزمەتێکی گەورەی بە فەرهەنگ و کتێبخانەی کوردی کرد. ئەو بەرهەمە بە نرخەش جێی خۆیەتی وەک گەنجینەیەکی کەم وێنە چاوی لێبکرێ، چونکە ئاوێنەیەکی باڵانوێنی فەرهەنگ و کەلەپوور و داب و نەریتی پێشینیانە و زانیاریی شایانمان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا پێدەبەخشێ. کتێبی هەگبەی بنار جگە لەوەی چەند سەفەرنامەی بە نرخ و پڕ زانیاریی لە خۆ گرتووە لە بەشە جۆراوجۆرەکانیدا ئاوڕی لە زۆر بابەت و لایەنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی داوەتەوە. لە سەفەرنامەکانیدا جگە لەوەی لەگەڵ جوگرافیا و شوێن و مەڵبەند و چیاو کانی و دەشت و چۆمەکان ئاشنامان دەکات، ناوی دەیان گوڵ و گیا و ئاژەڵ و پەلەوەری ئەو ناوچانە دێنێ و وەک کامێرا دەیانخاتە بەر چاومان. هەروەها مامۆستا یەکەم کەسیشە بە زمانی کوردی سەفەرنامەی نووسیوە و گرنگیی بەو بوارەی فەرهنگ و ئەدەبی گەلەکەمان داوە.

باسی مێژوویی و ئاسەواری مێژوویی لەو کتێبەدا زۆر بەرچاوە. لەوانە مێژووی پەیدا بوونی گەنم و چایی و سەماوەر و ئاشی ئاوی و ئاشی با؛ هەروەها باسی ئاسەوارە مێژووییەکانی وەک  پردی سوڵتان و کۆخی کورتەک و ئەشکەوتی موکری قڕان و ئەشکەوتی گەوەرێ و تەختی سولەیمان و بێستوون و ... ڕوون دەکاتەوە. هەر وەها بابەتە کەلتوورییەکانی وەک بووکەبارانە و ڕیوڕەسمی ژن هێنان و سەرەخۆشی و سێ ڕۆژانە و بەرێوەبردنی

جێژن و خێر کردن و کولێرەی بیست و حەوتەمی ڕەمەزان و سەڵا و زۆر شتی دیکەی لە خۆی گرتووە. ئاوڕیشی لە زۆر بابەتی دیکەی وەک دروست کردنی دانوو، سەمەنی، ترخێنە، شەلەم، دانوولە، بۆدراو، هەرشتەبرینەوە، جۆلایی و جاو و لبادسوونەوە داوەتەوە. باسی کایە و یارییەکانی کوردەواری وەک هەپک هەپک، گورزێن، خووگەملە، پووشکەبەفوو، گوێ پرووسقێنە، تووت و فەراقەت، پشکیلان، جۆرابێن، کێسەڵ بەخشیکێن و زۆر گەمە و یاریی دیکەی تێدایە و باسی ڕاو و چۆنیەتیی ڕاوەکەو و کەروێشک و ماسی و ڕێوی و دەڵەکی بە وردی کردووە. جگە لەوانەش نووسینەوەی چەند چیرۆک و هەقایەتی کۆنی لە دوو تویێ ئەو کتێبە بە نرخەدا هێناوە و بنەڕەتی کۆنی پەندەکانیش یەکێکی تر لە بەشە گرینگ و بەنرخەکانی کتێبی هەگبەی بنارە. بۆ ئەوەی شێوازی نووسین و قەڵەمی مامۆستا مەلامستەفای زاواکێو باشتر بناسین، چەند نموونەیەک لە نووسینەکانی دەخەمە بەر دیدەی خوێنەران:

بەهار کاتی گەڕان و سووڕان و چوونی کێو و قەد و کوێستان و هەرد و بەرد و زەرد و لەند و دوند و سەختی و چڕی و چیا و چیمەن و چۆم و قورغ و دار و نزار و لێرەوارە. کاتی دیتن و چاولێکردن و چاوپێکەوتنی گوڵ و چڵ و مەل و دەڵ و زۆنگ و زناوە. کاتی بیستنی دەنگ و ڕەنگ و خشپە و فڕەی باڵندە و بوونەوەرە. کاتی غەمڕەواندن، تەم پەڕاندن، خۆ هەڵخستن لە بن بەفر و ڕەند و ڕاوەندە؛ کاتی دیتن و بیستنی قاسپەی کەو، نەغمەی بولبول، چریکەی جۆڕڕە، زیرەی زەردەزیرە، گمەی کۆتر و سیرەی سێروو و دەنگی دلێری شاهۆ، دانی قەباڵەی خوشبەختی باز، قرتەی قەلەسابوونە، جیکەی ماسیگرە، ورتەی ماسی خۆرکە، جووکەی پاساری، دەنگی خۆشی تووتی، چاوی جوانی سەقر، چالاکی باشوو، پیرۆزی کۆترەباریکە، قرتەی مریشکە کێوی، نرکەی چیرگ، نووکی قولاپی هەلۆ، تەقەتەقی سمۆرە، قرەقری قەلەڕەشە، بووبووی کوندەبەبوو، نووکەی کاسەڵەشینکە، قنەی هەوێردە، ڕەوتی ڕۆیشتنی زرەکەو، تەقەتەقی دارکوونکەرە، قرەی خەبەری ناخۆشی قشقەرە، سۆزەی سمینی کەندەسمە، قارەقاری قاژوو، زریوەزریوی خەزایی، پیرۆزی پەرەسلێرکە، تەپەتەپی شەمشەمەکوێرە، کرەکری کورکوڕ، قاسپەی کەوی بنار و قنەڕەوی کەوبار، تێکەڵ دەگەڵ دەنگی قاز و قولینگ لە حەوا، تەپەی خەرتەل، زیقەی بەرگاویلکە، ڕەوتی جوانی قومری، قنەی سوێسکە، قارەی سوورە قانگ، قارە و بڵیندی شاهۆ، جووکە و وێردی سریلە، دەنگی خۆشی شەهێن و شمقاڕ، دەنگی جۆراوجۆر و فێڵەبازی ئەحمەد ڕاوکەر، قنەی جوانی تەرلان، فێڵەبازیی شوانخەڵەتێنە، فرکەی مراوی سەرسەوز و بۆرچین و هەزاران باڵندە و پەلەوەر و بوونەوەری دیکە، تێکەڵ دەگەڵ هووشەی مار و هازەی کەروێشک و واقەی ڕێوی، زرمەی چوالوو، پرمەی دەڵەک، بۆڵەی ورچ، زیقەی بانبانک، قوتەی ڕسق و مشک کەروێشک، کاروانی بە ڕیزی مێرولە، لوورەی گورگ، فرەی کوللە، هاژەی بێهێزی پەپوولەی باڵزێڕین، هەڵات هەڵاتی تاجیلۆکە، گازگرتنی مەشکەدڕە، کاروانی یەک بە دوای یەکی بەراز، هۆڕەی گاران، کاڕەی مەڕ، بێلەی بزن، دەنگی خۆشی بەرخۆلە، جوانی و ڕەنگاندنی ئاسک و بزنەکێوی. هەمووی ئەوانە زۆرتر لە بەهاردا دێنە دەرێ و دەبووژێنەوە، خۆ هەڵدەخەن، گوێ ڕادەگرن بۆ زستان زەخیرە دادەخەن. هیوای ژیانی نوێیان وەبەر دێتەوە، ئەوانەن کە کوێستان و شاخ و مێرگ و مێرغوزار، ڕەوەز، قەڵپەز و کون و کەلێن و ئەشکەوت و زەردوماهـ و نزار و دار و چوغر و قورغ و قۆپی و گوێ چۆم و خڕ و دۆڵ و شیو ئاوەدان دەکەن و خۆشی دەکەن، دێن و دەڕۆن دادەپەڕن و ڕادەپەڕن. دەنگیان و ڕەنگیان دیمەنێکی دیکە و وێنەیەکی ڕازاوەتر بە وڵاتی کوێستان دەدەن، بۆیە هەر بینەرێک هەست بەوە دەکا ئەوە کاری دانەری هەستییە کە خودای یەکتایە، ئەو هەمووە خۆشی و جوانیەی ڕۆناوە لەسەر ئەو دونیایە و هەر ئەوە فەسڵی ئاوا بۆ دیاری کردوون تا بتوانن هەموو ڕوح لە بەران خۆی تێدا وەدیار خەن و وەدەرخەن، نەمرن لە برسان و نەڕۆن لە ترسان. جا لەو بارەوە کوردستان بە وێنەی بەهەشت غەملیوە و بۆ  خۆشی بەهار ئەگەر بێوێنە نەبێ، کەم وێنەیە.

ئەمە بەشێک لە سەرەتای سەفەرنامەی ماینبلاغە و بۆمان دەردەکەوێ مامۆستا چەندە شارەزای سروشت و ژینگەیە و وەک کامێرایەکی زیندوو دەیاخاتە بەر چاوی خوێنەر.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سەفەرنامەیەدا دەیخوێنینەوە:

بۆ شەو ڕۆیشتین بۆ سەر کانی و ئاو و کۆلێکی کە بە ڕاستی دڵی دەلەرزاند و هەستی دەبزواند، ئێشی لە لەش لا دەبرد، نۆش و خۆشی هەموو گیانی مرۆڤی دادەگرت، هات و چۆ و خرتە و پرتەی ژیشک، مارمێلکە و سەرمازەڵە و زەردەقۆڕە و کیسەڵ و مشکەکێوی ئەوەندەی دیکە سروشتەکەی ڕەنگاندبوو. لەسەر کانی بۆق و جرج و مڵە هەوایەکی تایبەتی دابوویە؛ ئاوەکە لە سەرچاوە  هەڵدەقوڵی و نیازی بە ئاوڕوونکەرە و قەوزە و ئەوە نەبوو،

دەوری کانی بە پنگ و کووزەڵە و ماکووز و گۆزەڵاو وا ڕەنگابوو دەتگوت هەزار وێنەگر و تابلۆنووس کاریان لێ کردووە، بەڵام کوا چ نەقش و نگارێک دەگاتە دەستکاری هەستی؟ هەر ئی وی جوانە و لەو جوانە؛ شەو لەوێ بووین، دیار بوو ئەوێ «هەواری قەڵپەز» بوو، ڕۆژەکەی باش بوو بەڵام شەوەکەی سارد بوو سەرما سڕ و گێژ و وڕی کردین. بە هیچ شتێک گەرممان نەدەهاتەوە بەڵام چونکە سەفەرەکە بە دڵ بوو و جێگایەکەش نێوگوڵ بوو، کۆڕەکە گەرموگوڕ بوو، سەرماش گوزەرا. ئیتر ڕۆژ هاتە سەر سوێیە، گزنگ لە سەرانی دا؛ مەندێ و کەما و کوڕادە دەتگوت بازنەی زێڕ و خەڵخاڵە لە مەچەکی بێری مەرێدا دەدرەوشێتیەوە. گوڵە شلێرە لەبەر ڕندووی بەفر سێپەڕەی دابوو دەتکوت ڕووی سووری کیژی کوردە هەتاو لێی داوە، لەسەر بستوو شیر مەشکی بە کۆڵەوەیە بەرەو چادری دێتەوە و چاوەڕوانی دەزگیرانە حەلالەکەی دەکا کە بە سواری لە سەفەری بێتەوە لغاوی وڵاغی بۆ بگرێ ئاوزنگی بۆ داخا و لەو بەفراوە بۆی بێنێ و ماندوویی نەمێنێ و بحەسێتەوە. ئێمەش بە شنەبای بەیانی و تینی تیشکی هەتاو و بۆنی ڕوحبزوێن و خەمڕەوێنی گوڵ و گیای ئەو دەورووبەرە و نواڵ و لاپاڵ کە دای لە خێوەتەکە گەرم بووینەوە. کڕی و سری، دژی و گرژیی شەوێمان وەلا نا وەک گوڵە شلێرە گەشاینەوە. ئەو گیا و گژ و گوڵ و گوڵزارە لاپاڵ و نواڵ و نسار و پەسارە لاباسک و خر و دۆڵ و مێرگ و حەوشە و حەسارە، ئەو جۆگە و بازگە و مشتە و بەر و بوار و بەریان و پردەڵە و پردەبازە، ئەو قەڵپەز و ڕەوەز و تەقتەق و بەرد و شاخ و زەردوماهـ و بەرقەد و قووڵەمەندی و سەر و بەر و تاڤگە و هەڵدێر و خوڕێن و پۆنگاو و زەڵاوە، نێوپژچک، قووڵەمەشک و سندە و کەندەڵان و بووره و بەیارە، بۆ دیتن و گەڕان و گەشت و گوزار سەیرانگایە. بە ڕاستی گیانێکی تازە، تەزوویەکی نوێ دەدا بە لەش و هەموو لەشێک بێئێش دەکا. ئیتر دوای گەڕان و سووڕان و سەیر و سەیاحەت، خواردن و کردن و بردنەوەی گیا و گژێکی زۆری ئەو کوێستانە. قسەی خۆش و حیکایەت و جەفەنگ و شیعر و گۆرانی و بەیت و باو و وزە و ویرە و بالوێرە و نەزیلە و نەقڵ و ئەوانە هەر یەک بە دەستێک گوڵ و کۆشیان تێکەڵ دەگەڵ بیرەوەری هەر دەراوەی هەنگاوێک، لە هەر گوڵەی گەڵایەک، لە هەر چڵەی پەلێک، لە هەر پەلەی تووڵێک لە بوخچەی بیرەوەریمان خست و لە سینەمان هاویشت. ئەوە ئێستا بۆ ئەوەی لا نەچێ و لە بیر نەچێ نەگۆڕێ و نەفەوتێ دەیڵێم و دەینووسم. با بمێنێ بۆ دەورانی بیرەوەری، دەورانی دووری یا نەمان.

لە سەفەرنامەی کوێستانی قەڵاگادا زمان و جوانکاریی بەیان و سێحراوی بوونی قەڵەمەکەی مامۆستا مەلا مستەفامان بۆ دەردەکەوێ و زانیاریی لە بارەی ژیانی گوند و لادێ و گیا و گوڵ و سروشتەوە بەڕاستی جێی سەر سووڕمانە و بە خوێندنەوەی ئەو کتێبە و بەشە جۆراوجۆرەکانی بۆمان دەردەکەوێ زمانی کوردی چەندە زەنگین و کانگای وشەیە و بە دەست خۆمان نییە ئەگەر شانازی بە خۆمان و بە زمانەکەمانەوە بکەین. لە بەشێکی سەفەری کوێستانی قەڵاگادا دەخوێنینەوە:

با چاو ببڕینە هەوار و هەوارچی و تاوڵ و خێوەت و چیغ و شوان و بەرغەل و بەردەبێر و بێری و مەڕی مۆڵی و سەر حەوشە و شیرمەشک و دۆ و دۆدانە و لۆرک و شیرێژ و دەڵەمە و پەنیر و مەیلە و ڕۆنی کوێستان، کاڕەی بەرخ و سارەمە و زاووماک و بارەی مەڕ و بێلەی بزن و هۆهۆ و هێ هێی شوان و دەنگی شمشاڵ. با بۆنێک لە سمڵ و مێخەک و شمڵی بەربەرۆکی شەنگەبێری بکەین. با گوێ ڕایەڵین بۆ دەنگی خرمەی بێریی بەربێری کە لە نێو مەڕی موڵێدا بە خرمەی بازنە و خرخاڵ و گۆبەرۆک، سیخمەی پووڵەکەدار، گواره و کرمەک، دڵ دادەچڵەکێنێ؛ چاو لە گوڵی تاسکلاو و گوڵینگی پاشەسەر و کۆچکە و لاگیره و بەرموور و میخەکبەند و ژێرچەنە و قەتارەی سەر پشتێنێ بکەین. با لە نانی پڕ لە فێڵاوی و جۆش و ئێش و نەخۆشی دوور بین. جەمێک کەلانە و کولێرە، هەرمێشک و کولێرە چەورەی ڕەشکە و کاخڵی و کونجی دەستاوی هەویر بە ڕۆن و جوانکراو بە شیر و هێلکە و بە تەندووری دار و تەپاڵەدادراو، لە سەر کەوڵی مەجوعمە پێچراو، لە نێو تێڕ و توربێن و خورجێن و هەگبە و هەمبانە و چارەکە و کۆڵوانە بخۆین. بۆیە دەڵێ دێیە مەکۆی ژیان و ئەوین. با نرکاوێک لە ئاوی بەفراو بخۆینەوە، برێک گیا و گژ بۆ خواردن و هەڵگرتن و دەرمان و جوانی و ڕاگرتنی لەش، ئاودراو بە بەفراو و باران شین بوو لە نێو ڕندوو و بن بەفر و ڕەوەز و قەڵپەز و هەڵدێر و ئاوهەڵدێر و دیار و نادیار و نواڵ و سەرنواڵ و بەرنواڵ و پەنا بەفرەکان کە کوود کراوە بە کوودی حەوشە و حەسار و پەین و پشکەڵ و ڕواوە لە شاخ و بن شاخ و بەرد و قەڵشت و تاڤگە، هەڵقەنین و بەرینەوە. وەکوو شنگ و پنگ، ئەسپنگ و ئەسپۆن، شلێر و شەونم، شەستپەڕ و شەوبۆ، قۆقمیش و بزنەریشە، کنگر و کارگ، کەما و کەنێرە، کوراده و کاردوو، کووزەڵە و هۆزەڵاو، گۆزروان و گوڵەبەڕۆنە، کاڵەکەمارانە و کەلکە، کلچێوگورگانە و گوڵی ژارەماسی، ترشۆکە

وسەیدووکە، کیفۆک و کەلەمکاشوور، داندانۆکە و بەردووکە، ڕێکولاو و زیزرەمەندێ، مەندێ و ئاغجەباشی، گێلم بەرباغی و نەعنا، جاترە و سوێسنە، هەڵاڵە و بەیبوون، گیابەند و خاو، بیزا و هەڵز، کلاوبنە و ڕێواس، گندۆرە و پرپرە، شیلان و دڕدووک و زریشک، قازیاخە و گێلاخە و ئەسپەناخ، گوڵەخاشخاش و مێلاقە، پیچکە و خوژە، لووشە و قوون سوور، ترشۆکە خاسە و سۆ، سیر و سیرەخاسە، سیرمۆکە و سیرەکلۆرە، بێژان و ڕازیانە، گەزگەسک و وێنجەمارانە، نانەحاجی لەکلەک و مالوێنچە، ئاڵەکۆک و ئاڵەکۆکە تاڵە، گوڵەمارە و گوڵ و گەڵای سێوەرە، پۆڵکە و گەسکەفەقێ، کەسکەسپیلکە و چەقچەقە، مێکووک و تۆسی، تاڵیشکە و کەرتەشی، وێنجەکێویلە و گیاچەورۆکە، کاشمە و گیابڵکەنە، گیابنێشتە و سێوەڵووکە، گیاپلاوە و گیاقەیتەران، گوڵقەباخە و چەقە، گیابەرخۆلە و مژمژۆکە، تاڵەگەزە و کەسنەخۆرە، نۆک نۆکیلە و گیاسالمە، شیرشیرۆکە و گوڵەزەردە، چاوپشیلە و گوڵی چنوور، چەورۆکە و گیاچنارە، پیچۆلەکە و کەرکۆڵ، قەشقە و نووسەنەکە، زریزانە و کەتەوڵ، گوڵەگەزیزە و گوڵەنەورۆزە، گوڵەمێخەک و گیاهەوێدار، گوڵەجووتیارە و گەڵاڕەکێشە، گیاشاتەرە و گوڵی چەقالەکێویلە و گوڵی دارئەرغەوان، چاوکەسکە و هەمیشە بەهارە، گوڵەکچە و بەلبەلە شوانە، چاوەشوانە و شیروشەپاڵ، گوڵە سەدەفی و کەنێرە، گوڵەهێرۆ و ئاڵقەتیز و سۆلین و بەڵاڵووکە کێویلە.
ئەم هەموو وشە جوان و ڕەسەنە ئەگەر مانا و تام و بۆن و ڕەنگ و چۆنیەتیی بەکارهێنانی بنووسرایە لە دوو بەرگی دیکەشدا تەواو نەدەبوو. لەم وتارە بەرتەسکەدا ناگونجێ باسی هەموو لایەن و بابەتەکانی ئەو کتێبە بەنرخە بکەین و دەتوانم بڵێم ئەو کتێبە بنچینەیەکی مەزن و پتەوە و بۆ ئەوە دەبێ لە داهاتوودا گەورەترین بینا و باڵەخانەی لەسەر ساز بکرێ. بە خوێندنەوەی ئەو کتێبە بەنرخە مامۆستا مەلا مستەفای زاواکێو دەناسین و بۆمان دەردەکەوێ فەرهەنگ و زمانی کوردی چ گەنجینە و پاڵەوپشتێکی گەورەی لە دەست دا و دەتوانم بڵێم وشەی کوردی لە دوای ئەو سەغیر بێکەس و دوورەپەرێز مانەوە.

.................................

تێبینی: مامۆستا مەلامستەفا ڕەشیدی زاواکێو ساڵی ١٩٤٢ی هەتاوی لە گوندی ئەختەتەری نزیک بۆکان لە دایک بووە و دوای حەفتا ساڵ تەمەنی پڕ بەرەکەت بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە شەوی چوارشەممە ١٠، ٢، ١٣٩٣ سەعات ١٠ و ٥٠ خولەکی شەو لە نەخۆشخانەیەکی شاری تاران دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت. ڕۆحی شاد بێ.

..............................................

سەرچاوە: کتێبی "هەگبەی بنار" نووسەر مەلا مستەفا ڕەشیدی (زاواکێو)، دەزگای موکریانی هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠١٣



## بەختەوەرترین کۆمەڵگا

سنە. پژمان حەبیبی

مرۆڤ و ئاژەڵ لە زۆر تایبەتمەندییا لە یەک دەچن وەک: خواردن، خواردنەوە، گەشەی جەستە، خۆشەویستی بۆ ماڵ و منداڵ.
بەڵام مرۆڤ دەتوانێت چەند تایبەتمەندی جوانی هەبێت کە ئاژەڵ بە زۆرینە نییەتی وەک: پێداگری لە سەر داپەروەری، خۆشەویستی بۆ مرۆڤ، سرووشت و نیشتمان
جوانترین و باشترین گۆڕانکاری لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا زاڵکردنی تایبەتمەندییە مرۆڤایەتییەکانە بە سەر تایبەتمەندییە ئاژەڵییەکاندا و پشتگوێ نەخستنی تایبەتمەندییە مرۆڤایەتییەکان بۆ دەستەبەرکردنی تایبەتمەندییە ئاژەڵییەکان.
کۆمەڵگایەک کە دانیشتوانی زۆرینەی ئەم گۆڕانکارییە بە خۆوە وێنا کردبێت بەختەوەرترین، ئارامترین کۆمەڵگای دونیایە.



## سامانەکانی نیشتمان

سنە. پژمان حەبیبی

سامانی ژێر زەوین وەک نەوت، کانزا و سامانەکانی رووی زەوین وەک ئاو، دارستان، حەشیمەت و... هتد سامانە سرووشتییە گرنگەکانی هەر وڵاتێکن کە کاریگەری ئەرێنی زۆریان لە سەر پێشکەوتن و باشکردنی بارودۆخی ژیانی شارۆمەندان هەیە، بەداخەوە کەم نین ئەو وڵاتانەی کە سامانی سرووشتییان زۆرە بەڵام بە هۆی ناشارزایی خەڵک و کەمتەرخەمی و بەرژەوەندیخوازی دەسەڵاتدارانەوە رۆح و جەستەی خەڵکەکەی ئارامییان بە خۆوە نەبینیوە و پەشێوی و بێهیوایی باڵی بە سەر زۆربەی هەرە زۆری کاتەکانی ژیانیاندا کشاوە، لەم وڵاتانەدا بۆ بەفیڕۆنەدانی سامانی وڵات و خەرجکردنی ئەو سامانە بۆ ئاسوودەیی رۆح و جەستەیی خەڵک، مرۆڤانی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، ئەو مرۆڤانە گەورەترین سەرمایە و سامانی ئەو وڵاتەن، دەتوانن بە بیر وهزرێکی شیاو و راوێژکاری لە گەڵ پسپۆران، سامانە سرووشتییەکانی وڵات بۆ بەرژەوەندی دانیشتوان سامان بدەن، کاک سامان یەکێک لەو مرۆڤە تێگەیشتوو و پێگەیشتووانەی ئەندامی سەوزی چیای مەریوان بوو کە بەشێک لە ژیانی بۆ پارێزگاری و سەوزکردنی چیای نیشتمان تەرخانکردبوو، لە دەستدانی ئەو سامانەی نیشتمان، زۆر دڵگرانی کردم، پرسە و سەرەخۆشی لە هەموو ئەندامانی بەرێز و بەرزی ئەنجومەنی چیای سەوزی مەریوان، ژینگەدۆستان و بنەماڵەی بەڕێزیان دەکەم.
یادیان هەرمان و رێگایان پڕ رێبوار



## ئاگر نەوروز(کەلهوڕی)

شاری شاباد. ئەللامورادجەباریان ـ خەمبار

هەنای سەرمای سەردپشت کەیدەووڵات
سروەی وەهاری گوڵ کەیدەو خەڵات
چریکەی بولبول شاقە شاق کەو
چۆ ساز باربود ژن ئەڕای خسرەو
ئۆشیدن هەڵس وە ناو شیرین خەو
هاتیە خوەشی تر وەی جوور ئەڕادنەو
وەرجەیە پرشنگ خوەر بەی لە ئاسوو
یاشیشەی عومر گوڵەیل زۆ ورد بوو
ناوماڵ بیلە جی ئەی ڕوڵەی نازدار
ڕەنگینە دەیشتو پڕ زەوقە بازاڕ
چۆزەداس لە زەۆ چەویرخوەش بوو
سەرخرِدەی بۆنی نەرگز هالە کوو
یاگەربۆشە پێ لالە دادەودەیشت
تۆەم زندانی وەسەربەسات نەیشت
خەیمەدان سوپای گوڵان وە دەروەن
خەنم وە هۆر پیچ و لوو سەروەن
ناسکڵەی وەناو ئێڵ سنجاوی
هوری وەبەهەشت نیەتێدەخاوی
یا سیپاڵ ڕەنگین دۆەتەیل کەلهوڕ
چن ئەڕا کیەنی چین چین وبڕ بڕ
ئەو وەختە زانن هەرلەو هەنازا
دەنان وەکل چەو کوڕەیل ئازا
هەورەیل وەگەواڵ وەدۆرەوتیەی
مزگانی ڕوژەیل خوەش وەپیمان دەی
بەوشیرین ئاسا شەودێز بکەین زین
فەرهادەیل یەک یەک وەی وڵاتە چین
یاران عەزیز شیرەێل بێ باک
تۆەم سەربەرزی بپاشن وە خاک
ئیوە گشت ڕووڵەی کاوەی نەمرین
تەرف تۆن گەنە پشت یەک بگرین
ئاگربکەینەو لەسەرساڵ نوو
بیلن بوڵەن بوو وەبەرزی شاهوو



هەڵپەڕن لەدەور ئەو گڕوتینە
نیشانەی شادی خاس هەڵپەڕینە
ئاگرێ کەیمەو لەوسەوزەڵانە
نیشان سەربەرزی نەسەومانە
ئەو نەسەوێگە تودۆنی وساس
لەسەر ئەسڵێگ پایەس وئەساس
چۆرەسم ورسووم زوان کوردی
یاگەرجەژنێگ ئەوساڵە گردی
زام نیشتمان لە نوو هاتەو سوو
چوەبکەم سەیاران لە هۆرەو نەچوو
داخم هەی هاوار لەرۆژێگ سەدجار
نێش ئەوزامەدەی وە دڵ خەمبار

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



# پەیوەندی مانایی لەچەند شیعرێکی ک.د.ئازاد

شنۆ. عومەر محەممەدی




پەیوەندی مانایی چییە وچ شێوازێک بۆشرۆڤەی شیعر لەخۆ دەگرێ؟ پەیوەندی مانایی یەکێ لە دیاردەکانی بەر چاوی شیعرە، ساکارترین شێوەی پەیوەندی دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی عامیانە کە دەورێکی گرینگی بۆ ناوەرۆک و مەبەست هەبووە بەتایبەت لەبەشی زمان وەکوو ئەندامێکی کارا بۆگەیاندنی پەیام دەوری هەبووە. چەمک وپەیام لەڕێگەی پەیوەندی نێوان دیاردەکانەوە دەتوانێ چێژ بە خوێنەر ببەخشێ ئەم پەیوەندییە هەم لە فۆرمی کلاسیکی وهەم لە فۆرمی نوێدا گرینگی تایبەت بە خۆی هەیە. لەفۆرمی نوێی شیعردا پەیوەندی لە بەشی ئیماژدا بەکورت ترین وەسف وتاریف هاتۆتە ئارا لە فۆرمی کلاسیکیشدا بە گشتی دەور و شێوازی پەیوەندی مانایی لەم خاڵانەدا بەرچاوە:

- ❖ یەکەم پەیوەندی لەنێوان دیاردەکانی سروشتی و هەستەکی ساکار
- ❖ پەیوەندی هەستەکی و ڕاڤەخوازە لەنێوان عونسورەکانی شیعریدا
- ❖ دەوری دیاردەکانی وەکو وێکچواندن، خوازە، جیناس، کینایە ، دژەواز
- ❖ پەیوەندی زەمانی ومەکانی نێوان دیاردەکان
- ❖ پەیوەندی هاوڕەگەزی و هاوڕایی
- ❖ پەیوەندی جێنشینی وهاونشینی دیاردەکان

هەر چەندئەم خاڵانە ڕەنگە کارکردی هاوبەشیان لە دەقێکی شیعریدا هەبێ ولەزۆر دەقیشدا بەجیا کارکردی یەکیی وتایبەتیان هەبێ. شێوەی هەرکام لە کارکردەکانی ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە بۆ پێکاتەی دەق و دەستەڵاتی داهێنەرانەی شاعیر.

ڕادەی دەستەڵاتی شیعری وئەدەبیی بوونی دەق پەیوەندی بە ڕادەی کەڵک وەرگرتن لەو تکنیکانە (خوازە،دژەواز، هاوڕەگەیی و...) هەیە .لە شیعری نوێدا بە نمادکردن وکەڵک وەرگرتن لە ئیماژ دەتوانێ دەقی شیعر بەهێز بکا بەو مەرجە زمان کارکردی ئەدەبیی خۆی لەدەست نەدا وئاستی پەیوەندی لەئەدەبیی بوون دانەبەزێنێ ئەگەریش پەیوەندی لەئاستی ئەدەبیی دابەزێ پەیوەندی بەجۆرێک پێک بێ کەبتوانێ لانی کەم ڕەسەنایەتی چەمک بپارێزی.ئەدەبیی بوونی کەشی شیعر بەشێکی گرینگی بەسروشت وجوانیناسی شیعرەوە هەیە،هەستاوێزکردنی دیاردەکانی شیعر لە دوو تەوری بۆ باشتر تاوتوێ کردنی ئەومەبەستە دەگەڕێنەوە بۆ هێندێ لەو خاڵانەی پێشوو کە ئاماژەمان پێکردن دەمانهەوێ چەند بەڵگەیەک لە شیعرەکانی " کەشی شیعرم بارانییە ئاماژە پێبکەن:

- ❖ پەیوەندی زەمانی ومەکانی نێوان دیاردەکان:

هەرسێ میلی
کاتژمێرەکەم خەواندوو
لەم دونیایەدا

زەمان بێ تۆ
بێ مانایە!

زەمان "کاتژمێر" مەکان " جیهان" لەنێوان زەمان ومەکاندا بۆشایەک لەکەشی شیعردا دێتە بەر چاو ئەویش "جێناوی غایبە" واتە مەعشووق هەڵبەت ئەوغیابە لەژێر دەستەڵات وفەرماندایە "شاعیر میلەی کاتژمێرەکان دەوەستێنی" لێرەدا ئەدەبیی بوونی شیعر کەوتۆتە ژێر کاریگەری ناوەرۆکێکی سادە. دیارە پەیوەندییەکەش تەنیا لە تەناسبێکی سادەی مانیی لە نێوان دوو عونسووری کاتژمێر و میلەکان" دا بوونی هەیە

❖ پەیوەندی لەنێوان دیاردەکانی سروشتی وهەستەکی ساکار:

ئەو پەیوەندییە لە زۆربەی شیعرەکانی "ک.د.ئازاد"بەشێوەی دژەوازی نێوان دیاردەکان پارادۆکسی مانیی دروست دەکەن کە دەتوانین وەکوو کورتە شیعرِی پارادۆکسیکاڵ سەیریان بکەین :

ـ پەیوەندی وپارادۆکسی ئەندێشە کەلەنێوان باوەڕو تەوردا تەناسبی دژە مانیی پێکدێنێ:

جارێک
پەلەکانم دەبڕێ و
جارێک ڕیشەم
ئەو باوەڕەی بۆتە تەور
بەجی ناهێڵێ ئەندیشەم!

ئەوشێوە ڕوانینە لە پەیوەندی دژەمانایی بەچەمکێکی جیاوزتر وبەرفرەتربەشێوەی ڕوانینی گۆشەنیگا"تەلمیح"لە قاڵبێکی نمادین لە نێوان گوڵ وتەورهاتۆتەئارا:

شۆڕش کەوتە ناودارستان
بۆ وتووێژ
ئەمان
گوڵێکیان نارد
گوڵی هێرۆ
ئەوان
تەورێکیان ناردبوو
بۆگفتوگۆ!

هەر ئەو مەبەستە لەشیعرێکی تر و بەشێوەیەکی ترلە ڕێگەی ئاماژەکردن بە کەونە ئۆلگۆو ئۆلوییەکان باوەڕێکی متافیزیکی لەگەڵ دیاردەیەکی واقعی وهەستەکی لێگرێدەدا وپەیوەندی مانایی دروست دەکا وەکو" مەسەلەی سێو" و " بەهەشت" ئەم ئاماژە کورتە خۆی جۆرێک ئیجازە و دەوری پەیوەندی لەو دەقە کورتە دا دەگێڕێ:

ئەگەر ئەمجارە
کێشە لەسەر سێوی تۆ بێ
من سێوەکە هەڵدەبژێرم
بەهەشت
بەخۆیان دەسپێرم!

❖ پەیوەندی جێنشینی وهاو نشینی دیاردەکان:

زانستی سیمۆلۆژی یان نیشانە ناسی لێکۆڵینەوە بۆ تەعبیرکردن لەسەر جۆرەکانی نیشانە دەکا،نیشانە لەسەر دەلالەتی مانایی وێستاوە، نیشانە شتێکە دەلالەت لە غەیری خۆی یان ئەوشتەی لەجێگەی دانراوە باس دەکا.بۆیە هەرلێرەوەش ماناسازی وپەیوەندی دیاردەکان بێچم دەگرێ، تەمسیل کردنی دەق و بەراوەردکاری وخوازەکان لەوبەستێنەدا جێدەگرن.١

لەوشیعرەدا،باوەش جێگەی" ژانشکێنی" دەگەیەنێ ولەگەڵ حەب بەراوەرد دەکرێ :

ئەوشەوانەی
که میوانی باوەشی تۆم
حەبەکانی دڵم ناخۆم!

❖ پەیوەندی هاوڕەگەزی و هاوڕایی

ویکچواندن لە نێوان چوار عونسووری شیعریدا بەسڕینەوەی لایەنێکی پەیوەندیدار وجێنشین کردنی لایەنێکی تری ناهاوشێوە کارکردێکی خۆماڵیانەی زمان وعاتیفە دروست دەکا :

پێشتر
دەست لەناودەست دەگەڕاین
وەکوو دوو سێبەر و سایە
ئێستا هەرلەم شەقامەدا
سیگار لە ناو دەستم دایە!

لە زۆریک لە شیعرەکانی "ئازاد" دا هاوڕایی دیاردەکان لەئاستی دژەمانییدا ڕێکدەکەون هەتا پەیوەندی مانایی لە پێکاتەی شیعردا دروست بکەن. بۆ میناک ئەگەر سرنج بدەینە ئەوشیعرە، چەک، تفەنگ، مین، فڕۆکە هاوڕان لەهەمان کاتیشدا دژی خەونی ئاشتی و نووسینن وئەم ڕووداوە زمانیانە لە مەکانەکانی وەک ئاسمان، شار وگوند دێنە ئارا:

فێری تەقاندنی چەک بووم،
لە کاتێکا؛
تەقەی تفەنگ،
خەونی ئاشتی دەگەچلاندم!

فێری نووسینی شێعر بووم!
لە کاتێکا؛
ژێر پێم مین و
ئاسمانم پڕ لە فڕۆکە و
شار و گوندیان دەتەقاندم!

هاوڕایی دیاردەکانی هاوپەیوەند،بەدەسپێکی کەسێکی غایب چەمکی مەرگ پیرۆز دەکا تا ڕادەیەک ئەو مەرگە دەبێ بە تۆڵە لە ئارایشێکی هاوڕایی و هاوپەیوەند لەدیاردەکانی وەک گوڵ، دار، خاک،شەماڵ:

داوای نیشتیمانی خۆی کرد
سەریان بڕی
لە وڕۆژەوە،

هەرچی دارە سەربەهەشە
هەرچی گوڵە، سەربەخۆڵە
شەماڵ بە سرتەوە دەڵێ
تۆڵە، تۆڵە!

١ ـ طاهری صدرالدین (١٣٩٦ ص ١٦–١٧) نشانه شناسی کهن الگوها در هنر ایران باستان وسرزمین های همجوار تهران شور آفرین

## چەند شێعر لە کتێبی "کەشی شێعرم بارانییە" ک.د.ئازاد

### کۆڵان

کۆڵان قوڕە و ئەگەر هاتی،
بە کەوشەوە وەرە ژووری!
سەر فەرشی ماڵ!
وەکوو سوڵتان
وەکوو میری!

ماڵێک،
فەرشی ژێر پێت نەبێ
بە قوڕی گیری!

### لیست

بۆ ناسینی دوژمنانم
لیستێکم نووسی بێ وێنە
ـ لیستی دوژمن ـ !

سەدی پەنجای دوژمنان
دۆستانی گیانی گیانیم بوون
سەد مەخابن!

### تف

دوای مردنم:
کاتێ باسی ئازایەتی و
کوردایەتی و
سەربەخۆیی کوردان دەکرێ؛

نەوەکەی خۆم،
وێنەکەی من دێنێتە خوار
سێ جار تفی پێدادەکا و
ئەیداتەوە، لە قەد دیوار!

### باران

نازانم بۆچی ناباری!

من چەترێکم،
زۆر چاوەڕوان!
تۆش،
چاوێکی تەڕی باران!

### ئاماژە

هەوڵ مەدە،
بە هیچ چەکێ بۆ کوشتنم
جارێک،
بڵێی خۆشت ناوێم،
بەسە بۆ سەد جار مردنم!

### میداڵ

ئەستێرەکانی سەر شان و
میداڵەکانی سەرکردە و
ژەنەڕاڵەکانی دوژمن؛

تا زیاتر بن،
بکوژترن؛
لەسەر خەڵکی وڵاتی من!

### ڕاستی

کارێک،
دوو بەرەکی کردی
دەگەڵ دارستانی گەورە
ـ بەئاسانی ـ
تەور و ئاگر، نەیان توانی!

### کەش

ئەگەر هاتی،
چەتر بێنە!
کەشی،
شێعرم بارانییە!

### دژایەتی

ژێر پێم،
پڕی چاڵی نەوتە
دەور و بەرم
پڕە،
لە خەڵکی پەک کەوتە!

## شاری من



مەریوان. ڕەفیق بێزار

مەریوانە شـارەکەم
من چۆن لێرە بـارەکەم؟

پشتی شاخە و بەری دەشت
سـازە بۆ سەیران و گەشت

کوێستانی دارستـانە
دەشتی باخ و بێستـانە

چۆم و چیـای ئەم خاکە
گەلی خاوێن و پـاکە

شاخ و دەشتی ئەم شـارە
بەهاری پێوە دیـارە

بەفرە وەرزی زستـانی
سپیپۆشە کوێستـانی

ئاسمانی پاک و شینـە
زرێباری شیرینـە

ماسی و قـاز و مراوی
کایە ئەکەن لە نـاوی

دەیان جۆر مەلی دەنگ خۆش
زەریـاکەم گرتی لە کۆش

لادێنشینـی دەوری
بۆ سەیران دێنە سە یـری

پـڕە لە شارستانی
دێن و دەچن بە جـووانی

## ژن



بانە. ئەیـیووب ڕەشپۆش

ژنەکان فریشتەی خوایین
ئۆمێدی ڕۆژانی دوایین

ژنەکان فریشتەی عەرزن
ڕێزی ئەوان بۆمان فەرزن

ژن پشتیوان و دڵسۆزە
ژن بەهارە ژن نەورۆزە

ژن خەیاڵە پڕ لە خۆشی
ژن مەرهەمە بۆ نەخۆشی

لای من ژن ژیان و ژینە
دەرمانی خەم و برینە

ژن سەرچاوەی پاکیەکانە
ژنە وەک ئاوێنەی ئیمانە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

## کاریکاتۆر

بۆکان. سەید محەممەد قورەیشی
























# ژن و سەرچاوەی ژیاندۆستی

## لە روانگەی قوبادی جەلی زادەوە

سلێمانی.عومەر کەریم بەرزنجی



عومەر کەریم بەرزنجی، قوبادی جەلی زادە، هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

ژیان تەجروبەی شەمشەمە کوێرەیە لە تاریکیا.
ژیان هەستیی غەریبیی مەلێکی کۆچەرییە.
دەنگی پێی ئاو
سوهرابی سپهری
ئازاد بەرزنجی کردوویە بەکوردی
گۆڤاری"ئایندە" ژمارە"١

ژن و پێداهەڵگوتن بەژنان پانتاییەکی بەرفراوانی لە ئەدەبیاتی جیهاندا داگیرکردووە, رەگەزی مێینە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ژیان و رەفتاری زۆرێک لە نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندان, کەسێکی وەک ڤانکوخ گوێچکەی خۆی دەبڕێ و پێشکەشی خۆشەویستەکەی دەکات زۆرجار دەوترێت لەپشت هەر پیاوێکی مەزنەوە ئافرەتێک هەیە: واتا ئافرەت یاخود ژن دورێکی گرنگ و پڕبایەخی هەیە لە بەرەو پێشبردنی ژیاندا, تەیووری لەنگ ئەو جەنگاوەرەبوو کە چێژێکی زۆری لە شەڕو کوشتارگەکان دەبینی و شەیداو مەستی شەڕ و خوێن ڕێژی بوو, وەلێ لە بەرامبەر ژنێکدا چۆک دادەدات"لەبەر خێوەتێکدا چاوم بەکچێکی شۆخ کەوت, کە بۆ سەیرکردنی ئێمە وەستابوو, هەر کە ئەوکچەم بینی دڵم کەوتە تەپە تەپ و بارو دۆخێکی سەیرم بەسەردا هات! پێم سەیر بوو, چوونکە هەرگیز لە ئاستی هیچ ترس و لەرزێکدا دڵم تەپە تەپی نەکردووە! بێ ئاگا لە خۆ, ئەم تاکە هۆنراوەیەی ((حافظی شیرازی)) هاتەوە یادم:

مرا عشق سیه چشمان زدل بیرون نخواهد شد
قضای آسمان است این و دیگر گون نخواهد شد
من ناتوانم ئەشقی چاو ڕەشان لە دڵم دەرکەم
ئەمـــە ویستی ئاسمانییەو گۆڕینی بۆ نییە!

(من خۆم زۆر لەوە بەتواناتر دەزانی کە کچێکی جوان بەجۆرێک من بگۆڕێت هەست بە شەرمەزاری بکەم, بەڕاستی زۆر نارەحەت بووم, بیرم لەوە دەکردەوە کە بەشمشێرەکەم هەناوم ڕادەم, نەکو خۆم بە زەبوون و ڕسوا بێتە بەرچاو")
بیرەوەرییەکانی تەیموری لەنگ

تا ئەو دەمەی دەچێتە لای مامۆستا "عەبدوڵلا قوگب" و هانی دەدات بیخوازێت هەستێکی سەرسوڕهێنەر ناخی داگیر دەکات مادام هێندە لاوازە پێویستە کۆتایی بەژیانی خۆی بهێنێت.


سارتەر لە هەموو شتێک زیاتر بایەخی بەئافرەت داوە بەپێچەوانەی نیتشەوە کە روانینێکی قێزەونانەی هەبووە لە بەرانبەر ئافرەتدا, پێی وابووە کە چویتە لای ئافرەت نابێت قەمچیەکەت لە بیرچێت, یاخوود پێی وایە شوێن کەوتنی جەلادێک باشترە لەوەی شوێن ژنێکی هەوەسباز ڕەنگە ئەمەیش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە نیتشە ئەزمونێکی تاڵی هەبووە لەگەڵ ئافرەتداو خاوەنی عەشقێکی نابەکام بووە!! بەپێچەوانەی دیدی ئەمەوە سارتەر پێی وایە قسەکردن لەگەڵ ئافرەت لە بارەی بێبایەخترین شتەوە گرنگترە لەوەی لەگەڵ پیاوێکدا لە بارەی فەلسەفەوە بدوێیت, هەندێک جار بیر لەوە دەکەمەوە ئایا درووستە ژن بەتەنها وەک جەستەیەک ببینین و تەنها لایەنە مێیەتییەکەی بایەخ پێبدەین و لایەنە ئینسانییەکەی فەرامۆشبکەین, یاخود ئافرەت تەنها بووکە شووشەیەکی دەستی پیاوەو هیچی دی ڕەنگە بەبینینی کچ و ژنێکی جوان هەموو سەرنج و بیرکردنەوەیەکمان لەسەر مێیەتی ئەو مەخلوقە بێت وەلێ ناکرێت لایەنە ئینسانییەکەیشی فەرامۆش بکەین ئەگەرچی بایەخدانی ژن بەخۆرازاندنەوەو دەرخستنی سیفەتە مێیەتیەکەی پتر جێی سەرنجە ڕەنگە جێی گومان نەبێت ئەگەر بڵێین کاتێک ئافرەت لە جوانی و مێیەتی دادەماڵین ئیدی ئەو بایەخەینامێنێت, ڕەنگە ئەوە تەنها پاڵنەرە سێکسیەکان بن کە نێروو مێ لە یەکتر نزیک بکەنەوە نەک شتێکی تر, وەک چۆن لە زۆربەی گیاندارەکانی دیکەدا دەبینرێت, لەو دەمانەدا کە وەرزی زاوزێ نزیک دەبێتەوە نێرە پتر بایەخ بەمێیە دەدات و لێی نزیک دەبێتەوە, لای گیانداران سێکس پتر بۆ وەچە خستنەوەو پاراستنە لە فەوتان وەلێ لای مرۆڤ پتر بۆ وەرگرتنی چێژوو خۆشیەو مرۆڤ بەپێچەوانەی گیاندارانەوە لە هەموو وەرزەکاندا دەتوانێت مومارەسەی ئارەزووە سێکسیەکانی بکات و بەردەوام ئارەزووە سێکسیەکان لای مرۆڤ ئامادەیی هەیەو توانای مرۆڤ لەو رووەوە پترە ئەگەرچی هەندێک جار لەلایەن هێزە سەلەفییەکانەوە ئەو ئارەزووەی مرۆڤ بە ئارەزووە حەیوانییەکان ناو دەبرێت وەلێ ئەو جۆرە ناو هێنانە لە لاوازی ئاستی بیرکردنەوەیانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگینا ئەم

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

ئارەزووە سێکسییەی مرۆڤ شتێکی سرووشتیەو ناکرێت فەرامۆش بکرێت، وەلێ شتێکی مەترسیداریشە ئەگەر بەشێوەیەکی ڕەها بەربۆ ئارەزووەکانمان بەرەڵاکەین بەپێی بۆچوونە ئایینیەکان، بەتایبەتی ئایینی مەسیح پتر بایەخی بەرەبەنی و ژیانی دوورە پەرێزی لە نێوانم رەگەزی نێرو مێدا داوە، حەزرەتی عیسا نەچۆتە ژیانی هاوسەرییەوە و دوای خۆیشی هەندێک لە شوێن کەوتووانی خۆیان دورەپەرێز گرتووە لە ژنهێنان و شووکردن، بەمەبەستی خۆپاراستن لە هێزی شەڕو خراپەکاری.

دەشێ عەشق بەئاقارێکی ژیاندۆستانەدا بمانبات, یاخوود بەئاقارێکی مەرگ دۆستانە و شەڕخوازانەدا بمانبات, عەشق دەمانکات بەجەنگاوەر لەهەمانکاتدا دەمانکاتە کەسێکی دوورەپەرێزوو تەریک, عەشق بەئاقارە مەرگ دۆستانەکەیدا دیرۆکێکی دێرینی هەیە, ئەویش چیرۆکی بەجەلادبوونی  قابیلە کە لەپێناو عەشقی خووش کەکەیاندا, گیانی لە هابیلی برای سەندەوە, گڕی حەزوو شەهوەت, گیانی دووژمنکارانەی تێدا دەچێنێت و لەپێناو گەیشتن بەمەرامەکانیدا, هابیل دەبێتە قوربانی,
ئەگەرچی ئەم چیرۆکە واتا کوشتنی هابیل لەلایەن قابیلی برایەوە دیوێکی دیکەیشی هەیە, گوایە قوربانییەکەی هابیل لەلایەن خوداوە قبوڵ کراوە وەلێ  قوربانییەکەی قابیل قبووڵ نەکراوە بۆیە گیانی ڕق و دووبەرەکی لەدڵی قابیلدا سەری هەڵداوم دەشێ دیوی دووهەمی ئەم چیرۆکەیش بەتاڵ نەبێت لە راستی وەلێ دەکرێ بپرسین هۆکاری قبوڵ کردنی خێرەکەی هابیل و قبوڵا نەکردنی خێرەکەی قابیل دەبێ چی بووبێت دەکرێ گومانی ئەوە بکەین کە قبوڵا نەکردنی خێرەکەی قابیل ئەوەبووە کە قابیل سنوورەکانی دەستوورەکانی خوای شکاندووەو ویستوویەتی خووشکەکەی خۆی بکات بەخێزانی دەکرێ فاکتەری سەرەکی کوشتنی هابیلیش ئەمەبێت نەک قبوڵا کردن یان نەکردنی خێرەکە.

عەشق لای قوباد دوورکەوتنەوەیە لە شەڕگەکان و مەرگ دۆستی, دوورکەوتنەوەیە لە شمشێروو خوێن, دەشێ ژن بۆخۆی شەڕڤانێکی دیار نەبێت لە شەڕگەکاندا, بەڵام سەرچاوەی گەڵێک لە شەڕەکانیشە, وەک چۆن لەچیرۆکی بەجەلادبوونی قابیلدا ئاماژەمان پێداوە, وەلێ لە حیکایەتی شەهرزادیشدا ژن دوو کاراکتەری جودای هەیە کاراکتەرێکیان سەرچاوەی مەرگ دۆستی و بەجەلاد بوونە کە لە کەسێتی ژنەکانی پادشاو براکەیدا دەردەکەوێت, ئەو دەمەی خیانەتی هاوسەرێتی دەکەن و دەست لەگەڵا پیاوانی دیکەدا تێکەڵاو دەکەن ئەمانیش ژنەکانیان دەکووژن و سەری خۆیان هەڵدەگرن تا کەسێکی لەخۆیان بەدبەخت تر بدۆزنەوە," لەم سەفەرەدا، دێوێک دەناسن کە ژنەکەی خۆی لە قەفەسێکی شوشەدا بەند کردووەو، چوار قفڵیشی لە دەرگاکەی داوە، جارێکیان کە دێوەکە لە خەودا دەبێت، ژنەکە لە قەفەسەکە دێتە دەرێ و ئەو نەوەدو هەشت ئەڵقەی پەنجەیە کە هی ئەوانەن لە گەڵیاندا خەوتووە پیشانی دوو پاشاکە ئەدات و زۆریان لێدەکات لەگەڵیدا رابوێرن تا ژمارەکە ببێت بە سەد،دوو پاشاکە کە ئەمە دەبینن بۆیان دەردەکەوێ کە تەنانەت ئەو دێوەش بەدێوێتی خۆیەوە لەمان بەدبەختترەو، ئیتر بەرەو دەرباری پاشایی خۆیان دەگەڕێنەوەو لەوێ شەهریار، کە برا گەورەکەیەو هێشتا هەر پڕە لە خیانەتی ژنەکەی حکومەتێکی ستەمکارو ترسناک دادەمەزرێنێت و هەر شەوە کچێکی پاکیزە دەکا بەژنی خۆی و دەمەو بەیان دەیداتە دەست وەزیرەکەی تا لە سێدارەی بدات، شەهرەزاد کە کچی وەزیرەو ئافرەتێکی بەتەگبیرو دانایە، داوا لە باوکە دەکات کە بیدات بەپاشا، لە شەوی بوکێنیشدا، بوکێ داوا دەکات کە خوشکە بچووکەکەی لە گەڵدابێت کە ناوی دونیازادە و لای تەختی نوستنەکەیانەوە بخەوێ تا پاش ئەوەی پاشا((کاری خۆی لەگەڵ شەهرەزاددا ئەنجام دەدات)) و بەو شێوەیە کە پێشان لەسەری ڕێک کەوتوون داوا لە شەهرەزاد بکات بەمەبەستی کات بەسەربردن چیرۆکێک بگێڕێتەوە، ڕۆژ دەبووەوەو چیرۆکەکە بەناتەواوی دەمایەوە، پاشایش لە پەیجۆری چیرۆکەکەدا شەوێک لە سێدارە دانەکەی دوادەخست، هەر بەوجۆرە شەهرەزاد لەسەر گێڕانەوەی حیکایەت بەردەوام بوو، هەر حیکایەتێکیش دەبووە سەرچاوەی حیکایەتێکی ترو لە بەرە بەیاندا بەناتەواوی دەمانەوە پەیوەست بوونی پاشاو مێڵی لە رادەبەدەری بۆ تەواو کردنی حیکایەتەکان، شەهرەزاد لە ژیان دەهێڵێتەوەو مەرگی دوادەخات لە ماوەیەدا سێ منداڵی دەبێت و پاشان پاشا فەرمانی لە سێدارەدان لادەباو پێکەوە ژیانێکی بەختەوەرانە دەژین" (لاپەڕە پەرشەکان/ئازاد بەرزنجی/ ٢٠٠٥لەم سەفەرەیاندا دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە تەواوی ژنان لە گەڵ مێردەکانیاندا ناپاکن, هەر ئەو ئەنجامەیشە پادشا لە دوای گەڕانەوەی بڕیار دەدات, هەر شەوەو کچێکی مەملەکەتەکەی بکاتە مەزەی شەوە سوورەکانی لەزەت و بۆ بەیانی بخرێنە ژێر رەحمەتی شمشێر, بەم جۆرە ناپاکی هاوسەرەکەی دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی بەجەلادبوونی و کچانی مەملەکەتیش دەبنە قوربانی, وەلێ هەر ژنێک کۆتایی بەو خوێن ڕشتنە دێنێت, شەهرزاد ئەو حیکایەت خوانەی بەچیرۆکە سەرنج ڕاکێشەکانی پادشا دەگێڕێتەوە ناو ژیانێکی ئاسایی و کۆتایی بەو مەرگەساتە دێنێت کە بەهۆی ناپاکی خودی ژنێکەوە رووی کردبووە کچانی مەملەکەت، ئەگەرچی ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو ئافرەتێک دەتوانێک بە حیکایەت بێژی لایەنی بەرامبەر ڕازی بکات وەک لێرەدا بەرچاومان دەکەوێت"لە خۆرئاوا  هەندێک نووسەر هەوڵیدا هەزارو دووەمین چیرۆک بنووسن. شەهرزادی ئەدگار ئالان پۆ تووشی ئەو هەڵەیە دێت کە لەگەڵا مێردە پیرەکەیدا دەربارەی شتە سەیرو سەمەرەکانی سەردەمی مۆدێرن



دەدوێ:وەک کەشتی هەڵم، رادیۆو تەلە گراف، مێردی شەهرەزاد لە بیستنی ئەم حیکاتە راستەقینانە ئەوەندە سەرسام دەبێت کە دەگاتە ئەو ئەنجامەی شەهرەزاد شێت بووەو ئەویش فەرمانی خنکاندنی دەردەکات".(ە.س.پ)

**ژن و شیعر و قوباد**

کاریگەری ژن لە سەر قوباد و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانیدا، قسەوباسێکی زۆر هەڵدەگرێت، شیعر ڕەنگدانەوەی بیروراو هەست و سۆزی شاعیرە دەشێ لە شیعرەکانیدا بەشوێن کاریگەرییەکانی ژندا بگەرێ

ین، لە پێناو دەرک کردن بە جیهانبینی و تێروانینی شاعیر لەمەڕ ژنان، قوباد بەپێچەوانەی هێمن مەهابادی و گەلێک لە شاعیرانی دیکە، ژن کاراکتەری سەرەکی شیعرەکانێتی و بەجۆرێک لە ژیانیدا ڕۆڵ دەگێرێت، کە لە هەموو شتێک پترتر لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، لای قوباد هەموو شتێک لە پێناوی ژندایە، بەجۆرێک کە ژیاندۆستی و دورکەوتنەوە لە شەڕو شۆڕش و نیشتیمانپەروەری لە پێناو ژن و لەزەتی ئامێزی ژندا، لە زۆرێک لە شیعرەکانیدا دەبینرێت،وەلێ قسەکردنی ئێمە لەسەر شیعرەکانێتی بەپێی تێگەیشتن و تێروانینی ئێمە بۆ ئەو دنیابینییەی نێو شیعرەکانی وەک لێرەدا دەبینرێت:

تۆ عیشقی نیشتمان دەتکوژێ /من عیشقی ژن/ بۆ تۆ، لە شا شەقامێکی شاردا/ پەیکەرێک/ بۆ من، لە دڵی شاژنێکی شۆخ و شەنگ دا، چرایەک.

(شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات/ قوبادی جەلی زادە/. ٢٠٠٥ل ( ٢٢٤

لای ماموستا هێمنی دنیا بینییەکی جیاواز هەیە ئەو پێی وایە کەیف و سەفاو خۆشی و لەزەتەکانی ئامێزی نیانی ژن، نابێتە هۆی بیرکردنی نیشتمان و وەتەن دۆستی و نیشتمان پەروەری و ئازادی وەک لێرەدا دەبینین:

بەڵێ سەختە، یەکجار سـەختە
دووری لـــە ژن، نامــرادی/ بـەڵام لـە ژن خـۆشەویستتر/ لـەلای من ئەتــۆی ئـازادی
(بارگەی یاران/هێمن/.٢٠٠٣ل (١٤٦

زەمـانێکی کە دەچمە سـەیری گوڵزار /لـە گـەڵ پۆلـی ڕەفیـقـانی وەفادار
تەنانەت وەختی دەسبازی لەگەڵ یار /ئـەمـن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە
لـە کوێســتانێ دەمی ڕاو و شکارێ/ لە مەزرایە کە خۆم هەڵکرد لە کارێ
لە جێژوانێ کە دەکوشم مەمکی یارێ/ ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە.
(بارگەی یاران/هێمن/.٢٠٠٣ل(٦٩

لەم نمونە شیعریانەی ماموستا هێمن دا بەرچاومان دەکەوێت کە ئەگەرچی لە گەڵ ژندا و لە وەختی ژوان و مومارەسەی حەزوو ئارەزووەکانیشدابێت نیشتمان لەبیرناکات، وەک دواتر عەشق و ئەویندارى خۆی بۆ نیشتمان زیاتر دەخاتە روو ، پتر گرێدراوی خۆی بە خاک و بست بەبستی نیشتمانەوە دەبەستێتەوە، شاعیر تەنها پێلاوەکەی نایبەستێتەوە بەنیشتمانەوە بەڵکو ڕۆح و سۆزو عەشقی بۆ ئەوەو مەعشوقەکەی شاعیر نیشتمانە نەک کەفەڵ و بەژن و باڵاو چاوی بەخوماری ژن، وەلێ هاوکات ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیر لە خۆشەویستی ژن و جوانی ئافرەت بەدوورە، وەلێ تانیشتمان لەژێر چەپۆکی داگیرکەردابێت و ئازادنەبێت، عیشقی ژن و خۆشەویستی یار لە بەردەم مەترسیدایە وەک چۆن نیشتمان لە مەترسیدایە، لێرەدا عەشق بۆ نیشتمان بەئاقارێکی مەرگ دۆستانەو فیداکارانەدا دەمانبات، وەلێ ژن لای قوباد بەئاقارێکی ژیاندۆستانەدا دەمانبات.

ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پرخاڵ نیـم
ئاشقی کێوو تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن
(بارگەی یاران/هێمن/.٢٠٠٣ل(٦٠

کاک قوباد لە قەسیدەی "شمشێری ژن، شمشێری تەسلیم بوون"دا دەڵێ:

ژن،/ نەیهێشت لە لیژنەی ئیختیالاتی حزبێکی خەباتگێڕا/ قارەمانێکی جەربەزەبم!
ژن،/ نەیهێشت مامەڕیشەیەکی تربم و لە گۆڕەپانی شارێکدا/ کۆتەڵێک بۆ ئازایەتیم دابتاشم
(شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات/ قوبادی جەلی زادە/. ٢٠٠٥ل (٢٦٠

ژن، /ئەوەندە بەکفنی سەوزوو سوورەوە سەمای بۆ کردم،/ تامێرگە ڕەنگینەکانی وەتەن و/ ڕەنگە گەرمەکانی بەیداخی/ لەبیر بردمەوە! /

ژن، ئەوەندە سترانە ئاگرینەکانی جووت بوونی بۆ چڕیم،/ ڕێی نەدام/ پەردەی گوێ سوکەکانم، بۆ سرووده سورەکانی نیشتمان/ هەڵبخەم!

(شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات/ قوبادی جەلی زادە/. ٢٠٠٥ل (٢٦١

ژن،/ لە سەری کردم کەدەبێ تەنیا چاوی ئەو قەدەرو نیشتمانم بێ/
ژن،/ بوو بەیاساو نەمتوانی سەرپێچی بکەم

ژن، / خستمیە سەر چۆک
ژن، / زەلیلی کردم
ژن، / ترسنۆکی کردم/ ترسنۆک؟!
(شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات/ قوبادی جەلی زادە/. ٢٠٠٥ل ٢٦٤)

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ژن شاعیر بەرەو دنیای ژیاندۆستی دەبات و خەونەکانی ئەو دورن لە گیانبازی و فیداکاری، لای ئەو ئیدی بەیداخ ونیشتمان و سەنگەری وەتەن پەروەری مانایەکی ئەوتۆیان نیە کە جێی بایەخبن، ئیدی ئەو لە سەنگەری ئامێزی ژندا بەرگری لە جوانی و ئارەزووەکان دەکات،هەر وەک پاولۆ کۆئیلۆ دەڵێ "سێکس یەکێکە لەو وزە چالاکانەی کە توانای ئەوەی هەیە ئاراستەی مێژوو بگۆڕێت" وەلێ لێرەدا دیدێکی جیاوازی هەیە.

قوباد لە شیعری"مەمکەکانی تفەنگ" دا دەڵێ:

راهاتووین لەگەڵ ژنە سۆزانیەکانی فیتنەدا راکشێین/ تازە پەریزادەکانی ئاشتیمان چۆن بۆ دەستەمۆ دەکرێ/ لە باخچەی ساوایاندا کتێبە پیرۆزەکانی شەڕیان پێ خەتم کردین/ تازە بەپیری چۆن لە سرووده تازەکانی کۆتر دەگەین؟

(شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات/ قوبادی جەلی زادە/. ٢٠٠٥ل ( ٢٩٠

لێرەدا دەمانگێڕێتەوە بۆ کولتورێک، لێوان لێو لە زەبروزەنگ و توندوتیژی کولتورێک هەر لەگەڵ لە دایک بونماندا لەسەر توندو تیژی و خوێن رشتن رامان دێنێت،ئێمەیەکی رۆژهەڵاتی کە هەر لە منداڵیەوە شەڕەنگێزی لەگەڵ شیرپێدانماندا، لە ناخماندا چەکەرەی کردووە چۆن دەتوانین فێری لێبوردن و ژیاندۆستی و دورکەوتنەوە لە مەرگ دۆستی ببین، پێشینان گوتەنی خویەک گرتی بەشیری قەت تەرکی ناکات بەپیری، لێرەدا ژن سەرچاوەی شەڕ و ئاشووبەکانە، راکشانە لەتەک ژنە سۆزانیەکانی فیتنەدا، فیتنە سەرچاوەی خوێنڕشتن و گەرمبوونی شەڕگەکان و سەرهەڵدانی ناتەبایی و پێکدادانەکانە، وردبوونەوەیەکی قوڵ بۆ ئەم دێڕە شیعرە" راهاتووین لەگەڵ ژنە سۆزانیەکانی فیتنەدا راکشێین" قسەگەلێک هەڵدەگرێت، لێرەدا ئیدی ژن ئەو کائینە جوان و ناسکە نییە کە سەرچاوەی خەونە جوانەکانمان بێت، ژن سەرچاوەی فیتنەیە، فریودانی ئادەم لەلایەن حەواوە فیتنەیەکی گەورەبوو لە روانگە دینیەکەوە، دواتر کوشتنی هابیل لەلایەن قابیلەوە بەهەمان شێوە ژن رۆڵێکی کارادەگێڕێت، وەلێ لای خەیام دنیابینیەکی جیاواز هەیە ، ئەو پێی وایە مرۆڤ کائینێکی گوناه و بێدەسەڵاتو بەبێ ویستی خۆی لەلایەن خالقەکەیەوە ئاراستە دەکرێت و دەجولێنرێت،خەیام گلەیی و گازندەیەکی زۆر لە خالق دەکات و پرسیاری ئەوە دەکات کە لەکاتێکدا مرۆڤ بۆخۆی بەرپرسی ئەو تاوانانە نییە کە ئەنجامی دەدات،( تاوان و گوناه لە روانگە ئاینییەکەوە) چونکە ئەو بەرلەوەی بێتە دنیاوە لە لەوحل مەحفوزدا چارەنوسی نوسراوە، ئیدی تاوانی چییە، وەک لەم چوارینەدا بەروونی بەرچاو دەکەوێت:

خوا داوی ئەناوە داوی ئەو بانادەم.
دەعبایەکی گرت و ناوی لێ نا:ئادەم.
راوی ئەوە، داوی ئەوە، دانەش هی ئەو.
دەمخاتە تەڵەو گەرەکیە خۆشم لادەم؟!

(خەیامی هەژارانە/سەلاحەدین ئاشتی/(٢٠٠٤

وەلێ لێرەدا لای قوباد ژن سەرچاوەی خامۆشکردنی شەڕگەکان و کۆتایی پێهێنەری ئاشووب و ناتەباییەکانە، ژن چاوەی ژیاندۆستی و دورکەوتنەوەی مەرگدۆستیە بەپێچەوانەی ئەو بۆچونانەی پێشتر ئاماژەمان پێدا کە ژن سەرچاوەی مەرگ دۆستی و گەرم کردنی شەڕگەکانە، وەک چۆن سەگەکەی باقلۆڤ بە هەڵبوونی گڵۆپەکە لیک بەدەمیا دێتە خوارەوەو ئیشتیای خواردن دەکات، پیاویش بە دەرکەوتنی تریفەی جەستەی رووتی ژن تەوژمی رق و تورەیی و شەڕخوازانەی بەرەو دابەزین دەچێت و تفەنگەکانیش لیکی لەزەت و ئارامی بەدەمیاندا دێتە خوارەوە، وەک لەم نمونەیەی خوارەوەدا دەبینرێت:

من ژن بوومایە بەنەرمە سەمایەک، نەخشەی پیاوە/ شەڕخوازەکانم/ رەش دەکردەوە/ من ژن بومایە مەتارەی جەنگاوەرەکانم، دەکرد بە گوڵدانی/ پەمەیی ترین ماچ/ من ژن بوومایە لە عەردی حەرامدا رووت رووت دەبوومەوە./ تا تفەنگەکان لیکیان لە دەمی دەرژێ/ من ژن بوومایە بە مەمک سەنگەرەکانم داگیر دەکرد/ تا لە باوەشمدا پێشمەرگەکان ساوا دەبوونەوە

(شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات ل(٢٩٢—٢٩٠

لەقەسیدەی(مەمکەکانی تفەنگ)دا شاعیر بەئاراستەیەکی پێچەوانەدا دەڕوات، بەدەر لە خواستی خۆی دەبێتە جەنگاوەرو شەڕڤانی شەڕگەکان، ئەگەرچی لەنێو جەستەو ئارەزووەکانی ژن و ژنبازیدا تواوەتەوە، ئیدی ئەو پەنجەیەکی نیە بۆ سەر پەلەپیتکەی تفەنگەکان و راکێشانی ئەڵقەی نارنجۆکەکان، پەنجەی لەنێوان دوو مەمکدا بووەتە ملوانکەیەکی زێڕین،وەلێ پێی دەڵێن:

گوتیان ئاخر شەهیدە دەستبلاوەکان، چەپکێ دەست و
چەپکێ پەنجەی یەدەکیان بۆ بەجێ هێشتووی.


(ه.س.پ.ل) ٢٨٨
گوتیان: فەرموو بۆ گەشتی شەڕگەکان وەگەڵمان کەوە
گوتم: ئاخر تفەنگم نییە تابیکەمە شانم و رەدووتان کەوم
کولینگم نییە، تا لەمەیدانێکی شەڕدا سەنگەرێک
هەڵکەنم
دووربینم نییە، تا لەنهێنی سەنگەرەکانی ئەوبەری
پێبگەم.
کتێبەکانیان فرۆشتم و تفەنگێکیان کردە شانم
(ه.س.پ.ل)٢٨٦
شەڕ دورکەوتنەوەیە لە هەموو بەها جوانەکان و خستنە ژێر پۆستاڵی گوڵە سوورەکانی ئەوین و لەزەتەکانی ژیانە، ئیدی لۆژیکی ژیان لە هەڵدێردایەو کتێب و بیرو ئایدیا جوانەکان دەسوتێن، سادیزم بەسەر دەروونی مرۆڤەکاندا زاڵدەبێت و شەڕو کوشتن دەبێتە شتێکی لەزەت بەخش، وەک لە شەڕگەکاندا دەبینرێت جەنگاوەرەکان بەسەر تەرمی دۆستەکانیاندا دەڕۆن و شەڕگەکە گەرمتر دەکەن، بەجۆرێک لەگەڵ ئەو ڕەوشەدا رادێن چێژێکی زۆر لە بینینی جۆری مردنی کەسی بەرامبەریاندا دەبینن.
لەم نمونەیەی خوارەوەدا رۆڵی ئافرەت ، رۆڵێکی شەڕانیانەیەو سەرچاوەی هەموو نەگبەتی و نەهامەتییەکانی پیاوە، ئەگەر سەرچڵی و سەرەڕۆییەکانی ئەو نەبوایە ئێستا پیاو یەکێک دەبوو لە کائینەکانی نێو بەهەشت، هەندێک کەس پێیان وایە ئەوە شەیتان نەبوو مرۆڤی فریوداو لەبەهەشت بەدەرکردنی دا بەڵکو رۆڵی فریوکارانەی ژن بوو ئادەمی تەفرەداو سەرپێچی لە فەرمانەکانی ئیلاهی کردوو لە بەهەشت دەرکرا.
ئافرەت/ ئەی زەنگوڵەی ئاوارەبوونی پیاو/ ئەی نووری نەفرەت/ تالاوی ترێی هەڵەکانی تۆیە هەڵی دەدەم/ من سوورە ماسییەکانی دەریا بێ بنەکانی بەهەشت بووم./ قولاپی برژانگی چاوە نەگریسەکانی تۆ،/ هەڵی دامە گۆمە لیخنەکانی دۆزەخ و کردمی بەقرژاڵا!/ من کۆترێکی سپی کڵێساو مزگەوتە سیاحیەکانی/ بەهەشت بووم
(ه.س.پ. ل) ٤١۴
"هارتمەن جەخت دەکا کە هەر دەقێک لە کۆمەڵەیەک لە واتاکان پێک هاتووە کە دەشێ گۆڕانیان بەسەردابێ بەم پێیە هەر دەقێک میتافۆرێکە لە واتاو بەس. کەوابوو کاتێک راڤەکار پێ لەبەرەی خۆی درێژتر دەکاو بانگەشەی ناسینی واتای دەق دەکات، تێکشکان و هەرەس هێنانی دەست پێدەکات"(پێکهاتەو راڤەی دەق/بابەک ئەحمەدی/ ٢٠٠٥دەشێ قسەگەلێک هەبن لەسەردەق وەلێ ڕەنگە هیچکامێکیشیان نەتوانن ئامانج و مەبەستەکانی نوسەر دەستنیشان بکەن زیندوویی هەر دەقێکیش لەوەدایە پتر لە خوێندنەوەیەکی بۆبکرێت و پتر لە راڤەیەک بکرێت، ئێمە لێرەدا هەندێک بۆچونمان خستووەتەروو دەشێ خوێندنەوەو قسەلەسەرکردنی هەر دەقێک پێویستی بە قوڵبونەوەو خوێندنەوەیەکی وردی دەق هەبێت تا بتوانرێت لە مەبەستی نووسەر نزیک ببیتەوە، وەلێ دەشێ ئەو دیدو تێڕوانینەی کەسی ڕەخنەگر هەیەتی بۆ دەقەکە دووربێت لە دیدو دنیا بینی نووسەری دەقەکە"خوێندنەوەی شێعر هەر بەقەد هۆنینەوەی، پێویستی بەخەیاڵکردنەوە هەیەو دەقێک لە گۆڕێدانیە تەنیا راڤەگەلێک لە دەق هەن"(پێکهاتەو راڤەی دەق/بابەک ئەحمەدی/ ٢٠٠٥دەقی زیندویش پتر لە خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت.


## ژیاننامەی نووسەر، شاعیر و وەرگێڕی بە توانا: ئەمین گەردیگلانی




بۆکان. ئەمین گەردیگلانی














* من ساڵی ١٣٤٩لە ئاوایی گەردیگلان سەربە شاری سەقز لە بنەماڵەیەکی جووتیار لەدایک بووم. خوێندنی سەرەتاییم لەوگوندە دەستپێکرد و هەتا پۆلی چوارەمی سەرەتاییم خوێند و ماوەیەک بەهۆی نەبوونی مامۆستای قوتابخانە و هەروەها گرفتاری و کار و شوانی نەمتوانی لەوە زیاتر بخوێنم. ساڵی ١٣٦٢ماڵمان چووە شاری بۆکان و لەوێش ناردیانم بۆ شاگرد خەیاتی. هەموو ساڵێکیش هەر لە بەهارەوە هەتا پایز دەچووینە کوورەخانە، زستانانەش خەیاتی. بەڵام زۆرم حەز لەخوێندنەوە بوو، گۆڤار و کتێبی فارسیم دەخوێندەوە و بەتایبەت ئاشقی شێعر و چیرۆک بووم. یەکەم کتێب ساڵی ١٣٦٤لە شاری مەلایر کڕیم، کە ئەوساڵە لە کوورەخانەی ئەوێ کارمان دەکرد. کتێبەکەش کورت کراوەی ڕۆمانی دۆنکیشۆت بوو کە لە بەرگێکی ١٥٠لاپەڕییدا چاپ کرابو . زۆرم ئەو ڕۆمانە پێخۆشبوو، ئیتر دوای ئەوە هەموو حەوتوویەک
کتێبێک یان گۆڤارێکم دەکڕی. کوردیم هەر نەدەزانی. ئەگەرچی ساڵی ١٣٥٩مامۆستای قوتابخانەکەمان لە ئاوایی گەردیگلان (کاک مەحموود کەرەمی) یادی بەخێر و لە هەرکوێیەکە سڵاو و ڕێزی بێپایانم بۆی هەیە، تاڕادەیەک کوردیی فێرکردین. بەڵام بەهۆی چەنساڵ دابڕان لە خوێندنەوە و نووسینی کوردی، بە تەواوی لەبیرم چووبۆوە. زستانی ساڵی ١٣٦٧لەگەڵ گۆڤاری سروە ئاشنا بووم و بە خوێندنەوەی ئەو گۆڤارە وردە وردە کەوتمە سەر دەور. ئەگەرچی زۆر بەدژواری وشە و ڕستەکانم دەخستەوە سەریەک، بەڵام چونکە لەپێشدا تا ڕادەیەک فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی بووبووم. ساڵی ١٣٥٩بە کتێبی ملوانکەی شینی مامۆستاشەریف فرچکم گرتبوو. کەوتمەوە سەرباری خوێندنەوە و وردەوردە زمانە شیرینەکەی خۆم وەبیر هاتەوە و فێری بوومەوە. ئیتر دوای ئەوە بەردەوام گۆڤاری سروەم دەخوێندەوە و لەپاڵ ئەودا کتێبی کوردی و دیوانە شێعرەکانم وەدەست خست و ملم لە خوێندنەوە نا. دواتر گۆڤاری ئاوێنەش بڵاوبۆوە و لەگەڵ ئەویش بوومە هاوڕێ. بەڵام مامۆستا و ڕێنوێنی ڕاستەقینەی من بۆ دنیای ئەدەب گۆڤاری سروە بوو. دوای خوێندنەوەی زۆری کتێب و گۆڤاران هەستم کرد تواناییی نووسینم هەیە ـ بەشێوەی غەزەل ـ چونکە زۆر ئاشقی ئەو قاڵبەشێعرییە بووم ـ دەستمپێکرد و بۆ گۆڤاری سروە و ئاوێنەم دەنارد ـ یەکەم شێعرم لە ژومارە ٦٣ی گۆڤاری سروەدا بڵاو کرایەوە. دوای ئەوەش بەردەوام شێعرەکانم بۆگۆڤاری سروە دەنارد و بڵاو دەبوونەوە.
یەکەم کۆمەڵەشێعرم بەناوی (تاپۆی وەرزێکی سەوز) ساڵی ١٣٧٦بڵاو کردەوە ـ کومەڵەشێعری (شەوەژانی ئەستێرەیەک) ساڵی١٣٨٠ـ (مەرگە خەون) کومەڵەشێعر ١٣٨٣.دواتر ڕۆوم لە وەرگێڕانیش کرد و شێعر و چیرۆکم لە فارسییەوە دەکردە کوردی و لە گۆڤاری سروە و ئاوێنە و ڕامان و کاروان و سەردەم و ئایندە و گەلاوێژی نوێ و سیروان و ئاویەر و ڕاسان و مەهاباد و زرێبار و ... بڵاوم دەکردەوە.
کاتێ چاوم بە کتێبی هەنبانەبۆرینەی مامۆستا هەژار ڕوون بۆوە شانم داخست لە




خوێندنەوەی و زۆری شت لێوە فێربووم. بەڵام جاروبار هێندێ وشەم دەبیست یان دەخوێندەوە یان لەپێشدا زانیبووم و تایبەتی ناوچەی خۆمان بوو، لە فەرهەنگەکەی مامۆستا هەژاردا نەهاتبوون. بۆیە دەستمکرد بە کۆکردنەوەی ئەو وشە و زاراوە و دەستەواژانە و لە بەشی قامووسی گۆڤاری سروەشدا زۆرم لەو وشانە بلاو کردۆتەوە، بەڵام ئەوەی بلاو بۆتەوە یەک لە چواریشی نییە. دواتر هاتمە سەر ئەوەی ئەو وشانە وەک کتێب چاپ بکەم و بۆیە دەستم کرد ڕێکوپێک کردنی و ساڵی ١٣٨٨لە لایەن دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانییەوە بە ناوی فەرهەنگی (ڕێژگە) لە هەولێر چاپ کرا.





تائێستا یانی پایزی ١٣٩٩ی هەتاوی
ئەم بەرهەمانەی خوارەوەم چاپ کردووە:


١- تاپۆی وەرزێکی سەوز، کۆمەڵشێعر، چاپخانەی شوعاع، تەورێز، ١٩٩٧
٢- شەوەژانی ئەستێرەیەک، کۆمەڵەشێعر، تاران، نشر عابد، ٢٠٠٠
٣- مەرگەخەون، کۆمەڵەشێعر، تاران، نشر پیام امروز، ٢٠٠٣



٤- دیسان لەو شەقامانەوە، کۆمەڵە چیرۆکی بیژەنی نەجدی، وەرگێڕان، ئاراس، ٢٠٠٥هەولێر
٥- تەپڵی ئاور، کۆمەڵە چیرۆکی بیانی، وەرگێڕان، ئاراس، ٢٠٠٥هەولێر
٦- جێگای بەتاڵی سلووچ، ڕۆمان، مەحموودی دەوڵەتئابادی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠٠٦




٧- خۆر و لاولاو، کۆمەڵە شێعری منداڵان، بۆکان، چاپخانەی داهاتوو ٢٠٠٧
٨- یەکگرتن، چیرۆکی منداڵان، قودسی قازی نوور، وەرگێڕان، ئاراس، ٢٠٠٧هەولێر
٩- برایانی کارامازۆف، ڕۆمان، فیۆدۆر دۆستۆیۆفسکی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠٠٧
١٠- خولیای نووسین، کۆمەڵە وتار، ڕەزا بەراهەنی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠٠٨






١١- فەرهەنگی ڕێژگە (ئەو وشانەی لە هەنبانە بۆرینەدا نەهاتوون، موکریانی، هەولێر ٢٠٠٩
١٢- کەڵەشێری ورگن، چیرۆکی منداڵان، فۆلکلۆر؛ نووسینەوە، بۆکان، ئیزیرتوو، ٢٠٠٩
١٣- تازیەبارانی بەیەل، ڕۆمانی غوڵامحوسێن ساعیدی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر، ٢٠١١
١٤- مەرگی ئیڤان، ڕۆمان، لیۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠١١






١٥- دار وپەپوولە و ڕووبار، چیرۆکی منداڵان، فەریدە شەبانفەر، وەرگێڕان، ٢٠١١
١٦- دیلی قەفقاز، ڕۆمان، لیۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠١١
١٧- باوکە سێرگی، ڕۆمان، لیۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠١١
١٨- ئاغا و نۆکەر، ڕۆمان، لیۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠١١
١٩- هاوسەرگیری بەختەوەرانە، ڕۆمان، لیۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان، هەولێر، خانەی کتێبی ئاوێر ٢٠١٢
٢٠- نارنجی فڕین، کۆچیرۆک، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠١٢

٢١- ئانا کارنینا، ڕۆمان، لیۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر، ٢٠١٢
٢٢- سترانی شەپۆلەکان، شێعری هاوچەرخی فارس، وەرگێڕان، یەکیەتیی نووسەران مەڵبەندی گشتی، هەولێر ٢٠١٢
٢٣- شنەی پشکووتن، دیوانی شێعر، ناوەندی بڵاوکردنەوەی کۆڵەپشتی، تاران ٢٠١٣
٢٤- کازاخەکان، ڕۆمان، لیۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر٢٠١٤
٢٥- شەیتان، ڕۆمان، لیۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠١٤
٢٦- سۆناتای کرۆیتیزێر، ڕۆمان، لیۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠١٤
٢٧- پەسڵان، ڕۆمان، لیۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠١٤
٢٨- حاجی مراد، ڕۆمان، لیۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠١٤
٢٩- پۆلیکۆشکا، ڕۆمان، لیۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان.
٣٠- زایەڵەی شاخ و قیژەی گوڵەباخ. کومەڵە شێعر، بوکان ١٣٩٥
٣١- مزرۆکە، نەقڵ و هەقایەتەکانی محەمەد فەیزی، نووسینەوەی ئەمین گەردیگلانی، چاپی یەکەم، ١٣٩٧، پەخشانگای زانکۆ، بۆکان
٣٢- پاییز! زستان بەڕێوەیە، کۆی بەرهەمە شێعرییەکانی ئەمین گەردیگلانی، چاپی یەکەم، پەخشانگای ئامیار
سنە، ١٣٩٩






























# تەکنەلۆژیا و کەمبوونەوەی کتێب و گۆڤاری منداڵان

هەولێر. ڕۆستەم خامۆش

وەکو هەمووومان دەزانین لەم سەردەمەی ئێستای مرۆڤایەتی تێیدا دەژی، دەبینین پێشکەوتن لە گشت بوارەکان هاتووەتە ئاراوە، کە داهێنانی گەورە ئەنجامدراوە و پێشکەوتنی زانست، هەمووانی دڵخۆش کردووە.

نکۆڵی لەوەش ناکرێ کە تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی زانستی سەردەم، لایەنی باشەی بێ ئەژمار زۆرەو سوودێکی گەورەو فراوانی بە مرۆڤایەتی بەخشیوە، لێرەدا ئێمە ناتوانین بڵێین نابێ کەس بەکاریان بێنێ، چونکە ئەو پێشکەوتنە بەرهەمی بیرکردنەوە و ژیریی و هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤە و سوودەکەشی بە پلەی یەکەم هەر بۆ مرۆڤە، بەڵام ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم و کە لای هەمووان گرنگە بیزانین و خەمی بۆ بخۆین، ئەویش داهێنانی ئامێرە زیرەکەکان و بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن لەلایەن هەموو تەمەنە جیاوازەکانەوە، وە توانیویانە چەند ملیار مرۆڤ هۆگری خۆیان بکەن و کاتی بەنرخیان لێبستێنن، وە کاریگەرییەکی زۆریشیان کردووەتە سەر خوێنەران و دۆستانی کتێب، کە ئەوانیشیان بۆ لای خۆیان ڕاکێش کردووە و تا ڕادەیەک لە کتێبی کاغەز دووریان خستوونەتەوە و بەخۆیانیانەوە سەرقاڵ کردوون. بەداخەوە ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین خەڵکانێک زیاد لە پێویست خوویان گرتووە بە بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، کە ئەوەش بۆ داهاتوویان دەرئەنجامی باشی نابێ.

وەکو گوتمان مادام ئەو پێشکەوتنە بۆ سوودگەیاند بە مرۆڤ داهێنراوە، کەواتە پێویستیشە مرۆڤ پێی ئاشنا بێ و بۆ کەڵک وەرگرتن بەکاریان بێنێ، بەڵام تا ئەو کاتە بەکاریان بێنێ کە سوودی لێ وەردەگرێ، نەک زیاد لە پێویست کاتی بۆ تەرخان بکات، کە پاشان چەندین زیانی دەبێ، لەوانە: کاتێکی زۆر لە تەمەن بە فیڕۆ دەڕوات و کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە، بە وتەی شارەزایان: زیانی بۆ تەندروستییش هەیە، کە چاو و مێشک ماندوو دەکەن و نائارامیی دەروونیی و حاڵەتی خەمۆکیش دروست دەبێ.

خاڵی سەرەکی نووسینەکەی ئێمە ئەوەیە، کە زۆربەی منداڵان ئاشنای ئامێرە زیرەکەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن و لە ئێستادا بە ئاسانی بەکاریان دەهێنن و بێ چاودێری دایکان و باوکانیان، یان وەک پێویست ڕێنمایی ناکرێن، کە چۆن بەکاریان بهێنن و تەماشای چی بکەن و چی بخوێننەوە، گەڕان بەدوای بابەتێکی سوودبەخش و پەروەردەیی و فێرکاریی لە نێو تۆڕی فراوانی ئینتەرنێتدا، ڕەنگە بتوانن زۆر بابەتی باش و بە کەڵک بدۆزنەوە، بەڵام لە ئەنجامی گەڕان بە دوای شتێکی بەسوود، چەندین بابەت و وێنە و ڤیدیۆی نەشیاو و خراپ دەکەونە بەر چاوانیان، کە دواجار زیانمەند دەبن لێی، وە ڕێگەی ڕووناک و ڕاستەقینەیی ژیانیان و ئاکارە بەرز و باشەکانیان لێ ون دەبێ و تووشی سەرگەردانی و بە فیڕۆدانی کات و تەمەنیان دەبن، وە گرنگی خوێندنی قوتابخانەیان لا کەمتر دەبێتەوە و ئاستی زانستییان دادەبەزێ و کەمتر ئومێدی ئایندەیان لەسەر هەڵدەچنرێ و دواتر دەبنە سەر ئێشە بۆ خانەوادە و کۆمەڵگە، وەلێ مەخابن دایکان و باوکانیش بۆ ڕازی کردنی دڵی منداڵەکانیان ئامێرەکانیان بۆ دەستەبەر کردوون و بە ئاسانی خراونەتە بەردەستیان.

وە گرنگیدان بە کتێب و گۆڤاری تایبەت بە منداڵان، بە شێوەی کاغەز زۆر کەمبۆتەوە، کە ئەوەش جێگەی داخە، چونکە منداڵان بێ بەش دەبن لەو هەموو ژانرە ئەدەبیانەی، وەک: (شیعر و چیرۆک و ئۆپەرێت... هتد). کە

خوێندنەوەی ئەو بابەتە ئەدەبیانە زۆر چێژ بەخش و هەم سوود بەخشن بۆ منداڵان، وە حەز و ئارەزووی خوێندنەوەیان زیاد دەکات و کە تەمەنیشیان هەڵکشا، ئەوان هەمیشە دۆستی کتێب دەبن و خوێندنەوەی کتێب دەبێتە بەشێک لە ژیانیان، بەڵام لە ئێستادا هەم لایەنی تایبەت بەو بابەتە، وە هەم دایکان و باوکانیش کەم تەرخەمن لە دابین کردنی نامیلکەو گۆڤاری تایبەت بە منداڵان، هەر چەندە بە شێوەی ئەلیکترۆنی، یان لە ڕێی ماڵپەڕەکانەوە زۆر بابەتی سودبەخش دەستدەکەون، بەڵام ناگەنە ئاستی کتێب و گۆڤاری کاغەز، چونکە بە شێوەی کاغەز، زۆر بە جوانی بابەتەکانیان بۆ منداڵان داناون، کە لە ڕووی تەندروستیشەوە باشترن.

بۆیە پێویستە دایکان و باوکان، هەوڵبدەن لە ماڵدا کتێبخانەیەک بۆ خۆیان و منداڵەکانیان دابین بکەن، خۆیان ئەو کتێبانە بخوێننەوە کە ئارەزووی لێدەکەن و چێژی لێ وەردەگرن، بەڵام باشتر وایە ئەو کتێبانە بخوێننەوە کە زیاتر باسی (منداڵناسی و پەروەردەیی و فێرکاریی و دەروونناسیی و مافی منداڵ)دەکەن.

چونکە لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو جۆرە کتێبانەدا سوودمەند دەبن و زانیارییان زیاتر دەبێ بۆ ناسینی منداڵەکانیان و شێوازی پەروەردەکردنیان.

بەڵام زۆر بەداخەوە، کە منداڵانیش وەک پێویست کتێب و گۆڤاری تایبەت بە خۆیان نەبێ، یان کەم بێ و بە ئاسانی دەستنەکەون، ئەوا منداڵانیش کاتەکانی ژیانیان بە زۆر شتی بێ بایەخ و زیانبەخش و بێسوود پڕ دەکەنەوە، کە لە داهاتوودا زیانەکان زیاتر دەردەکەون.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



# کورتەچیرۆک: یەکەمین وانە

بانە. یارە

لەم گردوونە مەزن و بێ ناونیشانەدا، لە شارێکی بچووک و سارد ، لەسەرەتاکانی وەرزی زستان و دەستپێکی سەرما و سەهۆڵەدا . چەند کاژێرێک دەبێت ڕووناهی خۆر ئەستۆی تاریکی شکاندووە . لە ناو ئەم هات و هاوارەی کابرای نانەوردە فرۆش و دەنگەدەنگی ناو کۆڵان بانگ کردنەکانی ئامین خانی دراوسێمان لە ماڵێکی گەورە و ئەشکەوتی کە پڕە لە چۆڵی کەوتوومەتە وڵاتی خەیاڵەکانم.

لە وڵاتی بێ ئاڵا و ناونیشانمدا دەگەڕێم، تاوەک لە لای شاری خەونەکانم وەنەوزم داوەوە حەساومەتەوە ،سەیری خەونە بەدی نەهاتووەکانم دەکەم ، لە خۆم دەپرسم بۆچی بەدی نەهاتن؟ ئەگەر لە پەرسڤی بڵێم ڕۆژگار ئەو کارەی پێکردم تاوانێکی گەورە دەخمە ئەستۆیی دواتر گلێیم لێدەکات، منیش نامەوێت قاپ لە قاپی ڕۆژگار بگیرێنم هەر بە ئەسپی خەیال دەچمە شاری بیرەوەریەکانم کە شارێکی بچووکە و خۆی لە پازدە لوتکە کێوەکانی تەمەنم حەشار داوە. شەقام بە شەقامی شار دەکێڵم ، لە ناو هەر شەقامێک بیرەوەریەکی تاڵ و شیرین، خەمێکی کۆن و تازە ، هەستێکی بەرز و نەوین بوونیان هەیە . لە سەر یەکێک لەو شەقامانە هەر بە یادەوەری کەوتمە یادی کۆڵانی قوتابخانە تاماڵ.

کۆڵانێکی خۆڵە پەتینە ی تەسک و چاڵ چاڵ پاڵی بە کێوە دابوو . هێندە پیر بوو کە نەیدەتوانی لە بەر هەرەس و لافاو ڕا بکات و نەبێتە ژێر دەستی پێلاوی پیاوی خراپ و نامەرد .کۆڵان هەر ئەوەندەی شکی بەهاری دەبرد داوێنی خۆی پڕ لە گوڵە سوێسنە و گەزیزە و هەڵاڵە دەکرد.لە کۆتایەکانی وەرزی دڵداران سەیری و ئەو دۆڵەی بەرامبەری ئەکرد ئەگەر دۆڵ لە تەم ومژ لێوڕێژ بووایە ، هەستی بە سەرمای زستان ئەکرد ئیتر خۆی لە خۆیدا دەخەواند و خۆی لە خۆیدا گەرم دەکردەوە.

منی قوتابی قوتابخانە و ڕێبواری کۆڵان ماوەیەک بوو سەرنجی کوڕان و کچانی قوتابخانەم ئەیا، شتی سەیر و سەمەرەم دەبینی کە ئەوان بە بێ هەستانە لەی تێپەر دەبوون . ئاوا لێیانم دەڕوانین:

بەیانیان قوتابیان بە جل و بەرگی بێ ڕەنگ و کز و شل و شەوێل پۆل پۆل کۆڵانیان دەپێوا . تاو تاوە سروەی بەیان خۆی لەم هاوڕێ و لەو قوتابی ئەدا ،جار جارە هێرشی بۆ دەست و ڕووخساریان ئەبرد ، بەڵام ئەوان بە بێ تووڕە بوون و قسە وباس خۆیان لە ژێر قوماشێکی نەرم و گەرمی زستانە دەشاردەوە. سروەی بەیانیش بە پرتەپرت و بۆڵەبۆڵ دەیوت : ئێوە لاون وەکوو من شێت مەستن بۆچی لەگەڵ مندا دەست لە ملێ ناکەن؟ بۆچی لەگەڵ مندا بە قیژەوقاو کۆڵان تەواو ناکەن ؟ هەر ئەوەندەی ئەوتوو بە لاتەلات خۆی بە کۆڵانەکانی تری زێدەکەمدا ئەکرد و هات و هاواری لە ژنانی مەشکەژێن و پیاوانی دارکەرەوە بەردەدا . ئەوان نەک بە سروەی بەیان بەڵکوو نە بە هیچ شتێک مەست ئەبوون ، نە دەگریان و پێدەکەنین ، نە عاشقیش دەبوون.

زۆر جار بارانە دەستیان دەکرد بە سەمای سالسا و ئەیرۆبیک و زومبا یاخود بە ڕەش بەڵەکی کوردی . بەڵام قوتابیانی بێ هەست سەرنجیان نەدەدا و گوێیان پێنەدەدان . کاتی واش هەبوو خۆر لەژێر بژۆڵەی ئاسمان هەڵدەهات ،زۆر جار خۆر هەڵنەدەهات و سەری خۆی لەداخی قوتابیان هەڵدەگرت ، بەڵام کەس نەیدەوت و نەیدەپرسی : کوا خۆر بۆ دیار نیە ئەمڕۆ؟ ئەوە خۆر هەڵات ئەوڕۆ؟ خوا نەکات کەس زمانی نەدەکردەوە .

زوڵفی کچان لق وپۆقی دارەکانیان بڕیبووەوە و کورت کورتیان کردبوو، ئیتر نە قژێک بەسەر شان و ملی کچاندا پەخشان پەرێشان ئەبوو،نە لق و پۆقێک سەری داری شۆڕ ئەکرد.

کاتێک کچێک سڵاوی ئەکرد سڵاوی کچی بیرەوەوریەکانی من وەک سڵاوی کچی ناو شێعرەکەی (بێکەس) نەبوو : نە داڕ بەرەو پیری ڕای کرد، مەل بەرەو ئاسمان هەڵفڕی و لەسەر شانی نەنیشتەوە ، ئاو ڕووی خۆی لێگرژ کردوو باوشی بۆ نەکردەوە ، گوڵەکەش هەر تیسکەی قژی کچەی نەدی تاوەکوو خۆی لێبدات و ئیتر سەری خۆی داخست.

دوای سەرنج دانێکی زۆر قوتابیانی بێ هەست چوومە سەر چاوەی ئەو کورە دڵشکاوانە و ئەو کۆترە باڵشکاوانە ،خۆمانمان بە پۆلێکی چەق بەستوو خیانەتکاردا کرد. هەمووان زۆر بە بێ دەنگی دانشتن و ئەست وخوستیان نەدەکرد . وادەزانن پۆل پڕ بوو لە زانست و خەون و خەیالی جوان هەیهۆی خوێنەر لە کوێتە .

پۆل لە بێ سۆز و خۆشەویستی کەسیرە بوو بوو ، لە ناو پۆل مێز و کورسی قوتابیان هەر بە پێوە گیانیان سپارد بوو ، چوار دیواری پۆل سپی و بێ ڕەنگ بوون ، نە نەفرەتی قوتابیان بۆ مامۆستا ، نە ڕێکەوتێکی جوان ، نە ناوی یەکەم خۆشەویستی تەمەنی پازدە ساڵی نە نووسرا بوو . قەڵەم خیانەتی لە وشەی خۆمانە دەکرد و تێنووسیش هەر بە هەرزانی خۆی بە ڕستەی بێگانە دەفرۆشت ، ڕۆحی قوتابیان لە پشت میلەکانی نەزانین زندانی کرابوون .

لە ناکاو مامۆستای جاری جارانمان لارە مل و کز و لاواز هاتە ژوورەوە ، سڵاوێکی بێگانانەی کردوو لە سەر ناوچاوانی تختە ڕەشکە ( بە ناوی خوا)ێکی نووسی ، کتێبی دەرهێناو دەستی کرد بە گێرانەوەی قسەی ناو کتێب ، بە زمانی غەریبە و نەناسراو لەگەڵ منی کورد زماندا ئەدوا . هەتا توانی خۆی لە ڕستەکان جووت داوخۆی لە دوو دێری بێ سوودی و بێ مانا تەوق دا.

قوتابیانیش هەر دەمیان بە ڕووی مامۆستادا کلۆر کردبوو سەریان بە نیشانەی بەڵێ ڕادەوەشاند . ئەم نەزانینەیش وەک خوێن لەم مامۆستا بۆ ئەو قوتابی دەگوێزرایەوە . منیش لە تاو دەردی خۆم نەزانینی قوتابیان هاشاوڵم بۆ قەڵەم و کاغزە نەرم و نیانەکەی ناو کتێبخانەکەم برد .

دەستم کرد بە نووسین ، ئەم وشەیەم دەخستە ئەو وشەوە ، دێرم کردە سەرچۆپی ناو دەق ، هێندە بە توورەیەوە دەمنووسی کە قەڵەم لە ناو پەنجەکانم جیرکە جیرکی لێدەهات و کاغزیش چرچ لۆچ بووبوو ، نووسیم نووسیم لە ژێر ناونیشانی ( یەکەمین وانە) هەتا دواهەمین نووقتە.

دەستم کرد بە ڕاکردن بە ڕووی تەختە ڕەشەکە ،لە ناو ڕێدا قوتابیان قاچیان دەگرتم ، نەیاندەویست بە هۆش خۆیان بێنەوە و بانگی ئازادیان گوێ لێبێت . قیژاندم، شیڕاندم، هاوارم کرد:

گوێم لێبگرن، گوێم لێبگرن ئەی سووچە خەوتووەکانی پۆل ، گوێم لێبگرن ئەی قوتابیان من ئەمجارە جیاوازم لە جارانی تر ئەمجارە باسی بەسەرهاتە بەتاڵەکانم ناکەم ، ئەمجارە باسی ناو شان و قەد و باڵای کوڕە خەیاڵیەکم ناکەم . ئەی پۆل گوێبگرن لە چیرۆکی یارە ، لە یەکەمین وانە .

دەستم کرد بە خوێندنەوە : باسی یەکەم پیت تا کۆتا پیتی زمانم ، ڕەنگ و ڕەنگی شێعر و ئەدەب ، ژیاننامەی نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانم کرد ، . ڕام کردە لای مێژوو، مێژووی ماڵە میرانی شەرفنامەم بۆ کردنە دوو تووێی چیرۆکێک و بۆیانم گێرانەوە.

کراسێکی سووری ژنانەم لەبەر کردوو بە زمانی کچێکی هەست ناسک باسی مەستوورە خان شاژنی سنە و حپسە خانی نەقیب و عایشەشان و بە دەیان شێرە ژنی وڵاتم ، باسی قژی لوول و سێوە لاسوورەی گۆنای کچی کافرۆشم کرد .

ئەک خوا بمگرێت ئەگەر حەیران و مەقام و موسیقای کوردیم لە یاد کردبە ، بێخەم بن ئەوێشم بۆ باس کردن .
akrê u zaxoya delal. Ji bajêra cazîr çîroka ، badînan ، Mina nivîskar çûma: diyarbekr ji bo xwênkara pol xvêdm. Strana ji bo daye evîna villata ،heştkrna ( mem u zina ) nivîsm xo çêkr.

لەگەڵ خوێندنەوەی دەق لاولاوێکی سەوز و گەش لە هەڵبەست کە گەڵاکانی تریفەی شێعریان لێدەتکا بە لەنجەو لار بە دیوارەکاندا هاتەخوار ، قوتابیان ڕەنگیان گرت و بەشێکیان هەڵویان ئەدا بە دیانەکانین میلەکانی زیندانی خۆیان بکەنەوە. مامۆستا کتێبی شەق شەق کردوو دراندی و زمانی خۆی لە بنەوە قرتان .

منیش پیت بە پیت و وشە بە وشەی ناو دێرەکانی دەقم خوێندەوە و بە گوێی پۆلمدا دا .

ئەمە بوو یەکەمین وانە ، یەکەمین وانە زۆر لە یەکەمین بەسر هاتی مێژوو ئەچوو ، یەکەمین وانە زۆر لە یەکەمین عەشق ، لە یەکەمین دیداری خواوەند ، لە یەکەمین پێکەنینی منداڵی ساوا و لە یەکەمین بارانی پایزی ئەچوو .

ئەمە بوو بەسرهات و بیرەوەریە بێ ڕەنگ و بێ دەنگ و بێ بۆن و بێ تام و بێ هەستەکەی سووچە خەوتووەکانی پۆلەکەم ، ئەمە بوو یادەوەریە ژەنگاویەکەی بیر و هزرم .



## بانە. ئەسرا ئەحمەدپوور

دایە مەگری ڕۆڵەکانت پێگەکەت گوڵ ڕێژ ئەکەن
مەگری گوڵلەی چاوەکانت سەنگەرم سارێژ ئەکەن

شێرە کیژان و کوڕانی گرمە هەوری نەونەمام
ئاڵوگۆڕی گۆڕبەگۆڕی گێژەڵووکەش گێژ ئەکەن

خونچەکانی باوەشی گەرمت بە نازی هێرشە
وا بە خوێنی بابەیان شمشێری دوژمن تێژ ئەکەن

کامە مەیت و کوا جلی ڕێبازەکەی دڵ کۆڵەوار
بێقەراری خەونی یەعقووبە کە بۆم داوێژ ئەکەن

بۆتە مردووشۆرەکەی کاروانی گەنجی ڕۆژهەڵات
هەوری بارانێک کە وا گیانی فیدای تیرێژ ئەکەن

چونکە کفنی ڕۆڵەکانی بێبەری شاخ و پەلت
بەس کرێوە و ماچی ئاسمانە ، خەمت ڕاوێژ ئەکەن

ڕۆڵەکەت جێگەی بەهەشتە وا سنوورم شاهیدە
دارە مێژوو قامەتەکانت لە مێژە نوێژ ئەکەن

بارگەکەی دڵ ئاسەواری شۆڕشت دانی لە کۆڵ
خانی تەنیا باڵ بە لای لایەی شەوانت چێژ ئەکەن

بێبەشی خونچانی بێگانەی خەوی دەسرازەکەت
وەک پەتی سێدارە بۆ گەل، خەرمەنی دڵ لێژ ئەکەن

من چەکی پێنووس بە شانی قینمە و سەربەرزەخۆ
وا دەمی قونجاوە چونکا زیوەرێ داڕێژ ئەکەن

گەر بە ڕێنووسی براو و سەنگەریش ڕێم لێ گرن
بێ گومان ڕێبازەکانت ئارەزووت واوێژ ئەکەن



## بانە. نیان عەبباسی

دووری تۆ
خەونێکی ناخۆش بوو...
چاوە کانم کەهەڵ هێنا
تیشکی
هێواش ونەرم وجوانی مانگە شەو
دڵمی ڕووناک کردەوە..
لە کنم نەبوویت
بەس خەیاڵت
هێستاش لە دەمارە کانمدا
هەستی پێ دەکرا...
سەرەو دەمێک ئێمەش هەبووین
ئێستا بەڵام ،
هەموو تۆیت...
لە چاوە کانم بڕوانە
جگەلە خەیاڵی مانەوەت
هیچی تێدا بە دی ناکرێ...
لە ڕووناکی و گەشی مانگــــیش
بەس تریفەی چاوە کانت
دێتەوە یادم...
بیرت نەچێ!
هێستاش دوو پیاڵە چاتێ دەکەم،
گەر لاشم نەبیت
من بە یادی تۆ
ژیانم بە سەر دەبەم....
بەس بیرت بێ زوو بێیت...
تا چایە کەت هێشتا گەرمە...

## ژاکاو



بە بۆنەی١٧ی خاکە لێوە، ساڵوەگەڕی کۆچی
شاعیری ڕووناک بیر و ڕووناک دڵ، مامۆستا ژاکاو

سەردەشت. مەتین

ژاکاوی قارەمانی کورد
گەش بینەکەی ژیانی کورد
قوربانی هەستی پاکی تۆ
زێد و وەڵات و خاکی تۆ
هاتوومە لات،هاوار بکەم
لە ئامێزی کۆمارەکەم
(مەهابادی سۆران نشین)
قوربانی خاکی تۆ ، مەتین
چەندە بە پاکی تۆ ژیای
بۆ گەل و خاکی خۆ ژیای
ئەگەر چی کە بە داخەوە
داییم سووتیای لە ناخەوە
بۆیە لە چوار چرایەکەت
هاوار دەکا ، برایەکەت
(مەهابادی سۆران نشین)
قوربانی خاکی تۆ ، مەتین
شێعرت سووتمانی چوار چرا
لە سنگی دووژمنا درا
بوویە قووتابی پێشەوا
مانگ و ستێرەی ناو شەوا
بۆیە بە فەخر و ڕێزەوە
هاوار دەکەم بە هێزەوە
(مەهابادی سۆران نشین)
قوربانی خاکی تۆ ، مەتین
قوربانی نووکی خامەکەت
کە دەینووسی کەلامەکەت
لە سەر ڕێبازی برایەتی
مەردایەتی ، کوردایەتی
بۆیە کە ئەمڕۆ هاتمە لات
تاکوو دڵم هاوار بکات
(مەهابادی سۆران نشین)
قوربانی خاکی تۆ ، مەتین
قوربانتم ، قوربانتم
بە فەخرەوە میوانتم
تاکوو لە لای گڵکۆیەکەت
لە خوارەوەی مەکۆیەکەت
بەرەو بەرزایی تاقە دار
هاوار بکەم ، چەشنی هەژار
(مەهابادی سۆران نشین)
قوربانی خاکی تۆ ، مەتین

## دارەتەرم



مەهاباد. سەلاحەددین ئاشتی

دێ مچوڕکێک لە بەری پێمەوە تا تۆقی سەرم
ئەو دەمەی گەرمەشەقامی دڵی تۆ دێتە بەرم

دەچمەوە سەردەمی جارانی ورینگەی جوانیم
تۆ بە ناز تێدەپەڕی سرک و سڵ و مەندی شەرم

دەبرووقێنەوە چاوم وەکوو خۆری دەمی کەل
دڵەکەم هەڵدەبەزێ ، جارێ بەگوڕ ، جارێ نەرم

من زمانم نەبوو زاتی کە بڵێ ڕازی دەروون
هەر نیگا بوو دەفڕی چەشنی مەلی نامەبەرم

ئاسمانی کەوەڕەنگ کەپری ئەوینێکە بەرین
نە سەری دیارە، نە بن، ڕەوگەیە بۆ ڕێی سەفەرم

لە هەواری دڵی تۆ دەنگی قورینگان لە حەوای
کە دەڵێن پایزەهەوار هاتەوە، وەک بی دەلەرم

سەرلەنوێ دێمەوە سەر باوی تەمەن، ئەی هاوار
هەر خەیاڵ ماوە، ئەویش بۆ ڕوحی من دارەتەرم

## خشتەی لێکدان (جدول ضرب)



بانە. محەممەد عەزیزی" قەلا "

### ٧x٦=٤٢    ٦x٧=٤٢

ئەو ئاوایە شەش ماڵە
دایمە ئاسمانی تاڵە
لە هەر ماڵێ حەودانە
دیوەخان و هەیوانە
دەی شەش حەوتی چەنێکن؟
وایە ، چل و دووی ڕێکن
حەودانە شەشیش وایە
چلە و دووی لە پەنایە!

### ٨x٦=٤٨    ٦x٨=٤٨

شەش مامرەکەی پوور خاتوون
بە جووجەڵەوە هاتوون
بۆ هەرکامیان هەشتدانە
لەو بەچکە خرپنانە
بۆرە پشیش جیرانە
بە زەرب خەریکیانە!
چل و هەشتیان لە خەودا
ئەڵێ لێ ئەخۆم بەخودا!

### ٩x٦=٥٤    ٦x٩=٥٤

تەراکتۆرێ لەولاوە
بە بارەوە وەستاوە
شەش تەگەرەی لە ژێرە
بە زەوی درین فێرە
ئەبڕێ هێڵێ کورت و درێژ
داهێنەری نێژ و ڕێژ
نۆدانە ئالە وانە
خاوەن چەند تەگەرانە؟

### ٧x٧=٤٩

ڕۆژێ منداڵێکی ژیر
خاوەن هۆش و زەین و بیر
ئەبینێ وا گەماڵێ
حەوحەوە ئەکاو ئەناڵێ
ئەویش ئەڵێ چل و نۆ
چیت داوە بە سەر منۆ!
حەوت دانە حەوت هەر وایە
چل و نۆیە و لێم لایە!

### ٨x٧=٥٦    ٧x٨=٥٦

لە ئەو بەری دارستان
هەشت کێو بەرز ڕاوەستان
لە هەر کامیان حەوت کانی
دێتە خوار بە ڕەوانی
دە پێم بڵێ لەو هەشتە
چەند جۆگە بەرەو دەشتە؟
هەشت حەوتی پەنجاو شەشە
نەزان زۆر چاەر ڕەشە

### ٩x٧=٦٣    ٧x٩=٦٣

ڕۆڵە وەرە پێم بێژە!
هەر حەفتەیێ چەند ڕۆژە؟
بیستوومەو هەر لە مێژە
ئەڵێن حەوتی حەوت ڕۆژە
ئەی نۆ حەوتی چەند ئەکا؟
حەفتایە و حەوتی تکا
واتە هەر شەست و سێیە
سێ تاک و دوو سی پێیە



## تخمیسی شێعری "گۆمی خوێن"
## ماموستا هێمن

**شیلان ئاوێ. شێرکۆ خزری**

دوو چاوی من دەپێکن چاو لە کۆڕا
نیگابانی مژۆڵ و بسکی شۆڕا
بە غەیری من بە دووی کەس دا نەنۆڕا
عەزیزم بۆچی تۆراوی لە خۆڕا
چ قەوماوە دڵی تۆ بۆچی گۆڕا

ئەگەرچی ڕۆیی ناوت دێ بە دەمما
لە سەبرم سەبری ئەییووبی بە کەم ما
لە ژووڕ دا نە پەروانە و نە شەم ما
ئەتۆ وا زوو لە بیرت کردم ئەمما
فەرامۆشت نەکەم شەرتە لە گۆڕا

کەتۆ ڕۆیی بە چاوی سورمە ساوە
بە چاوی تۆ خەوم نایەن بە چاوە
مەگەر کەمتر لە گوڵ لەبزم دوواوە
لەمن ڕا خۆ خەتایەک ڕووی نەداوە
ئەدی بێ مەیلی بۆ ڕووی دا لە تۆ ڕا


نە لانەم ماوە لادەی مەنزڵی من
نە خۆرێک دێتە سەر خاک و گڵی من
دەزانی خۆشەویستی من گوڵی من
ئەسیری کەزیەتە کۆتری دڵی من
دەبێ حاڵی چبێ کۆتر لە تۆڕا

نە تۆم دیارە نە وێنەی تۆ لە جۆشم
دەلەرزێن هەر دوو ئەژنۆم بێتە کۆشم
لە دەستم چوو بە جارێک حاڵی خۆشم
سەر و ماڵ و کەماڵ و بیر و هۆشم
لە نەردەی عەشقی تۆ دا پاکی دۆڕا

لەکونجی غوربتا چۆن سەر هەڵێنین
دەکەوتن بولبولی بەستەم لە خێنین
دەبینم کۆڕی یارانم لەوێ نین
لە چاوم دێ بە خوڕ فرمێسکی خوێنین
کەچی ئەم گۆمە خوێنە هەڵنەچۆڕا

ڕەفیقان بێ هەواڵن بوومە قەقنەس
نە دەم دەبزووی بەغونچەی باغی نەورەس
نە دڵ ماوە نە یار و هاودەم و کەس
من و لاشەی پەپوولەماینەوە و بەس
شەوی دووری شەمیش تواوە لە کۆڕا

## قەدەغە



**بانە.شەیدا ئەحمەدی**

هێڵ بە هێڵی
شەقامی ئەم شارە
بە پێنووس ئەپێوم
پڕی ئەکەم لە تابلۆی
نووسراوەکان
ئێرە قەدەغەیە
بگەڕێوە
مەگەر نازانی لێرە
جەلادەکان لە ناو دەبەین
چییە بوویتە بکوژ
لات وایە
هێز چۆک دادەدا
گەر هەزار وایرۆس و کۆڕۆنا بیت
لە پێناو ژینا
ناتوانی
هیچ شەڕوانێک
بێ جەنگ بکوژی

## ئەویندار

خۆشەویستیم
بەقەد چیا باڵایەتی
چاوەڕوانیم
بۆ عەشقی تۆ ئالایەتی
وڵاتێکت بۆ سازدەکەم
لە جیهانا سەربەخۆ بێ
سنوورەکان
لە تاڵ تاڵی زوڵفانی من
پێتەختی لە عەشقی تۆبێ
لە وڵاتی شانشینم
تۆم سکرتێری دلۆڤان
خۆم سەر قافڵەی کاروانەکەی
ڕێی ئەوینم

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

## سەوزە داخ



لەتیف عەلەوی

خەجاڵەت بێ هەژاری ، شەرمەساری عالەمی کردم
بەجارێ ڕوو ڕەشی دوو لا ، لەوی کردم لەمی کردم !

لە دڵما ، نابەدڵ ما ئەو حەزی قافی هومێدم بوو
بە لەونێ تووشی سەد خەون و پەژارە و ماتەمی کردم

لە سەر سکڵی خەفەت گەردوونی شوانکارە کوڵاندوومی
بە زام و زووخی بێڕادە، بە بێ ڕادە دەمی کردم !

هەتا تۆم بووی کەژی عەشقم هەمووی سەرچاوە بوون ئازیز
وەتای نی دەردی هیجرت گێرواری ڕێی خەمی کردم

لە گوێی کانیاوی هەستم، نم نمە ئەسرێ دەبارێنم
کە ماڵاوا بێ، ماڵاوایی تووشی گوێی چەمی کردم

وەکوو داری سیامەندە لە ئەحواڵم کە بڕوانی
دەزانی چەند بە سوێن دەردی ئەوینداری قەمی کردم

زەمانە زامنی کێ بوو چ دەردێکی لە دڵ لابرد؟
کە ئەو نەشیاوە بۆ نانێ لەگشت لایێ زەمی کردم

خەڵاتی بۆ دڵی زارم میدالی داخ و حەسرەت بوو
گوتی: کێوی بە بڕوای، وای لە بڕوای زێی تەمی کردم !

دەڵێن گوێی پێی مەدە ئەو دۆڕاوە با چەنەی شل بێ
مەپرسە نیسکەشۆری عالەمێک و سەردەمی کردم !

وەها دەرسێکی داداوم زەمانەی نالەبار یاران
لە خۆم و خاک و چی خەڵکی دەروونپاکە ڕەمی کردم

بە دەردی خۆمەوە سا لێم گەڕێن بتلێمەوە تا هەم
ڕەوەی خەم فێرە سەربوون و بەسەرچوون و شەمی کردم



سەقز. مریەم یەتیمی

درەنگ کەوتن
ئەو وشانەی نەمناسیون
و نایان ناسم
من هەر زۆر زوو
بە یادێکی پیرۆزەوە
وەک گەڵای پاییزی
وشک هەڵاتم...

**

پەیک
پەیکێ شێعری تاڵ
بنۆشە...
تاڵ ...تاڵ
بە مەزەی خەمەوە
دنیا هەر ئەوەی دەوێ
چاک دەزانم
دانگێ لەو خەمەیش
منە...

**

شەوێ لەگەڵ یادت
پەپوولەی شێعرێ
بە دەم وەنەوزی دێرێکەوە
لە گەڵای دیوانەکەم
ڕژابوو...
لەو کاتەوە بەرامەی
شێعری گرتووە
ژوورەکەشم...

**

## دایکی نیشتمانم

بە دایکی نیشتمانم بێژن
ئەگەر دەیان ساڵی تریش
کۆڵ بە کۆڵی خەمی بم
هەر مامۆستاکەی
ئەویندای ئەوم
هەرپەرستارەکەی زامی ئەوم
ماندوو نیم
سەر لە پێناوی
ڕاوەستاوم، ناکەوم



## پەندی باپیر

وەرگێڕانی: کەریم ڕەحمانی. بانە

ڕۆژێکی پاتشا پرسیارێ لە گەرووی گیرا. وەزیری ڕاسپارد کە هەرکەس پیسترین شتم بۆ وەدۆزێ ئەوە تاج و تەختی پێشکەش دەکەم.
وەزیر بە هەوای تاج و تەخت، کاڵەی ئاسنی لە پێ کرد و گۆچانی پۆڵای دەست دایە. زۆر ڕۆیی و زۆر گەڕا و پرس و ڕای کرد،بەوە گەیشت کە پیسترین شت پیسی مرۆڤە. دوای ساڵێک پرس و جۆ بۆ شاری خۆی گەڕایەوە. لە کن شار شوانێکی چاو پێکەوت و لە دڵی خۆیدا وتی با پرسیارێ لەو شوانەش بکەم بەشکم وەڵامێکی دڵخوازترم وێداتەوە.
پرسیاری لە شوانەکە کرد. شوانەکە کوتی بە مەرجێ وەڵامت دەدەمەوە کە لەبەرا لە پیسی خۆت بخۆی. وەزیر تووڕە بوو هات کە شوان بکوژێ. شوانە کوتێ دەتوانی بمکوژی بەڵام دڵنیا بە ئەو وەڵامەی تۆ ڕاست نییە. ناچار وەزیر لە پیسی خۆی چێشت.
کاکی شوان کوتی:"پیسترین شت تەماحە. تۆ بە تەماحی تاج و تەخت حازر بووی پیسترین شت بخۆی!"

## قسەیەکی گەورە لە پیاوێکی گەورە

حوسێن بەگێ هەبوو لە جوانڕۆ سەرۆک عەشیرەت و مەزنی تایەفە بوو. چوار ژنی بوو. خوا کوڕێکی پێ دا. بۆ گوێزەبانی خەڵکێکی زۆریان بانگهێشتن کردبوو. کوتیان حوسێن بەگ نێوی دەنێی چی؟
حوسێن بەگ کوتی: بالە(بارام)
میوانەکان کوتیان شوورەییە حوسێن بەگ! بالەی چی، تۆ سەرۆک عەشیرەتێکی، بالە عەیبە.
حوسێن بەگ کوتی: کوڕ ئەگەر کوڕ بێ بالەش بێ دەبێتە (بارام بەگ) ئەگەریش کوڕ و پیاو دەرنەچێ بارام پاشا و بارام بەگیش بێ دەبێتە بالە.

❋❋

تۆماس ئاکوئیناس، فرەزان و فەیلەسووفی بەوناوەدەنگی سەدەکانی نێوەڕاست، فەلسەفەی فێری کەشیشان دەکرد.ڕۆژێک لە هەرەتی وانەوتنەوەیدا کەشیشێ کوتێ : شا شا مامۆستا!! گایەک بە ئاسمانەوەیە ،هەڵدەفڕێ !!
ئاکوئیناس کە زۆر قەڵەو بوو خوێ خست بەم دیودیودا و هاتە بەر باڵکۆنەکەو چاوی لە عاسمانێ بڕی.کەشیشەکان دایانە قاقای پێکەنین و بە مامۆستا فەیلەسووفەکەیان کوت :تۆ کە فەیلەسووفێکی چلۆن بڕوا بە شتێکی نەشیاو و نەڕەخساو دەکەی؟
ئاکوئیناس کوتی : لە زەین و مێشکی مندا فڕینی گا نەشیاو بوو بەڵام درۆکردنی کەشیشیش نەشیاوتر بوو.

## بەهار



بۆکان. کوبرا کاکەڵلایی

وەرزی بەهار بەڕێوە
ئەما بەزمی کرێوە
دەشت و دیمەن ڕازاوە
گوڵ بە شەونم ژیاوە
خونچە دەمی کراوە
چرۆ سەری هەڵداوە
سروشت هەمووی گەشاوە
دڵ بۆچی پەشۆکاوە؟
بەهار جێژنی سروشتە
کاتی سەریران و گەشتە
خۆزگە بۆ ئێمەی غەمگین
دەبوو بەهاری ڕەنگین
دڵمان پڕ لە شادی بێ
شەماڵ بە ئازادی بێ
بەهارێک بێ خەمڕەوێن
گوڵی دڵمان بپشکوێن
بەهارێک تایبەتی دڵ
لێوڕێژ لە ئاونگی گوڵ
دەرد و خەم بتارێنێ
ژیان بە دیاری بێنێ
بێژی بەهاری وا بێ؟
دڵمان لە خەم جودا بێ
بەهاری وا مەحاڵە
تەنیا خەون و خەیاڵە
بۆ ئێمەی دیلی بێبەش
نێوچاو تاڵ و بەخت ڕەش
بشبێ لێمان نەبانە
لامان گەڵاڕێزانە
نایە خەم بڕەوێنێ
دەرد و کوڵمان بۆ دێنێ
بەهاری مە خەزانە
بەشمان سەرلێشێوانە
بەڵام هیوا دەمێنێ
بارەش نامان بەزێنێ
بەهاری مەش دێتەوە
دڵمان دەگەشێتەوە.

## هەرچی خەمە بەشی منە



بۆکان. محەممەد بێهڕەوان

دەستی من و بسکی ڕەشی، لە گەرنی زەرد هاڵاون
هەر دوو بە جووت ئاشقی ڕووتن، مەستی هڵم و هاڵاون

شێوی سینەو قوبەی سێوی، سۆمای چاوی کریوم
وەک منداڵی دایک مردوو، دایمە چاوم پڕ ئاون

شەو نییە خەیاڵ هەڵم نەگرێ، بەرەو ئامێزی بازی
کە ڕۆژ بۆوە ڕشتەی خەونم، هەموو پرش و بڵاون

دڵم وێنەی ڕەسم کێشێ، دایمە ڕەسمی دەکێشێ
سڕبوو بە ڕەنگە ساردەکەی، کێشی قەڵەم نەماون

گەر دەپشکوێ غونچەی دەمی، بە زەردەی لێوی ئاڵی
بە هەناسەی گەرمی دەمی، گوڵ ئامادەی گوڵاون

دەم و کوڵمە و چاو و برۆ، بوونە میوان لە خەودا
لە بەختی من خەو باری کرد، کە ڕاپەڕیم نەماون

چ بەد بەخت و چارە ڕەشم، خەونیش بە خۆشی نایە
هەرچی خەمە بەشی منە، شادیش هەموو تۆراون



## یەک گرتوویی

**بانە. ئاودێر**

کات گەییوە
بە نەمامی خۆنێژی مێژوومانەوە
چرکەیەکی دیکەی ناوێ
خەست مەییوە
تماشاکەن
شاخ چەکی شانی داناوە
دڵی سپی بۆ هێلانە چۆن تەنیوە
سەنگەرەکان
خۆ لە گوللە ئەتەکێنن
هەڵئەفڕێنن هەڵۆکانیان
بۆ ناو پۆلی قوتابخانە
باخچەی ساوا
لە شار و گوند درووست دەکەن
لە جێی مۆڵگە و بەندیخانە
ئەو قەڵەمەی
شەڕ بنووسێ ئەی سووتێنین
ئەو چەکانەی
گەر بپژمن زمانیان لەبن دەردێنین
ئەو واژۆیەی
خوێن بڕێژێ ئەی چۆقێنین
ئەو یاسایەی
گەر وشەکان دابەش بکا ئەی تۆقێنین
کات گەییوە
بە نەمامی خۆنێژی مێژوومانەوە
خولەکێکی دیکەی ناوێ
خەست مەییوە
لانەیەکی
بۆ ئاگر و ئاو تەنیوە

## ڕاوی دڵ

**بانە. ئاودێر**

زامی دەردی گرانم وا لە چینا
پەلکەدەکا هەناسەکەم لە قینا

بە بای داوە داوی بادەم لە بادا
چین بە چینی چینی برۆی نگینا

بای ڕاگەیاند، بێنێ بۆی گوڵ لە باخا
سەیرە نێرگس، بۆی خووسا لە ئەوینا

گزنگی داواکرد لە خۆر، نەی گوت: نا
زوولفی ساف کرد چەشنی تاقگەی بەفرینا

تریفە بۆ، ڕوو بە ڕووی هاتە خەندە
ڕەش هەڵگەڕا ئاوێنە لە حەزینا

بە ڕۆژگاران لە گەڵ خۆرا بە جەنگە
بە شەوگاران لە گەڵ مانگا قەرینا

ئەو کەسەی وا تیری برۆی بەرکەوێ
بۆ هەمیشە گلۆپی لە برینا

ئەمن ڕۆح و گیانم بەخشی کەم هات
لە سەودایا عاشقێکی بێ دینا

بەڕۆژ گزنگ ئەچێنی چاوەکانی
بە شەوانەش مانگی لەسەر سەرینا

سینەم شکاند دڵم ناردە حزووری
ڕێگەی نەدا بۆ چرکەیەک لە سینا

وتی: ئاودێر ڕاوی بازت پێ ناکرێ
هەتا زووە دەرکەوە لەو کەمینا

وتم: ئەڕۆم بە مەرجێکی کەرمکەی
ماچی شیرین، تامکەم گەردنی مینا

هێنایە پێش، گۆنای ئاڵی بۆ ساتێک
بروسکەی دا، لە ئاسمانی بەرینا

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



## پەیڤکاتۆر، لە ژنە دۆمەکەیە

مەریوان. خاڵۆ ڕەووف

١ـ پێشتر وتوومە و ئێستایش ئەیڵێمەوە: شیعر لە کورد داماوترە، هەموو کەسێ خۆی لێ ئەدا و بە زۆریش بێ شتێک ئەنووسێ و ناوی ئەنێ شیعر. ئەڵێی ئەدەبیات تەنها شیعرە و ئیتر ئاو بێنە و ...


٢ـ با باسی چیرۆک و ... نەکەم و ڕێکەوڕاست بچمە سەر باسی تەنز و پەیڤکاتۆر. لاکردنەوە لە تەنز و تەنزنووسین، زۆر کەم ئەبینرێ و لە ناو خوێندەوارەکانیشدا، زۆر کەس هەن کە هێشتا تەنز بە گاڵتە و لاقرتیکردن ئەزانن و زۆر سادە و ئاسان بە تەنزنووس ئەڵێن: ئادەی هەتیو جۆکێکمان بۆ بگێڕەوە با کەمەکێ پێکەنین بمانباتەوە!

٣ـ پەیڤکاتۆر ـ سەرەڕای ئەوەی لە دەقە ئەدەبییەکاندا ئەبینرێ و پێشتریش بینراوە، لە سەر دەستی پەرویز شاپووردا خۆی گرت و سەربەخۆیی وەرگرت. پەیڤکاتۆرەکانی شاپوور بووە هۆی ئەوەی کەسانێکیتریش ڕوو لە پەیڤکاتۆر بکەن و بنووسن و ڕاڤەی بکەن و تادێ پەرەی پێ بدەن و بیرازێننەوە و ...

پەیڤکاتۆر ـ کە لە زمانی فارسیدا بە پێی پێشنیاری ئەحمەد شاملوو، ناوی "کاریکەلیماتۆر"ی لە سەر دانرا ـ لە کوردیدا- سەرەڕای ئەوەی نموونەی پەیڤکاتۆرمان هەیە- بەڵام هێشتا بە شێوەیەکی جیددی لای لێ نەکراوەتەوە و یەک کتێب یا هەر هیچ نەبێ وتارێکی باشمان سەبارەت بە پەیڤکاتۆر نییە.

بەرلەوەی چەند پەیڤکاتۆرێک ـ کە خۆم نووسیومن ـ لێرەدا دابنێم، ئەڵێم هیوادارم "لە داوێنی ئاربەباوە" و بڵاوکراوەکانیتریش، ئاوڕێکی جیددی لە پەیڤکاتۆر بدەنەوە:

- سۆمپاکەم جەرگی سووتاوە.
- بە هۆی هێزی ڕاکێشانی زەوییەوە، سێوێکم دۆززییەوە!
- باڵندەکانی دەم با لە قەڵەمەکەی عەتای نەهاییەوە هەڵفڕین!
- هەرچەندە کە عومری خزر و جامی جەمت بوو، خەزوورت بە هیچی نەئەزانیت!
- نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ، هاوسەرێکیتر پەیدا ئەکەم.
- کە ئامێری مۆسیقاکەی شکا، بوو بە شیعرژەن!
- چپەی من و قەڵەمەکەم لە ڕۆژنامەدا دەنگ ئەداتەوە.
- چەترێک چاوەڕێمە بیکرم بۆ شیعرەکەم.
- ماچێکی سپی، تووشی قۆزەڕەشەی کردم!
- شارەدارێک هێندە چالاک بوو، چەکەرەی کرد!
- ئەگەر سیاسیەکان حەزیان لە خاوێنی نییە، بۆچی ئەم هەموو مێشکە ئەشۆنەوە؟
- ئەترسم زرێبار مەلە نەزانێ و لە گۆمی ئەشغاڵدا بخنکێ.
- خەسوویەک وتی: بووکەکەم یا لە ماڵی دایکیەتی، یا لە فەیسبووک.
- قەل بە قەل ئەڵێ: ئەڵێی نوێنەری پارلەمانی!
- دار، پووازی لە خۆی نەبێ، کورد نییە.
- هێند دڵی تەنگە دەڵێ بەم شەوە ئەم شارە بخۆم!
- خوێنی ڕژاوی کۆڵبەرێک نەیهێشت بەفر ڕەق بێتەوە.
- برایەتی بە زۆری پەکەکەیش ناگیرێ.
- ئەردۆگان وتی برا لە پشت برا بێ، برایەتیی گەلان فشەس.
- هەر ڕێیە و بۆ پارە ئەچێ.
- هێندە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا، شێخ ڕەزایش نازانێ کامیان نەخوێندەوارترە.
- سێبەرەکەم تەڕ نابێ، ئەڵێی نوێنەری پەرلەمانە
- کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد، ئەگاتە ئاخێکیترا!
- درۆ ماڵەباوانی بەرپرسانە.
- ماسیچنەیەکی ژینگەپارێز ئەناسم، لەباتی ماسی، خەفەت ئەخوا.
- لە بەر باراندا شیعرێکی وشکم خوێندەوە
- تا قژی شەو سپی نەبێ، خەوم لێ ناکەوێ.



## "لالان"لەسەر کوێرەڕێیەکی مێخاژن

**بانه. غەفوور ساڵحی**

بۆخۆت بۆت گێڕامەوە. گوتت ڕێگەیەکی زۆرم بڕیبوو، هەر بەتەنیا نا، لەگەڵ "ناسر". هەرکتان هیلاک و برسی. برسیایەتی تەوژمی تینوەتیشی بردبوونە سەر و لێوەکانتان وشک و شەقارشەقارِ. نەتاندەوێرا ئاو وەخۆن. ناسر بۆتی گێڕابۆوە :«باوکم پێی گوتووم، ڕۆڵە ئەو کارەی تۆ بۆی دەچی، کاری ئینسان نییە، تکات لێدەکەم مەچۆ! من لەو تەنگەی بەدەستتەوەیە ترساوم ڕۆڵە! زەختی ئەو تەنگە دەزانم چت بەسەر دێنێ!کاتی خۆی، ئەو تەنگە لە چەپ و ڕاستەوە پەراسووەکانی منی تێکقوپاند و هەناسەی بڕیم. ئاخر تەنگەو قەیاسەو بۆ بنیادەم؟! ئەوەش دەزانم کە لەو ڕێگە چەتوونەدا، بێ تەنگەو قەیاسە، بارت بە پشتەوە بەند نابێ! کەواتە مەچۆ ڕۆڵە مەچۆ!

- ئەی بابە کە وایە تۆ بۆ دەچوویت؟
- من ناچاربووم ڕۆڵە، ناچار! ئەزانی ناچاری یانی چی؟!
- دەی بۆ من ناچار نیم بابە؟!
- حەیفێ تۆش وەک خۆم کەللە ڕەق دەرچوویت. من دەڵێم بەقسەم بکەو مەچۆ. بەم شێوە قسەکردنەت وادیارە بەقسەم ناکەیت. من دەڵێم مەچۆ، بەڵام کە هەر دەچی، تکایە ئاگات لە خۆ بێ.
- وەک تۆ؟ بۆ بابە تۆ توانیت ئاگات لە خۆت بێ؟!
- ئاهااا ! کار بە تووڕەیی چاک نابێ کوڕم. تۆ تووڕەی بەڵام ئەو گایەی کە دەتهەوێ سواری بیت، لە تۆ تووڕەترە. من بێ ئەزموون بووم، بەڵام ئێستا دەزانم ئەو کوێرەڕێیەمێخاژنە هەر کوژرانی لەبەر نییە. کۆژران تەنها یەک لەو خەتەرانەیە کە دەتبات بەرەو نەمان.
- بابە گیان،ئەورۆ قسەی سەیرت لێ دەبیستم، دەی کۆژران هەر کوژرانە ئیدی!
- ناڵێم لێم حاڵی نیت ڕۆڵە!خۆ ناسر گیان، من دەزانم لەگەڵ کێ دەچیت. تۆ بێ "کامەران" ناکەویتە سەر ئەو ڕێگایە.ڕۆڵە گیان، ئێوە هێشتاش هەر بە منداڵ حیساب دەکرێن. بێ ئەزموون و کرچ و کاڵ. ئێوە نابێ بچنە پێشوازی مردن. هۆکارەکانی مردن زۆرن و ئێوە دەبێ خۆی لێ لادەن و خۆتانی لێ بپارێزن.دەزانم کە ئەوکوێرەڕێیانە بە گشت هۆکار و ئامرازەکانی مەرگ، مێخاژن کراون. بەڵام ئێمەومانان،هەر باسی کوژران کرا، بیری گولله دەکەینەوە. کوژران، گولله. کوژران، گولله. ڕۆڵە، بەر گولله کەوتن، تەنها یەک هۆکارە بۆ مردن. لەو ڕێگایەدا، هەیە ڕەق دەبێتەوە، هەیە بەر لافاوی کوتووڕ دەکەوێ، هەیە دەخنکێ، هەیە لە شاخ بەردەبێتەوەو... هەشە شانسی دێتێ و خوا دەیپارێزێت و هیچی ئەوانەی نایەتە سەر ڕێ.وەلێکانێ بۆخۆی، بە بێ ئەزموونیی، بەدەستی خۆی،خۆی دەخاتە مەترسی نەخۆشین و تانانەت مردن و نەمانەوە.
- وەکوو؟
- وەکوو حاڵەتی تینوایەتی کە بە درێژایی ئەو ڕێگایەی بۆی دەچن، هەر لەگەڵتان دەبێت. ڕۆڵە ئەوێ وەک ماڵەوە نییە. لەوێ نابێ هەر تینووت بوو، بتڵە ئاوەکە بە سەرەوە نێیت. بە تایبەت لە کاتی هیلاکیدا. ئاو کردنە ناو قورگ و زار و دەروونی وشک و داخەوە، وەک ئەوە وایە ئاو بەسەر پشکۆی سووردا بڕێژیت. لەو کاتانەدا دەبێ وچانێک بدەیت و کە پشوێکت هاتێ، ئەوسا تینوێتیت بشکێنی...»

**-٢-**

لە ژێر سێبەری داربەڕوێکی پیر و بەساڵاچوو، کۆڵتان خست و چاتان ساز کرد، تۆ و ناسر. گوتت من و ئەو، لەوانیدی دابڕابووین. هەموو شتەکانت بۆخۆت بۆ گێڕامەوە:

دانیشتی وهەر بنت نایە سەر عەرز، ویستت ئاو وەخۆی، ناسر نەیهێشت. ناسر بتڵە ئاوەکەی لەدەست سەندی و گوتی: «مەکە کاکە مەکە! ئاوا نابێ! باوکم گوتی لە هیلاکیدا نابێ ئاو وەخورێت. دەی خۆ تۆش، بە تۆزێک سەبرکردن نامری. وچانێک بەو، هەندێک وەحەسێ،ئەوجار.» تۆش بە قسەت کرد. وچانتان دا. چاو نان خوراو دوای پشوودانێک هەستانەوە سەرپێ. کۆڵەکانتان نایەوە سەر پشت. تەنگەتان توند کرد و ویستتان ڕێکەون.

نازانم داخۆ ڕێکەوتبوون یان نا. ڕووداوەکەت بۆ من گێڕایەوە وبۆخۆت ون و وار بوویت. نازانم بۆ کوێ چوویت. لەپڕ ون و بێقولاغ بویت. ئەم ڕۆشتنەت، ئاخری خێر بێت. ئەگینا ئەگەر نەڕۆشتیتایە و ئێستا لێرە بویتایە،جارێکیدی ڕووداوەکانم،سەرلەنوێ پێدەگێڕایتەوە. بۆیە دەڵێم حەیف نازانم داخۆ ڕێکەوتبوون یان نا.هەڵبەت پێموانییە ئەو خاڵە هێند گرنگ بێت، کە من لە نووسین بوەستێنێت. دەزانم کە ناتوانم لەوە زیاتریش بێدەنگ بم و ماتڵی هاتنەوەی تۆ بم.دەبێ بنووسم، ئەویش بێ تۆ. هاتیتەوە خەتام مەگرە. ئیدی ئەوە خەتای خۆتە، کە هەر ویستم بەسەرهاتی تۆ و ناسر و لالان بنووسم، بێ خەبەر ڕۆشتیت و بێسەروشوێن بوویت. خۆت لە من شاردەوە و قورسیاییکۆڵی چیرۆکەکانت بۆ من جێهێشت.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

ئێستا ئیتر ناتوانم لەوە زیاترچاوەڕوانیدا بمێنم. بەتایبەت لەو کاتەوە لالانم لەو هەلومەرجەدا دیتووە. ئاخر، ڕەنگە ئەم چیرۆکە قەت نەنووسرایە، ئەگەر لالانم بەو حاڵە نەدیبایە.

لە بەر گڵەیی و گازندە لە دیار ئامانی تۆ، خەریک بوو لە باسەکە دوور وەکەوم. گەیشتمە کوێ؟ ئاها! گەیشتمە ئەو جێگایەی کە: ویستتان ڕێکەون. بەڵام نەیانهێشت. نەیانهێشت؟ نا، نا! خۆ لەوێ کەسی لێنەبوو ڕێگرتان بێ. کەس لەو محاڵەدا دیار نەبوو. بەڵام خۆ دووربینی قەناسەی ناکەس، دوور و نزیکی ناناسێ. ئێوەش بێخەبەر بوون کە لە دوورەوە، زۆۆۆر لە دووروە، چاو لەسەرتانەو و قامک لە سەر ماشە. هەنگاوێکتان نەبوو بە دوو، کوتووپڕدەنگێک ڕایچڵەکاندی. هەر تۆ گوێت لێبوو. ناسر فریا نەکەوت گوێی لەو دەنگە بێ. ئاخر پێکان و نەمانی ناسر هاوکات بوون. تۆ هاوکات گوێت لە دەنگی تەقەیەک و قرخەیەک بوو. قرخەی ناسر. ئا ئا، ناسر بەرکەوتبوو. قرخەیەکی چرکەساتی، تەنها مەودای نێوان پێکان و نەمانی ناسر بوو.

ئاوڕت دایەوە، مات و وڕ و کاس و حەپەساو. نەتدەزانی چبکەیت. ویستت بقیژێنی و هاوار بکەیت، بەڵام دەنگت بۆ دەرنەهات. هەناسەکانی تۆش لە گەڵ دواهەناسەی ناسر کە دەمەوڕوو کەوتبوو، قەتیس مابوون. خوێن لە پشتەسەری ناسرەوە فیچقەی دەکرد. تەنگەی خۆت پچڕی، کۆڵت فڕێداو لەسەر سنگ خۆت گەیاندێ. دانەوییە سەر جەستەی ناسر. کۆڵە قورسەکەی ناسر، بەسەر پشت و شانوملیدا کەوتبوو و بەشی سەرووی جەستەی ژێرخۆی نابوو. شریتی کۆڵی ئەویشت پچڕی. وەرتگێڕاو، خستتە سەر پشت. خاڵێکی سووربرژاوی سەرتەوێڵی پێیگوتی، کە ڕێک خاڵی ناوەندی ناوچاوانیان پێکاوە. دەتگوت لە دوورەوە ڕێک نێوچاوانی ئەویان کردۆتە نیشانە. دەسبەجێ زانیت کە نەماوە. سەرت نایە سەر سنگی، بەڵکۆ ئێی، بزوەیەک، هەناسەیەک.بەڵام هەیهات، لەو ناوە تەنها هەناسەی تۆی لێبوو، ئەویش هەناسەیەکی سوار. بە کوڵی گریانەوە، ناوچاوانی خوێناوی ناسرت ماچ کرد. فرمێسکەکانت تێکەڵ بە خوێن و لیتەی سەر تەوێڵی ناسر بوون. کار لە کار ترازابوو، هیچت بۆ نەدەکرا.

ئەی بۆ تەقە تەواو بوو؟ ئەی بۆ ئەتۆش ناپێکن؟ پێتخۆش بوو تۆش بەرکەوی، بەڵامفریا نەکەوتی خەیاڵت بڕوات، کە بە دووهەم تەقەە، ڕایانچڵەکاندی. ئەمجاریش زۆر نزیکیان پێکا. فیشەکێک بەر بارەکەت کەوتبوو. بەری سەروو و بەرزایی و سەر تۆپی بارەکەیان پێکابوو. ئەوەی لەوانەوە دیاربوو. بەدەم قوڵپی گریانەوەنووزاندت: «کە من کوژرام ئەم خەبەرە کێ ڕایگوێزێت؟ نا نا! نابێ تەرمی هەردووکمان لێرە بگەنێ و ببێتە خۆراکی قەل و داڵ و دڕندەکان. دەبێ هەستمەوە. بە وشەی هەستمەوە،موچرکێک دایگرتی. هەستمەوە؟! نا نا! هەر کەهەستاینەوە،ناسریان پێکا. شاڵڵا هەتاکوو شەو، لەو شوێنەدا لێی وەرکەوتینایەو بمانکردایە پشوو. هەزار جار حەیف! ئەگەر وا بووایە ئێستا ناسر مابوو...»

دەمودەست جووڵایت. خولاوخول،کەوتیتە سەر سنگ و پشت و،تلاوتل و بە هەناسەبڕکێ خۆت گەیاندە پشت پیرە دارەکە. بە هەر هەناسەیەک قەفەزەی سینەت خەریک بوو لێک دەترازا. چەن خولەکێک لەوێپشت بە پیرەدار، بێدەنگ و جووڵە مایتەوە. قورگ و زارێکی زبر و وشک. بتڵە ئاوەکەت چاو کرد، کە تەنهاچەن هەنگاو لێت دوور بوو و، لە تەنیشت جەستەی ناسر کەوتبوو. گوتت: جاخۆ هەر هەستاینەوە،ناسر فریا هەنگاوێک نەکەوت. چاوت لە بتڵە ئاوەکە دزییەوە و وتت بێسوودە. لە حاڵێکدا کە تەوێڵ و دەمو چاوت بە دەمامکێکی لیتەیی، لە عارەقە و تۆز و خۆڵ و خوێن داپۆشرابوو،پشتت لە پیرەدار هەڵکەند و بە سنگە خشکێ و تلاوتل، لە نشێوی ئەودیو پیرەدارەکەوە، خشەخش، بەسەر پووش و دڕک و داڵدا داخزای...»

**-٣-**

باسی "لالان"ی دوای نەمانی ناسرت بۆ کردم. گوتت لەو کاتەوە ناسر نەماوە، لالان بێکەسترین مرۆڤی ئەم سەرزەمینەیە.

دوای ڕۆشتنت، سەردانی ئەو شوێنەم کردکە لەوەپێش بۆت باسکردبووم. ئەو شوێنەی کە لالان لەوێ کاری دەکرد:

"چێشتخانەی کەمپی گەشتیارانی دەوڵەتی". چ چێشتخانەیەک! کە دەروازە گەورە دوولۆنەکەی بەرووی کووچەدا دەکرایەوە، عەتر و بۆنێکی خۆش و سەیر و دڵخوازیبە کۆڵان و لاکۆڵانەکاندا، دەپڕژاند. هەر وەک پێت گوتم، ئەو کۆڵانە ڕێک لەسەر ڕێگای ماڵی لالان هەڵکەوتبوو. لەو چێشتخانەدا پێخۆر بۆ کاربەدەستی میوان و هۆردووە حوکوومییەکان ساز دەکرا.

گوتت،بە لالانم گوتووە: «تۆ ئەم شوێنەت چۆن دیوەتەوە؟

- من نەمدیوەتەوە، ئەو منی دیوەتەوە.

- ئەو تۆی دیوەتەوە؟! چۆن؟!»

لالان ئاوا بۆتی گێڕابۆوە: «ڕێگەی ماڵم، لەو کۆڵانەوە تێدەپەڕێت. ڕۆژێک دڵقێک میوە بەدەستەوە، گەیشتمە حاست چێشتخانەکە. ئاشپەزێکی پیر،جگەرە بەدەست لەبەر دەرگا دانیشتبوو. پیاوێکی گەڕاوەی وەک خۆم. سەر ماش و برنجی بە رووپۆشێکی بۆرەقنەوە. هەستا، بەرەو من هات و تۆقەی لەگەڵ کردم و گوتی: دەکرێ هەندێک لام دانیشی؟

- بۆ کارت پێمە؟

- نا، نا، بێتاقەتم و پێمخۆشە تۆزێک لام دانیشیت،ناوم "عەباس"ە.

دانیشتم. باسی ژیانی خۆی بۆ کردم. بەوەی ژیانی زۆر لە هی من دەچووسەرسام بووم. وەک من تاک و تەریک. لە منیش خراپتر. دوو کوڕی لە بەرەی شەڕدا کوژرابوون. خەڵکی خاڵێکی سەرسنوور بوو، لە ناوچەی ئەهواز. من ژن و کچێکم بۆ مابوو، ئەو ئەویشی بۆ نەمابوو. کاتی خۆی، کە بۆ خۆی لە بەرەی شەڕدا بووە، ماڵەکەی بەر بۆردومانی فرۆکەی عێراقی کەوتبوو و کەسی بۆ دەرنەچووبوو. ڕۆژێک عەباس پێی گوتم، من لە خوا ناچم؟! سەرسام بووم لە پرسیارەکەی و لێیڕامام. پێکەنی وگوتی: بۆ وا سەیرم دەکەی! دەی مەگەر ناڵێن خودا تەنهایە و تاق و تەریک؟منیش پێکەنیم. لەوە دوا زۆربەی ڕۆژ دەچوومە لای. ڕۆژێک پێمی گوت: تۆ وەک من نیت. من هەر خۆمم و کڵاوەکەم. بەڵام تۆ ئێستاش ژن و کچێکت بۆ ماوە. کچەکەت ئێستا لە زانستگەیەو خەرجیی هەیە.لالان، ئەرکی تۆ زۆرلە من قورسترە.پێی گوتم: بۆ نایەیتە لای من؟

ـ لای تۆ؟ دەی خۆ ئێستاش لای تۆم!

ـ نا نا ! مەبەستم ئەوەیە بۆ نایەیتە لای من کار بکەی؟

ـ کار؟!

ـ ئەرێ. بۆ کارعەیبە؟ خۆ من خێرت پێ ناکەم. تۆ کار دەکەیت و بەشی بژیوی ڕۆژانەشت دەست دەکەوێت. هەتا من لێرە بم، ئاگام لێتە.

پێشنیارەکەیم پێ خراپ نەبوو. لەو ڕۆژەوە لەوێ دەستم بە کار کرد.»

**ـ۴ـ**

بە ڕێکەوت، بە شۆستەی سەنگچنی بەرزایی بانەکۆندا هەڵدەگەڕام. بەیانییەکی زوو بوو. خۆرەتاو تازە لە شانی چەپی بابۆسەوە، دەرکەوتبوو. هەر گەیشتمە سەر ئەو پێچە تووندەی بە سەر نیوەی زۆری شاردا دەڕوانێ، لەدوورەوە چاوم کرد. من چەن جارێکیدیش لەوێ دیتبووم، بەڵام سەرنجی کارەکانیم نەدابوو و تەنها ئەگەر چاوی بکردمایە، دەوەستام و دوای ئەحواڵ پرسی و چاک و خۆشییەکی ئاسایی هەر کاممان سەر ڕێی خۆمان دەکەوتین.

ئەو ڕۆژەی، سەرەتا نەمناسییەوە. دوایی هەر چەن پشتی لە من بوو، بەڵام بە شێوەی ڕێگەڕۆشتن و ئاوڕدانەوەکانیدا ناسیمەوە. ئەمڕۆش وەک جاران، پیرێکی ڕەنگ و ڕوو جوان و خۆش پۆش. خۆی بوو. بەڵێ خۆی بوو، مام ئەحمەد. ئەو کەسەی کە تۆ بۆ سەرەتای ئاشنایی، پێت ناساندم. گوتت:«ناوبانگی بە ئەحە لالان دەرچووە. خەڵکی گەڕەک، مام لالانی پێدەڵێن. زۆر جاریش لای خەڵکی هەر لالانەو بەس.» دوایی هەندێک وەستای و گوتت: «بۆخۆشی ئەو ناوەی پێ ناخۆش نییە.»

ئاسمان ساماڵ ساماڵ و ڕۆشنایی و تینی خۆر، هەردەهات و تیژتر دەبوو. پێم خۆش نەبوو لالان لێرە بمبینێت؛ئەویش لەم دۆخەدا. ماشێنەکەم دایە قەراغ. خۆر، تەواو هەڵنەکشابوو. سێبەری درەختەکانی پێڕەوگە بەسەر جادە سەنگچنەدا وەک فەڕشێک، درێژ و پان و پۆڕڕاخرابوو. گوتم ئەمە هەلێکی باشە بۆ ئەوەی بزانم بۆ لالان لەم دووایانەدا نیگەران و پەرۆش دەردەکەوێت. لە بەر سێبەرێکدا وەستام. ماشێنەکەم خامۆش کرد و بە چاو شوێنی کەوتم. هەرچەن وەک جاران زۆر بە شێنەیی و لەسەرخۆ هەنگاوەکانی هەڵدێنا، بەڵام جۆری ڕۆشتنی لالان،وەک جاران نەدەچوو بە تایبەت سەرم لەوە سووڕ مابوو، کە ئاوڕدانەوەکانی کوتوپڕ و زیاتر لە جاران بوو.

کە دەڵێم پێمخۆش نەبوو بمبینێت، خراپم لێم تێمەگە هاوڕێ. خۆ لەو ماوەیدا کە لێرە بوویت،پێکەوە زۆر چووینە لای و، بۆخۆت دەزانیت دیتنی منی پێ ناخۆش نەبوو.بەڵام لەم دواییانەداو بەتایبەت لەو کاتەوە تۆ بوویتە کۆچەری و سەردانت نەکردوون، وا نەمابوو.من لەو کاتەوە لای خۆم وام مەزندە دەکرد کە چاوی پێم دەکەوێ، بە خۆدا دەشکێتەوە. کە دەچوومە لای چاویلە من دەدزییەوە. وەک جاران لە کاتی قسەکردندا تماشای نەدەکردم و گوێی بۆ نەدەگرتم. نەمدەزانی بۆ! هەر لەم ماوەدا، زۆرتر لە جاران، لەم ناوەم دیتبوو.دەهات و دەچوو و ڕاوێچکەی دەکرد. گومانم لا دروست ببوو، بەڵام سەرەتا کۆنجکۆڵێم نەدەکرد. هەتا ئەمڕۆ. ئەمڕۆ سەرتا کە دیتم، ئەو لالانە قیت و قۆز و بەهەیبەتەی ڕۆژان بوو. کەچی بەرەبەرە کە جوانتر لێی وردبوومەوە، لالانێکم دیی، جیاواز لە جاران. لالانێکی داهێزراوم دەدی. بۆیەئەمڕۆ گومانەکانم بوونە پرسیار. بە خۆمم گوت: لالان ماوەیەکە خوڵقی گۆڕاوە، ئەوە یەک. کزتر دەردەکەوێ، ئەوە دوو. بەینێکە هەست دەکەم وەک جاران متمانەم پێ ناکات، ئەوە سێ. زۆرتر لە جارانی لەم ناوە دەیبینم، ئەوە چوار. دەی چەندان بژمێرم کامەران؟! ئەمانە حەتم کە پێوەندییان پێکەوە هەیە. بەڵام چۆن؟! بڵێی چی ڕوویدابێت و من لێی بێخەبەربم؟!

چاوم بە شوێن لالانەوە بوو، هێواش بەرەوپێش دەچوو. جار جار ئەم شانەوشان،بە قوتەقوت، لە چەپ و ڕاستی خۆی دەڕوانی؛ وەک بۆ دزی بچێت و وابکات کەس نەیبینێت.لەپڕ هەنگاوەکانی هەندێک توندتر کرد. ئەمجار کەمتر ئاوڕی دەداوە. وەک ئەوەی لە پشت سەری خۆی دڵنیا بێت. سەربەرەوژوور، بەشی سەنگچنی تێپەڕاند. کە گەیشتە بەشی قیرەتاو، لەپێش ئەوەی لێژایی جادەکە توندتر ببێت، نەرمە کەوانەیەکی دا بە هەنگاوەکانی و سەربەرەوژوور، سووڕی خوارد بەرەو کووچەی گەڕەکی پارکی بانەکۆن. خەمم لێهات، گوتم لە چاوانم ون دەبێ. بەڵام وانەبوو. زبڵدانێکی گەورەی شارەداری، ڕێک لە سەر پێچە سەربەرەوژوورەکەی سەرەتای کۆڵانەکەی پارکی بانەکۆن، داندرابوو. هەر لەو شوێنەی جاران. لالان، هەر

گەیشتە زبڵدانە زبەلاحەکە، ڕاوەستەیەکی کرد و ئەمجارئاوڕێکی داوە بۆ دواوە و وەک بایەقووش سەر و ملی ٣٦٠ پلە بە دەوری خۆیدا گێڕا.

ڕۆژ هێشتا زوو بوو و هاتووچۆی ماشێنەکان دەستی پێ نەکردبوو. لە دوورەوە، واتە لە لای لالانەوە، تەنها ماشێنەکەی منی لێوە دیار بوو.لالانم دەدی کە ڕەفتاری لە ڕۆژان نەدەچوو. وەک پیاوێکی ترساو و دزەڵۆک دەچوو. دوای چەن ئاوڕدانەوە و شان و مل گێڕانی بایەقووشی، کە لە پشتە سەر و لاشانەکانی دڵنیا بوو، دەستی برد،شتێکی لە بن پشتوێنەکەی دەرهێنا. شتەکە لە کیسە خام دەچوو، کیسە برینجە دانە بڵیندەکان. لەوانەی کە بۆ ڕێکلام و پڕۆپاگەندەی درۆیین، بە ڕەنگی تۆخ و تێر دەیانڕازێننەوە و زرەبرینجە تەزویرەکانی دەرخواردووی خەڵک دەدەن. لالان کیسە بەدەستەوە، دزەڵۆکی و لە بنەوە سەری هەڵێنا وپاش سەیرێکی دەوروپشتی خۆی، زاری کیسەکەی کردەوە.

زانیم کە ئەورۆ، ڕەنگەلە ڕازی ئەو هەموو پەرۆشی و بێتاقەتییەی لالان تێبگەم. هەر واش بوو.لەسەر پەنجەی قاچەکانی هەڵکشا و دانوییە سەر زبڵدانەکە. جوان لێمەوە دیار نەبوو بەڵام دەمزانی خەریکە کیسەکە پڕ دەبێت. پێم سەیر بوو. دڵم گیراو زەینم پڕ بوو لە پرسیار: بۆ ئەبێ لالان...نەمدەزانی بڵێم چی؟ ئەوە لە لالان نەدەوەشایەوە. ئاخرلالان سەرەڕای فەقیری و کوێرەوەرییەکانی، هەموو سەنگی خۆی و بنەماڵەکەی پاراستبوو. من هەڵە ناکەم. ئەوم باش دەناسی. وەک تۆش باشت دەناسی هاوڕێ. ئەمرۆش، وەک جاران، تەڕپۆش بوو. بە کەواوپانتۆڵێکی جوانی ڕەنگ قاوەیی ڕۆشنی موردخانییەوە. ئەی بۆ؟ دەبێ چی وای لە لالان کردبێت، بەو هەموو بەرزەخۆییەوە ڕوو لە زبڵدانەکان بکات!؟

-٥-

ئەو پرسیارە خەوی شەومی پەرێشان کرد. شەو خەونم بە تۆوە دی کامەران؛ ئەرێ، بە تۆوە. بەڵام ئێستاش کە خەریکی نووسینم، لەوە دڵنیا نیم داخۆ ئەوەی دیبووم، خەون بوو یاکوو وەهم و خەیاڵ نازانم. تۆ وایدانی هەر خەون بووە.

کامەران، تۆ لەو خەونە شێواوەمدا گلەییت لێکردم. لە خەونەکەمدا بە منت دەگوت: «ئەوە بوو بەڵێنت؟!بۆ هێشتت لالان وای بەسەر بێت، لە کاتێکدا من نەماوم؟!»شاڵڵا ئەوەت نەگوتایە. خەونەکەم هەر ئەوەندە بوو. خۆ من نازانم تۆ ماویت یان نا. ئاخر، هەر کە گوتت نەماوم، بەجارێک پەشۆکام و داچڵەکیم و لە خەو ڕاپەڕیم. دوایی ویستم لێت پرسم، بە ڕاست تۆ نەماوی؟!گومانم بۆ دروست بوو. ئاخر خۆ لەو ڕۆژەوە بزر بوویت، هیچ پێوەندییەکت لەگەڵ کەس نەگرتووە. لە گەڵ منیش. تەنانەت لەگەڵ دایک و باب و کەسوکاریشتدا. کە زەنگیشت بۆ دەدەین، موبایلەکەت خامۆشە. بۆیە وا لە زەینی خۆمدا مەزندە دەکەم، وەک لالان بە ناسری گوتبوو، تۆش ڕەنگە بەر گوللە کەوتبیت، کوژرابیت، خنکابیت، ژەهراویی بووبیت، بەربووبیتەوە، ڕەق بووبیتەوە یاکوو سووتابیت یاکوو... چووزانم! خۆ هەر ڕێگەی کۆڵکێشەکان نییە کە مێخاژنە. نا نا! مەترسییەکانی ڕێگەی چەتوونی بەرەو تاراوگەش، کەمتر لە خەتەرەکانی ڕێگەی کۆڵکێشەکان نییە.لەو ڕێگەشدا هەزار و یەک هۆکار و ئامرازی مردن و بە فەنا چوون، چاوەڕێمانە.

حەیف کامەران کە ڕاپەڕیم و پەتووەکەم لەسەر خۆم لادا و لەجێ هاتمە دەر، تۆ لەوێ نەبووی. کەس لەوێ نەبوو. دایکم نەبێ کە بە دەنگی قیژە و ڕاچڵەکینم، وەخەبەر هاتبوو.کە دایکم هات، لەسەر جێگە خەوەکەم دانیشتبووم. دایکم گوتی:«ئەوە چی بوو ڕۆڵە، خەونت دی؟! دەڵێی مۆتەکە سوارت هەڵاتووە.» گوتم، نازانم دایە، بۆخۆشم نازانم چی بوو. مۆتەکەو شتیوا نەبوو. لە خەونیش نەدەچوو، کەچی ناچارم بڵێم خەون بوو. چون هیچیدیم بۆ ناگوترێ. ئاخر دایە گیان خۆ من لە بێداریشدا زۆر شت دەبینم کە سەری لێدەرناهێنم.«خەونەکەت چی بوو ڕۆڵە؟» دایکم بوو لێمی پرسی. گوتم، کامەران بوو هاتبووە خەونم. گلەیی لێدەکردم. دایە، کەمەران دەیگوت من نەماوم. دایکم ڕاچڵەکی و گوتی:«ئەیەڕۆ ڕۆڵە، خوا بەو ڕۆژەی نەکا!»

دیمەنی ناحەزی دوێنێی لالان لەسەر زبڵدانەکەو خەونی پەرێشانی شەوەکەی، ئارامیان لێبڕیبووم. خۆم بۆ نەگیرا، چوومە لای لالان. گوتم بۆ بەینێکە هیچ ناڵێیت؟ هیچی نەگوت. گوتم:من نیگەرانی تۆم. باسی خەونەکەم بۆ نەکرد،بەڵام ڕاشکاوانە پێم گوت کە دوێنێکە دیومە لەسەر زبڵدانەکە. سەری داخست و ئەمجاریش هیچی نەگوت. گوتم لالان بۆ؟! ئاخر بۆ؟! ئەمجار وڵامی دایەوە:«ئەی چبکەم؟!» گوتم: بۆ مەگەر تۆ کار ناکەیت؟! ئەی کاری لای عەباس بوو بە چی؟! گوتی: «یازدەڕۆژە بۆ وێ ناچم.» گوتم بۆ؟ گوتی:«عەباس سەکتە لێدابوو و بۆ عیلاج بردبوویان بۆ شارەکانی سەرەوە.»مات بوو و دوای هەندێک کە پشوویەکی هاتێ گوتی:«عەباس لەوێ نەبوو ئیتر منیش نەچووم. کەسیش نەهاتووە بە شوێنمدا. بۆخۆم چەن جارێک چووم و لە حاڵی عەباسم پرسی.» گوتم، دەی باشە حەتمەن دەزانی عەباس کەی دێتەوە؟سەری لەقاند، چاوەکانی تەڕ بوون.

گوتی: «ئەی چۆن نازانم...»گوتم: کەی دەگەڕێتەوە؟ گوتی: «قەت.» گوتم: چۆن؟ گوتی: «پێرێکە خەبەردار بووم کە عەباس نەماوە!»

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



# ئاوێنە

بانە. ک.د.ئازاد

پیری و فەقیری و تەنیایی بە یەکەوە هێرشیان بۆهێنابوو!
وڕ و کاس بوو! لە هەموو دارایی و ماڵی دونیا، تەنیا هەر ئەو ماڵە گەورە و دەرەندەشتەی بۆمابوو! هەموو جێیان هێشتبوو!
"ئای لەو هەموو حورمەت و شکۆیە"!
لە بەرخۆیەوە هەر ورتەی بوو: "عەزیزترین کەسەکانم! ئای ئای! چیان لێ هات؟ کوڕ و کچ جێیان هێشتم! هەموو ڕۆیشتن بۆ هەندەران!"
گەیشتە بەر دەم ئاوێنە! خۆی لە ئاوێنەکەدا دی! تا زیاتر سەیری خۆی دەکرد، زۆرتر دەهاتە سەر ئەو باوەڕە کە خەریکە جوان تر دەبێتەوە! گەنج دەنوێنێ! شتێک ڕای کێشا بۆ ناو دڵی ئاوێنەکە! چوو بۆ ناو دڵی ئاوێنەوە!
"ئای لەو دونیا خۆشە! تەواو گەنج ببۆوە! سالار و سەلاح و سالە! هەر سێ کوڕەکەی بەرانبەری خەبەر دار ڕاوێستابوون! مونیرەی کچی خەریکی چایی تێکردن بوو! باخانی خێزانی، کە هەموویان لەزاری ئەوەوە پێیان دەگوت بەخە، لەسەرەوە دانیشتبوو!
ئەویش چوو لە لای خێزانی دانیشت! بە دەست ئیشارەی کرد کە هەموو دانیشن!
- بەخە؟
- بەڵێ باوکی سالار!
- زۆر بەختەوەرم! کە چاوم لەو منداڵانە و لە تۆیە، دەڵێی هەموو دونیا هی منە!
- ڕاستە مێردەکە! منیش هەر ئەو هەستەم هەیە!
- مونیرە؟ کچم چ خەبەر؟
- باوە گیان چی؟
- قەرار نەبوو عەلی دەزگیرانت بێ و سەبارەت بە گوێستنەوەت قسە بکەین!
مونیرە لە شەرمان سەری داخست و بەخەی خێزانی هەڵی دایە:
- هات! تۆ لە ماڵ نەبووی!
- دەی چیتان پێ وت؟
- هەر ئەوەی خۆت پێت وتین! "ژن ژنی خۆتە و هەروەخت توانیت دەستی بگرە و بیگوێزەوە"! وا نییە؟
- زۆر باشە!
- سەلاح گیان! کەی دەچییەوە بۆ زانکۆ؟
- سبەینێ بابە گیان!
- ئەی تۆ سالار؟
- من هاتوومەوە بۆ دامەزراندن و جێ بە جێ کردنی پرۆژەکەم! تازە ناچمەوە! دوایە بۆ نیشان دان و پەسەند کردنی پرۆژەکەم لە لایەن ئوستادەکەمەوە سەردانێکی زانکۆ دەکەم و ئیتر تەواو دەبم!
- سالە گیان! دەگەڵ کارەکەت چۆنی؟
- زۆر باشم بابە گیان! شیرکەتەکەمان قەرارە بمنێرێ بۆ ئورووپا!
- بۆ؟
- بۆ کڕینی کەل و پەل و ئالووگۆڕی بیر و بڕوا دەگەڵ شیرکەتەکانی وەک خۆمان!
- زۆر باشە! هەر سەرکەوتوو بن ڕۆڵەکانم!

هەستی کرد سەری دەگێژەوە دێ!

ڕوخساری ناو ئاوێنەکە پیر و پیرتر دەبوو!

که بەخه مرد، منداڵیش یەک یەک به بەهانەی جۆراوجۆر ڕوویان له ئورووپا و ئەمریکا و هەندەران کرد! له پێشدا مونیره و زاواکەی دوایی ساڵه و دواتر سالار و سەلاح!

تەنیا مایەوە! تەنیای تەنیا!

”ئەو هەموو بەختەوەرییه چی لێ هات“؟

هەستی کرد ئاوێنەکە و ماڵەکە دەخولێنەوە! دەستی به لێواری قەرەوێڵەکه گرت تا نەکەوێ!

بەخه، بەرانبەری وێستا بوو! بزه لەسەر لێو! باوەشی بۆ گرتەوە! ئەویش به پێکەنینەوە خۆی دەباوەشی بەخه هاویشت!

**

دەر و دراوسێ به پۆلیسیان وت:ماوەیەک بوو مام سمایل دیار نەبوو! زۆرمان له دەرگا دا کەس نەیکردەوە! سالاری کوڕی له نەرویجەوە تەلەفوونی بۆ ماڵی کاک هەمزەی دراوسێیان کردبوو و وتبووی باوکم جوابی تەلەفوون ناداتەوە! بزانن چ دەکا و چی بەسەرهاتوە!

که پۆلیس دەرگای ماڵی مام سمایلی کردەوە به سەر تەرمی مام سمایل داکەوتن که ماوەی پازده ڕۆژ بەسەرمردنی دا تێدەپەڕی! هەرچەند تەرمەکه بۆنی کردبوو بەڵام ئەوانەی له نیزیکەوە دیبوویان دەیانگوت: مام سمایل به مردوویی‌ش بزەیەکی له سەر لێو بوو!